# ئـــامـــیـــان

نەوزاد مەرگەیی

ناوی کتێب : ئامیان.
بابەت : چوارینەی شیعر.
نووسینی : نەوزاد خالد صالح( نەوزاد مەرگەیی ).
دیزایینی بەرگ : ئەرشەد مەرگەیی.
دیزایینی ناوەوە: سیروان مەرگەیی .
چاپخانە :
تیراژ :
چاپی یەکەم:
ساڵی :

# پێش بێژتن

((( دەکرێ تۆ لەمن جیاوازبی لەژیاندا، بەلاّم ناکرێ تۆش وەك من بیر لەهەمان شت بکەیتەوە . هەر مرۆڤە و ئارەزوویەك و هەر مرۆڤە و دەردەسەریەکی هەیە. هەیە کیشەی لەگەلّ ڕەوشت هەیە و هەیە کێشەی لەگەلّ سامان هەیە. لەم ناوەدا یەکێکیش هەیە دەکارێ هەموان بکات بەو مرۆڤەی کە پێویستە هەبن، نەك وەك ئەوەی کە هەن. مرۆڤ بوونیش گوزارشت لە بوونی تەواو دەکات، لەتەك ئەوەدا ڕەوشت تێیدا ڕەنگی داوەتەوە و دەکارێ خۆی بەهەمووان بناسێنێ. ژیان ئارەزووی هەموانی لەکۆلّ ناوە، بەلاّم نازانین لە چ کاتێکدا پیمان دەبەخشێتەوە ، کەچی یەکێك پەلەیەتی و یەکێکیش بێ خەم وەستاوە، یەکێ وەدوای دەکەوێ و دەگری، یەکیش تەنیا زەردەخەنە دایدەگرێ.

ژیان ئارەزووەکانی بە ئێمە بەخشیووە، بەلاّم خۆمان لەخۆمانی زەوت دەکەین ، وەك چۆن کۆیلەکان ئازادی لەخۆیان زەوت دەکەن بۆ گەورەکەیان . نەك من بەلّکو تەواوی ئەو مرۆڤانەی کە هەست بە کەموکوڕی ژیانیان دەکەن، دژی گۆتەکەی ئەرستۆن، کە دەبێژێ : هەیە سروشت کۆیلایەتی پێ بەخشیووە و هەشە فەرمانڕەوایەتی و کاکی میری. ئاخر ئەمە چ ژیانێکە فیرعەونەکانی بەجۆرەها شیوە ئافراندووە، هەمیشە دەمەوێ مەرگی فیرعەونێك ببینم، بەلاّم هەمیشە هەموو فیرعەونەکان مەرگی منیان بینی .

گەردوون میواندارى ملیارەها بوونەوەر دەکات، من و تۆش یەکێکین لەو بوونەوەرانە و تێیدا جێگایەکمان داگیرکردووە، کەسێکیش لەولاوە دەرکەوتووە ، دەکارێ بەشی هەمووان بخوات و ژیان زەوت بکات بۆخۆی . ئەمە چ تەماعیێکە ؟ چ مرۆڤێکە ؟ جگە لە میکرۆبی ناو ملیۆنان بوونەوەر چیتر نیە . هەر ئەوێ ڕۆژێ کە وەڕێکەوتین بۆ ژیان نە کەسێ پرسی بە تۆ کرد نە کەسێ پرسیشی بەمن کرد ! کەواتە چلۆن دەبێ من بەبێ ویستی خۆم وەڕێکەوم و لەتەك ئەوەشدا بەدەستی تۆ ئازار بچێژم ))) .

*چ دنیایەکی سەیرە ! چ ئاوەردگایەکە ژیان*

*زۆر سەیرە کۆیلەکان لە کونی پەنجەرەشەوە ناوێرن سەیری خەڵکی بوێر بکەن ، چونکە ترسیان لە ئازادی هەیە . ئەگەر بچیە بەردەم پەنجەرەکانیشیان ، ئەوا چنگێ خۆڵ لەچاوی خۆیان دەکەن ، نەکا خۆری ئازادی ببینن .*

*خۆزگە سبەی کە لەخەو هەڵدەستام ، قاقای پێکەنینی هەتیوێك و شینگێڕانیکم بۆ مەرگی دیکتاتۆرێك دەبینی ، بۆنی کولێرەکانی دایکیشم لەسەربانەوە سەرا پای گەڕەکی دەتەنی، چەند خۆش بوو ئەو ڕۆژە گەر خەونیش بووایە ، تەنانەت لەناو گۆڕیشدا پێی ئاسوودەبووم کە ڕوویدابایە . ( نەوزاد مەرگەیی )*

ژیــان وەك زەریــایەکە، ساکــوڵ و بێ بنە
نەهــی تــۆ بــۆ تۆ، نەهــی منیش بــۆ منە
بزانە، بەم جۆرە کۆتـایی دێت ئە نجامـــی
لە هاتن و چوون بێ بەشین لە بار و بنە
****
ئیلاهی گەر بڕیارتدابوو پێویستە زانـابم
خۆزگەبـارم، کە نەکۆیلە و نە کوڕە شـابم
دۆستـانێکی هاڤی، گەمژە بۆ لە دەوری منن؟
دەکرا سۆفیەك، چونکە ئارەزوومە تەنیـابم
****
کابرا مەسیحە یان یەهودە، چما غەمتە
هێزێ وایلێکردووە، لەم نـاوە چ ئـارمانتە
ئەکۆمەن نەبوو، ئەکۆمەنی نەبوو هۆشم
کەوابێ ژیـانی من بە پێی یـاسای بێ ئـامانتە
****
هۆشت وەگەڕخە، چما غەمتە بۆ سەروێنە
کۆلکی گەنم هەڵناداتەوە لە پاشی دروێنە
هەڵسە لەخەو، وا خەریکە هەور بێتەوە
بێکار مەمێنەوە، بە داهێنـانت بمگریەنە

وەرە تەکما، با ساتێ دڵمان خۆشبێ
خەندە بمانگرێ، با مانگرتوو کۆربێ
لەکوێ ئازادبی، ژیانیش لەوێ خۆشە !
لەدوای مردنیش با نمونەی تۆ زۆربێ
****
لێم مەگرە، گەر ئاوها دەبێژم هەردەم
گلاۆکراوە ڕیشم، بێ ئیشم لە سەردەم
کەسی زانا بەرگی دڕاوە، نەزانیش تێر
گەوج زۆرە، بۆیە گورگ هاتۆتە بەردەم
****
ژیانم گەرەکە، وا دەبێتە بکوژمان خەفەت
بکوژ کێیە، وا خەفەت لێمان دەبێ ڕەحەت
ژیان هیچی پێمنەدا، بەڵکو ژیانی لێ سەندم
خەریکە وا دەریدەبڕم بۆ هیچان خێرەت
****
لەوەتی بوونم هەیە، سەگیش ئاوها بوونی هەیە
پۆزم لێنەدا لەژیان، بۆیە زۆرترین سەگم هەیە
ئاوی ناوچاوان تامی زۆر خۆشترە لە مەی پادشا
خۆشحاڵم، دیوەخانم نیە، کەلاوەیەکم هەیە !

سبـــەی دووبـــارەی کـــاری ئەمڕۆیە لە بوون
ژیانی وازوازی بـــــەرۆکی گرتووم لە چوون
هەزار پەرتووك، بۆمن نەبوونە کلیلەیەك
تا هۆشم هاتە هـــــــزرین لە لاشە و دەروون

****

سەرەتا کە هاتی وتیان ببینە و هەستپێبکە
دواتر تێبگە و بۆ ئاما نجەکانت دەستپێبکە
زیندەوەر لە بینینی کەم بێخەبەرە لە خۆی
کە ژیانت گەیشتە کۆتایی ، لە پڕ فووی لێبکە

****

مرۆڤ ئافرێنراوە بە جوانی و پاکی، کە دەبێژن
بەرنامەی ئاکاریان بۆ دەنێردرێ، چونکە گێژن!
بێ کەم و کوڕیە ! چوست و چالاکە ! هۆشدارە!
خەتەنە لە پای چی، ئەم ئازارە دەبێ بۆ بچێژن ؟

****

گەر زانایەکی گەورە لە ولاَتدا نەبێت بۆ بڕیار
بچوکەکان لاشەی یەکتر دەبەنە بەردەم کڕیار
بە قژی ڕەش و سپیەوە دیاریناکرێت زانایەتی
ئەو کەسە زانایە کە داد پەروەرە لە نزیك شالیار

دەردی دووری تەنیا بۆمن نەهاتووە، بۆ تۆشە
پێش بڕیاردان، بزانە کێ بۆمان بە پەرۆشە
ئارامبگرە، ئەگەرچی خەفەت ڕووی لێناوی
لەکاتی تووڕەیی، هۆش لەناو قاپێکی بۆشە

****

شەو و ڕۆژی تۆ پەیووەست نیە بە کەڵەشێر
ڕدێنی با پیرت و هی فلاَن، تۆ ناکەن بە نێر
کە ڕۆژمێریش نەمێنێت، وەرزەکان هەردێن
ڕۆژ هەڵدێنن و مانگیش دەبەن بەرەو هەڵدێر

****

ئەگەر دنیا بـــۆ ئارەزووەکانی تـــۆ سوڕابایەوە
بەهار نەدەڕۆیی و زستان بەبێ نـــاو دەمایەوە
مرۆڤێکی خـــۆکـــەمگربـــە، نـــەوەك خۆڵتەکـــەر
ئاخ و داخ بێسوودە، کـــــە برینت کـــولایـــەوە

****

هەڵەی دوو هۆمۆژ هۆکارن بۆ ژیانی زانایەك
گەڕانیش وەستایە بۆ دروستبوونی دانایەك
هاکا ژەنگی هێنا، هۆشت وەگەڕبخە زوو
تا نەبوویتە کۆلکەی پیر بۆ ئاوەردگایەك

ئافرێنەری تۆ کەسێك بوو، دواتر دوو کەس
جیاواز لەتۆ بوون، لە چۆلەوانی و بێکەس
بیّ چاوچنۆکی، بــیّ سامان و مــالّ دەژیان
گـــەر هاتن لای تۆ بوایە، نـــەدەما نەفەس
****
گەر بەردەوام بووی لە پیشەکەت و وەستای
تۆ وەك مرۆڤ دەژی، لە داهاتووشدا وەستای
کاتیّ ژیان فەوتا و تۆشی ڕامالّی دەگەلّ خۆ
هۆکارەکە دیارە، تۆ لە پیشەکەت نەوەستای
****
تەنیا چاکە نیە، خراپەش تۆ دەناسێنیّ
حەوت پشتت دێنیّ، لە لانکەدا ڕایدەژێنیّ
تۆ تالّە موویەکی لە گەردووندا، ئاگاداربە !
زۆر بەهێز نەبی بە پشوویەك دەتپسێنیّ
****
ئەوەندە خۆشەویستی دەربڕە تا خۆشیان دەوی
زۆردار ڕۆژیّ سەری بەرزە ، دوو ڕۆژیش نەوی
خۆشەویستی خۆت بۆ هەموو کەس دەرمەبڕە
چونکە بۆشایی زۆر هەیە بۆ چوونە ناو زەوی

چۆن چاوم بقوچێنم لە چینیٚ، کە چاوچنۆکن
چینێکی چاونزێر و داچەقێنراوی چەمك و چۆکن
چنوورەی چاکە، بیٚ چاندن چیٚدەبن لە چۆمدا
ناچنە چاوەڕوانی، بۆ چەکەرەیان بیٚ چە پۆکن
****
بـــۆ کـــەسی ئـــازادیخواز، ئـــەستەمە ئازادی
خۆشی گەل، بـــۆ گیانـــی دەهێنیٚ شـــادی
گـــەر لـــەنـــاخۆشیدا هـــاوسەفـــەری نـــەبیت
خـــاك نـــامێنیٚ و زەوی دەبێتە دژی هـــادی
****
مـــردن بـــۆ کـەسانێك جێگەی ئـــاخـــە
گـــەر دڵیـــان بـــۆ نیشتمان پـــڕی داخـــە
مـــن و تـــۆ بـــۆ ئـــەم فکـــرە جیاوازنین
بـــوونـــی ئـــەم هێزە لـــەقولاٚیی نـــاخـــە
****
ژیانت دەستپیٚکرد، ئاگاداربە وەك هەبوویەك
هەستە، بیٚ زیتەڵەیی نیشانەتە وەك نەبوویەك
هەڵبخولیٚ، وەرە و بچۆ، تۆ تەنیا هەبوو نیت
کاربکە، ئەوانی داهاتوو چاوەڕێن بۆ پشوویەك

دیموکراسی کاتێ هەیە، کە گەل بوونی هەبێ
هەڵوێستیان پراکتیك، هەر تەنیا خەون نەبێ
ڕەوشت و جل و بەرگ دوو شتی لێك جیاوازن
بەچی دەچێ، کە جوانپۆش هۆشی کامل نەبێ
****
گەر بەهار لە دەستچوو گوڵ کوانێ بۆنی
بمێنەوە بە هەزاری تا هەزار بلێ چۆنی
سەرمایە بۆ هەزار دڕکی تاوان و شەرمە
ئاسوودە بژی ئەوەی تاوانبارە تەنیا تۆنی
****
گەر تەمەنت وەکو ڕەوشتت درێژ بووایە
نەدەبوو گۆڕێ لەسەر زەوی هەڵکەنرابایە
تۆش وەك ئەوانی تر ڕۆژێ ناوت نامێنێ
بزانە، ژیان نەدەما گەر مرۆڤ نەمر بووایە
****
چینی چاوبرسی چاوی لەچۆکیدا داچلەمیوە
چرکەی چاوەڕوانی لە چالی چۆمدا چەقیوە
هیچ چاوەڕوانیەك چادری ناچێتە چین چین
چنینی چل چرای لەچنگی چیادا هەڵچۆڕیوە

پەڕەندەی خافڵاو سەریان لەبەرخۆ ناوە
تەنیا مرۆڤ هاتووە لەنـاو زەویدا ڕاماوە
ئــەسرینی چاو و خەندەی دەم بێتاوانن
بیری وەدیار نەکەوت، وتیان دۆ نــەماوە

****

گـــەر مردی کفن باخەڵی نیە بــۆ پارە
ژیان و مردنی خۆش هەر بۆ هەژارە
هاوشێوەی تۆ زۆر چوون دەست بەتاڵ
گشت بانی گۆڕت ڕێبازی کەری ڕێبوارە

****

بێچوو هاتە دەر لـــە هێلکەی هێلانە
دایك خۆشحاڵ و بـاوك کەوتە ململانە
مار بوو بە زۆردار و گەنم برا بۆ ئاش
مرۆڤ هیچی پێنەبـڕا لــەو تیوەگلانە

****

پـــۆزی لوت بەرزە دەما نخاتە دوای وێرگوڵ
چاوەڕوانی خەیاڵی بەهارم لە ژیانی تووڵ
خاراوم لە ژینە ئەزموون لە ژیانی تاڵمان
تلپایی نــەماوە لەماسولکەی هەست و جوڵ

تیشكی خۆر بەرزە و زەویش دەوری چە پەرە
بنۆشە بەیادی دوورە بەهار تافكر بەخەبەرە
زایەڵە بۆتە زرینگە و سەفای هیچ نەدیووان
مەستبوون بە مەی مەكۆكە، دەرمانی سەرە
****
بــاوەڕ بێناوە لـــە بیابـــانی بێكەسی
بێناوە بـــواری بـــراكـــەی لـــە بـــرسی
لـــــە بیابـــانی بــزێوی بزرە بنباڵێكـــە
بێكـــەسی بـــڕستی بـــردوە بـــۆ بستی
****
پێ سواوم لە دیدەنی گەردوون نەگە یمە هیچ
لە كۆرپەلەییەوە تا هاتەی شۆڕبوونەوەی لیچ
كارێك كە تۆ نەفرەتت لێكردبوو دوور بووین
داخم ، لە دوورە پەرێزێ بەشمان بوو بە هیچ
****
لە چەرخێك دا چاكەكردن بوو بە ساواكوژی
لە بن تەبەقان پۆشرا كیژی ڕوومەت هەڵۆژی
هۆشم هەڵماڵیوە تا ڕزگارم بێ لەم دەرد و كارە
شالیار بواری بڕی لە كرۆستن و ئێسك كرۆژی

ويـــژدانی خەڵك بـــەهی تۆوە بـــەستراوە
وەك چـــۆن موو دەوری لاشەتيان داوە
جـــا مرۆڤێك بيت، بـــاش يـــاخود خـــراپ
مردنيش بـــۆ دوو شت تـــۆی لـــەگۆڕ ناوە

****

بەچی دەچیٚ هەزار منداڵ پەروەردە بكەی
كەچی منداڵەكەی خۆت سەرگەردان بكەی
پێش ئەوان، هی خۆت بێنە و دەرسی دادە
كە سووتـای، سوودی نيە هاوار بۆ ئـاو بكەی

****

هەموو شتێك دێتەوە، جگە لە ڕەووشت و مردن
مەگری بۆ كەسیٚ، كە چاوەكانی لە پڕ ونكردن
بۆ كەسیٚ بگری، كە ڕەوشتی خۆی لەدەستداوە
كەسێكە هيچ چارەی نەماوە ، جگە لە كۆچكردن

****

گوريس لەكویٚ گرێيدرێت، لەوێشەوە پساوە
سەيری گۆڕەكـانيش بكە، كەسێك هەڵنەساوە
بیٚ منەت بچۆرە ژێر گڵ، نەك بە كفنی خێر
مەلا نوشتە دەكا و كينی لە موشريك هەستـاوە

هەرزەکاریت بە فیڕۆدا چ لەماڵ و چ لە دەرێ
وەك تەیر بۆ کێو هەڵگەڕا لە بەردی سەرێ
ئەو ژیانەی هەتە شایەنی مەیە لە کەوندا
ڕازت دەربـاز بکە کاتێ خافڵێنراوی لەبەرێ

****

مرۆڤ لێکدانەوەی زۆری بۆ          خودا هەیە
هەریەکە و مەبەست و ئاما نجێکی هەیە
نەزانی دیندار، لێرە بوون بە گای کادێن
هۆش پشتاو دەکەن و گلەییان لێی هەیە

****

داد پەروەری لـــە ئازادی زیاتر خوێنی دەوێ
هونەرێکە مرۆڤ بـــە نـــاخی دەستی دەکەوێ
هەر داد پەروەری مرۆڤ بوون دەسەلمێنێت
بــاشتریــن کــەس ئــەوەیە، وەدوای دەکەوێ

****

باسی کەسێك مەکە کە خرا پەت لێ نەبینیوە
چونکە کەسانی لەم جۆرە خەیاڵیان داتە پیوە
باسکردنت بە نەزانی هۆیەکە بۆ نەزانی خۆت
دەستی کەسێ مەگرە، کە چاوەکانت نەبینیوە

گـــەر شتێکت نەبینی شایەتیشی بـــۆ مـــەدە
نـــا پاك مەبـــە و هەوڵ بـــۆ ڕێبەرایەتیش مەدە
لـــە ساڵێکدا هـــەیـــە درێژترین و کورترین شەو
لـــەم دوو شەوە خۆت نیشانی هیچیان مەدە

****

شکست هێنانێك لەهەزار سەرکەوتنی فێڵاوی باشترە
مردنت لە پێناو وڵات لە هەناسەی هەموو ژیان پاکترە
سەرکردەیەکیش جڤاك نەیەوێ و خۆی بسە پێنێت
خۆی بسوتێنێ وەك دادە، کارەکەی زۆر مەردانە ترە

****

خـتۆت بـــۆخۆتبە گـــرنگ نیە تـــاکەی دەژی
تـــا کۆیلەبی هـــەردەم ئـــاوارەی نـــاو کەژی
کـــە نـــەمای سەرگۆڕ شوێنی سەیرانگایـــە
هیچ نابێتە داهـــاتووت، بـــە وتنی بـــژی

****

باشترین کـــەسی ژیـــان ئـــەوەیـــە بتگریەنێ
نـــا پاك ئـــەو کـــەسەیە گۆڕت بـــۆ هەڵبکەنێ
کـــە تۆ نـــەمـــای جیاوازی نیـــە دەر یـــان ناو
فـکـــر بکـــەوە دواتر کێ کـــۆرپەت بـــژیەنێ

خۆم خەونی خامۆشە دەخۆم
خەونی خەندە دەخوێنم لەخۆم
خامۆشە خەرمانی خەیاڵی خاكم
دەخۆم خاوێنە خورپە لەخۆم

****

هاتین و ڕۆیشتین، زیاتر بوو مۆرکی مۆخ
بێپرس هێنایانینە سەر زەوی تەختی پۆخ
سەیری لاسکی گوڵ بکە، کە ئاسان دەشکێت
شارمان ویران بوو لەکەتنی دا پۆشی نا شۆخ

****

شادم بەرەو شادمانی بەرەو خانمی پەری
خۆم کرد لە کوچە بۆ قوربان توکی سەری
دەستەوەستان دڵم پڕبوو لەبەرەکەتی زیخ
دنیا هیچە، چەند هیچێ بوونەتە سێبەری

****

گفتم دا هەتا ئەو ڕۆژەی دەبم سەرەو خوار
داخم لەلای مەی دەڕێژم نەك هیچ و خوار
دەست کۆڵەکە، لە ژێر چەناگە بێ چاو گێڕان
گوێ نادەمە باسی بە ئێشی ناو لیستی ئەتوار

لەهەر پێدەشتێ سەوزایی سەری تێکناوە
گوێ بیستی نەفامم لە شانێك تە پلی لێداوە
پەرچەم گە نمی کەوتۆتە سەما لە شارێ
شیلەی باریوی قوڵپی بێکەسی گەردن ناوە
****
لە تاوەردا کەسێ کراوەتە کەڵەبابی سپێدە
بەندەی وەلانا و فکری لە زەریای ئومێدە
هەر ڕێگەیەك گرتمە بەر نەشیاو بوو بۆم
ها تمە تەك مەینۆش تا جارێ چارەم گرێدە
****
ڕەمزی ژێرخۆڵە چواردەورم کەڵەك کراوە
وتەو باسێکە لە دێرزەمانەوە باسی لێکراوە
چاوجوانت دێتە سەرو دەست دەکات بەشین
لەم وتەیە تێناگەم سزام چەند بۆ دانراوە
****
هۆش پڕخەیاڵە لەوەتەی هاتۆتە دنیاوە
سەبارەت بەدین و دنیاو نیشتگەی پادشاوە
کاتێ لەدایك دەبێ و لەخەودایە و دەمرێ
سوڕانی زەوی کە چوار وەرزی پێکهێناوە

هـــەر لەبەری بەیان کـــە خـۆر سەر دەردێنیٚ
هـــەر زاڵمە و ئـــاوی خونچەدەمان دەڕژێنیٚ
بەدەمیەوە دەناڵێنن و هــاواری داد دەکەن
هـــەم گریان و هـــەم خەندەیە لەزۆر شوێنیٚ
****
ئیلاهی، بۆچی مــار پێی نیە و دەخشکێنیٚ ؟
زۆر مرۆڤیش هەیە، وەك ئەو دەفیشکێنیٚ !
زانیومە، مرۆڤ بۆ تـاقیکردنەوە هاتۆتە بوون
نـازانم، گوڵ لە پێناو چی خونچە دەپشکوێنیٚ ؟
****
پیشەی ڕیابـازی و کارکەری دەوری مە یخانە
بەزەیی و گەورەیی و داوێنپاکی لای کامیانە
خۆش بکوژی و مەینۆشی و ئەسرینی داماوی
بفکرە، سەر نـابەیەدەر هەموو مشتومڕیـانە
****
زەوی هــەسارەیەکــە و بولبول لێی دەخوێنیٚ
داری درك و گـــــوڵ، لەنـاویدا سەر دەردێنیٚ
هەرچەند سەردەبەم و دەفکرم بە خەیاڵ
نـازانم، کـــە دووژمنایەتیان تـاکەی دەمێنیٚ

تـاییە تمەندی هەرە ڤێزەونی مرۆڤ کۆیلایەتییە
بوون و نەبوونی وەك ڕایەخی شەوی زاوایەتییە
جیاوازی نیە بۆ زەوی، سەوزە تیژ بێ یان تاڵ
بارلێنراو مرۆڤ بێت یان ئەسپ هەر کەرایەتییە
****
لە چۆمی ئەم دنیایە لاولاوە سەری تێکناوە
گرمەی هەورو جێی یارانە لە کۆڕ جێماوە
مانگ و ئەستێرە و شینایی و ساماڵی ئاسمان
سەرگوزشتەی گۆڕو ئەفسانەیەتی بوونی ماوە
****
گەر مەڕدۆش نەبیت تۆ، کەواتە مەشکەژێنی!
ئەگەر زمان درێژ نیت تۆ، بۆچی دەریدێنی؟
گەر سەرمایەداریش نەبی، خەونبینی بۆ پارە!
هەوڵمەدە داهاتووی ولاّتەکەتی بۆ بسووتێنی
****
غەم ژەهری مارە، مەهێڵە بڕژێتە ناو هۆشت
بهزرە لە ژیان، کە ناتوانی، نەفرەت لە جۆشت
زانین گەڕانی دەوێت، نەك نووستن و باوێشك
سامانیش ئاوهایە، بێ کۆشش نایەتە ناو کۆشت

ئای ئەم دنیایە چەند بێوەفایە لەگەڵ بوون ؟
پێکەنینی من و گریانی تۆ لەدەست چوون
هەر لەسەرتـاوە بەرەو گە نجی و پیری ئەوین
لە زانیاری زەمانە نیوەی کۆمەڵگا مردوون
****
خـاســەکـــی خـــاکسار خـــوەسنی خۆویستە
مردن بـــۆ بەردەوامی مـــرۆڤ پێویستە
کـــە مـــردم بـــۆم مـــەگری، ئـــاوهایە ژیان
چـــاك و خـــرا پمان سەفەری لـــەناو لیستە
****
بـارانـی پاییز گەلای دارانـی هەموو داشتن
دنیاش بەردەوامی گۆڕە بۆ مرۆڤ کوشتن
ڕامان و پرسیار تـاکەیە لە ژیان کە نـازانم
چەندەها کات و سات بەسەر مرۆڤدا ڕۆیشتن
****
گریانت بێ دادیـــە خەریکبە دڵت خۆشکـــە
درك پێکردنت لـــە هاتن لـــەسەر مێشکـــە
چرکـــەیـــەك خۆشی، هەموو کـــەون دێنێ
مـــردن دەگات و دەبێژێ خـــۆت درێژکـــە

خەونایەتە سەر پێڵو فکر هەر لای کەمەندە
بەراوردی دنیا بکە دەبینی هەمووی زەمەندە
وا چاکە پیاڵەیەك بگرینە دەست لە ناخۆشی
ژیان وەك دووبارەبونەوەی ناو دەستکەوەندە
****
هێشتا هەر پڕە هۆشم لە کێم و زووخاو
لە داخی بێنەوا و پاشماوەی کەلاوەی سوتاو
لە ژێر هەرداریٚ بۆنی نمە نمەی باران دێت
شەوانیش خەواڵووم لەناو بریقەی گۆماو
****
خۆشی کە هەبوون هەر لە دەستی تۆدا بوون
وەك تالبۆتان بنی پێی بە بلۆقەوە سوابوون
خڕپۆڵە بیٚ شك هاتوچۆی دەکرد لە تەنگانە
هەرداوای دەکرد، داوای ئاسمان گیرنەدەبوون
****
خۆت خۆت پەروەردەبکە، باشتر لە زانایەك
بەردێکی ناو دەستت چاکترە لە بەردی چیایەك
گەر خۆت ئامادەنەبی، زانین دووژمنی هۆشتە
فریای خۆت بکەوە، باوێشکێك باشترە لە تایەك

هۆشت والاکە لە سبەوە تا دێ کاتی شەوێ
بێنە و پیاڵەیەك بنۆشە ئەگەر ژیانت دەوێ
لەهەر لایەکت کە فوارە دێتە دەرێ، ژێربە
داوای سروشتە، کە جوان و قەشەنگت دەوێ
****
بۆ سینەی گوڵ، بگرە گوڵێ کاتی ڕۆژ هەڵاتە
یارت دێتە خەو و ترست یادەوەری دنیای ماتە
لێی مە پرسە خەوننامە چییە لە یادگاریتان
برۆ لای بێپرس، گورج و گۆڵ پڕی پێداکە
****
ترسی هەیە و هۆش قەد شمشاڵی مەبەستە
لەدایك دەبی و تاقیکردنەوەت بە ئەنقەستە
لەتاو کۆرپەت خاترگربە هەر دەچیتە ناوی
تاکو نەگلاویەوە گوریسێك لە قەدت ببەستە
****
ڕێبازی گرتە بەر سەری خۆی ئاشکرا پۆشی
بێبەزییانە کــــــەوتە جوتبوون و مەینۆشی
بەناوی خۆی و بەنازناوی بالای هێنایە چیا
بە ئیمانەوە خوێنی چەند هەژارانی دەنۆشی

بەچاو سەیری دنیا بکە هۆشت ڕادەمێنیٚ
تۆ خۆشیت گەرەکە ئەو زوخاوت بۆ دێنیٚ
بەڕۆژی نادیار دەتترسێنیٚ ودەتبا هەردەم
کە بێتاوانی، چ چێژیٚ لە غەمت دەبینیٚ

****

دڵسوتاوی جێژوانم تالآوی شەوم لا میوانە
چاوەڕوانی یارم کە شوێنەکەی سەر سوانە
لە ناخەوە بۆتە ڕێگرم خاوەنی دیدەن یار
بەم بۆنەیەوە چاوم پڕ لە هەنسکی گریانە

****

هەر لەتەمەنی منداڵیەوە هەناسە پڕ ناڵەیە
تەمەننا بوو سەرکەویٚ بەلآم هەر ژێر پاڵەیە
لە پای چی و چ تاوانێکم لە چارە نوسراوە
داگیرساوم وەك پشکۆ و ژیانم ڕوو لە خاڵەیە

****

هزرم بۆتە پێوەر لە ڕەمزی دەرگای خۆم
ماتم لێرە، بێناو بۆ دووری پەژارە دەخۆم
یەکیٚ دەبژێریٚ و یەکیٚ ڕووەو زۆر زیانە
من بیٚ ژمارە دەبژێرم ئاخ و داخ لە خۆم

پەیوەندی پێیەکانم پێوانەی پالاوتەیە
پێیەکانم پابەندی پادشای پوختەیە
پێوانەی، پرسینی پوازە بۆ کوپەکان
پالاوتەیە، قەڵپۆزە لە پاوانی پژمەیە

****

تامەزرۆی تێربوونم لەتەنیایی توانا
تێربوونم تانەیەکی تینوە لە فەوتانا
لە تەنیایی، تێری تاریکایی تارایە
توانا تارماییە، تەکانە بۆ کەتانا

****

ژینگـــە ژاوەژاوی بـــێ ژمـــاری ژێـــرە
ژاوەژاوی بـــکـــوژ بـــژارە و بـــژێـــرە
بـــێ ژمـــاری ژان مـــژدەیـــە بـــۆ ژیـــان
ژێرە هـــەڵدەمژێت ژوان کـــە لـــە ژێـــرە

****

خۆزیە و هەزار خۆزیە بۆ کێو و کاتی شوانی
پە نجە بە تامەزرۆوە ئاوازی شمشاڵی دەهانی
چرپەی دەگەیشتە بنارو گەلای دێنایە سەما
جادوویی لەتەك و هیچی لەسوڕ نەدەزانی

کەسانێ تۆیان بینی، هەربۆیەشە سلاّویانکرد
جیرانەکەشت پڕ بوو، هەربۆیە دزیان لێی کرد
دەستت بنێ بە بان سەرتەوە، لەبەر هۆشت
دڕندە نێچیری بینی، هەربۆیە ددانی تیژکرد

****

ستایشی یاسایەك بکە، کە ئەو بۆ ئاشتی بێ
بۆ داد پەروەری ، دەفری پڕ لە حەق و تالّی بێ
دەسکیسی تێدا نەبێت و دوور بێت لە ئاما نجی
مرۆڤەکانی لەلا وەك دلّۆپە خوێنی ساقی بێ

****

گەر ولاّت نەخۆش کەوت و هاتە ڕووخانێ
بزانە خیانەتی لێکراوە لەلایەن هاوزمانێ
گەر هەوالّی مردنی با پیرە نەدەیتە دا پیرە
خێمەی خەفەت نایەتە شوێنی جێژوانێ

****

هاوسێی نەبوو، هات و کەمێ خێری کرد
هاوسێی هەبوو، بێزی نەهات و دەریکرد
خێرێك بوو نە بێ ڕۆن و نە بێ خوێ بوو
بۆیە ڕوویکردە ئاسمان و ئەو پەسندیکرد

هەزاران خۆزگە بە شێتێ کەوتوە لەلا کۆلانێ
هیچ نازانێ، خەبەری نییە لە مان و نەمانێ
هزری لای ئەمڕۆیە نەك بەیانی و دووسبەی
تۆش وەك ئەو بژی، غەم و تالی دنیا وەلانێ
****
ئاهورا هەر بەردەوامە بۆ گیان وەبەردان
بێ بەرنامەش نیە بەڕووی بەروومەندان
باشۆلی بەرد، بکەوێت بەسەری بارکراوێ
بێ بەزەییە، بۆ گەیاندنی بەهری ڕژدان
****
زۆرترین سیاسەت لە دووژمنەکانتەوە فێربە
دووجار خوا بیگرێ، سێیەم جار تۆ کوێربە
سڵ لەهیچ کەسێ مەکەوە، تەنانەت خۆشت
بەهۆشت زانابە و بە لاشەشت وەکو شێربە
****
لە خەونمدا، قەسر و باڵەخانەم پێکابوو
بەرگ و تاجم لە ڕەنگی پۆشاکی پادشابوو
نافەرمانی لە ژیانمدا دەهات و دەرۆیشت
نەمزانی، ئەوە خەونی کۆتایی دنیا بوو

کاتێ دنیا ئەم و ئەوی لە دڵۆپێ ئاو هێنا
هەریەکەی جیاواز و بەجۆرێ بەرهەم هێنا
وەرە لە مرۆڤ ڕا بمێنە و بزانە چۆنە کاری
نەداهێنەرە و نە باخەوانە و نە زاناو دانا
****
بازاڕی ژیانە چۆن هات هەروای بدە بەرێ
سەوزایی، بەهار نەیە سەر ناهێنێتە دەرێ
ئەمە یاسای ژیانە واش نەبێ هەر دێتە پێش
ترسی دڵ لابە و دنیا بەدڵخۆشی بەرە سەرێ
****
مافی ژن وتەیەکە و یاساکەی لەلای پیاوە
بۆ فەرمانەکانی پیاو، دایم لەناو خوێناوە
لێناگەڕێن ژن دیارییکات مافەکانی خۆی
چونکە لەهەموو ساتێکدا بەهۆڤیان داناوە
****
مانگ دیارنامێنێ کە ڕۆژ لەڕووی هەڵدێ
ناخۆشی نامێنێ کە ڕووناکی هۆش هەڵبێ
گوڵ کاتی خۆی بەسەرچێ، نامێنی بۆنی
خەرمان و کا دوژمنن کە نێر بۆ شەن بێ

هاوین ڕۆی، وا زستانی ژیانە هات بەرەو ڕووت
چەند جوانیٚ هاتن و ڕۆیشتن بەتاك و جووت
ئیدی بەس بیربکەوە لەسەر ئەم زەمینە بیٚ بارە
وامەبە داهاتووت بفرۆشی لە پیٚناو ڕابردووت
****
درك و هەلاٚلەو وەنەوشەو گوڵە بەییوون
سەرسوڕمانی دنیا لە هۆشی تۆدا کۆوەبوون
گەر بیٚت و وا بڕوا ئەی هاتبا چۆن و چی ؟
بە پۆل هاتنە دنیا و لە پڕیٚکیش ونبوون
****
بنیادت نام لە زەوی و لەغەمدا شیٚتت کردم
ئاوات و فکرەت لەلاویەوە بەرەو پیری بردم
لە ئاکارم ترسام، گویٚ بیست بووم بۆ شویٚنیٚ
هەر لەسەر دنیادا بەرەو بیٚ ئارەزوویيت بردم
****
لەسەر خۆڵی زەوی هەر فکرکردنەوە چاکە
زەوی لەشیٚوەی مرۆڤ پیٚویستی بە خۆراکە
دەروونت دەڕوات بۆ ئاسمان بەناو هەوردا
زوو دەگەڕیٚتەوە، لەبەر ئاکارەکانت هیلاکە

ساتیّ بینیتان مەلیّك تەنیا دەفڕیّ لە بەرزی
کۆڕیّك لەژیّرەوە ببەستن بەکۆو هەرەوەزی
تا مەلیّکی تر نەنیشتۆتەوە لەسەر دوو شانت
باشتر وایە بگەیتە لای و زوو گیانی بگەزی

****

هەژار ناگری گەرچی سالّ و مانگ بیّکارە
فرمیّسکی نایەن، بەلاّم چاو چەواشەکارە
بمرم یان نا چ زیانیّ دەگات بە تۆ کابرا
تۆ ڕەنگت وەك منە، بەلاّم هۆشت نەکارە

****

دایمەچیّنە بە غەم سوورە خاکی دوو لیّوت
مەمرە زوو، سەربلّندبە بە نازناو و نیّوت
بۆچیمە دراویّك بۆ کڕینی ئالّتوونی بیّگانە
گەر پووش و پاوان نەبووبا نەدەسووتا کیّوت

****

لە کیّوان بولبول بەدەنگ و گورگ بەلورە
شەڕابیش شیّوەی لە دەنکی هەناری سورە
سەبر بگرە دنیا ئاوها نیە گەر هۆش هەبیّ
ژیانیش ئاوازیّکە وەك داوی ساز و سەنتورە

هـــەر زیندەوەرێ لـــە خۆڵ سەری دەردێنێ
وەچایەتیشی بـــە بـــاوکی خـــۆی دەشوبهێنێ
لـــەم کـــارەی سەردەرکـــردن زۆر ئەستەمە
سەرەنجام هـــەرخۆشی نـــاخـــی دەسوتێنێ

****

خودی هۆش بە تەنیا سەرچاوە نیە بۆ زانین
گەر هەست نەبێ هیچمان لە گەردووندا نین
سارد و گەرم بە جەستە دەکەوێت نەك هۆش
تەنیا بەناو زانایـن، ئەگینا هیچمان زانا نین

****

جوانێك و کەلاوەیەك ئیدی بۆمن بەسە
باری غەمان وەلانێ چ کەسمان لە کەسە
هەتا ماوی دڵخۆش بژی لەماوەی ژیانا
بۆ دڵخۆشی هەر کەسە خۆی فریادڕەسە

****

گەر خراپە نەبێت چاکەکاری بوونی نیە
گەر هەش نەبێ ئاویش لێڵ و ڕوونی نیە
ئاژەلانیش هۆشیان هەیە بۆیە دەنگیان دێ
کە زیندەوەران جیاواز نەبن ژیان ناوی نیە

ئەو کۆمەڵگایەی تـاکە پیسیٚ ڕووی تێکرد
چەوسانەوە و کۆیلایەتی تێیدا گەشەیکرد
کاتیٚ ڕۆژهەلأت لە خۆرهەلأتەوە تـا خۆرئـاوا
خودا غەزەبی لێنەگرت، بەردەوام کاریکرد
****
مــــردن بـــۆ گـــەل باشترە لـــە بێدەنگی
بێهەڵوێست هیچ کـــاتیٚ نییە ڕەنگــــی
تـــۆ ببە پێشەوای ئـــەم هـــزرە خاکیە
بــــا بێدەنگی دوور بێت لــــە مــــەنگی
****
کە منداڵیم بەسەرچوو هێشتا خۆزگەبـارم
ماندووم لە دنیـا، هەرچەندە نـا سزاوارم
سمۆرەکانی خاك و ئـایین لەنـاو هۆشمدان
لەنـاو خاك خۆراندا هەر خۆم کەرپەککارم
****
بۆچی هەرچاوی جوانە فرمێسك دەبـارێنیٚ ؟
خۆ زەویش بە حەماسەوە هەور دەگریەنیٚ
زانیت جیـاوازی لە نێوان چاو و زەوی چیە ؟
دوای ئەوەی هەریەك خۆ لە بـازنە دەنوێنیٚ

دڵخۆش بژی بزانە دنیا تاکە هەناسەیەکە
وابزانە بەسەر بردنی خۆشی پیاڵە مەیەکە
ئەو زەویەی کە ئێمە دەبینین، بە ئاشکرا
پێت وایە ئەزموون هەر بۆناو هەسارەیەکە ؟

****

هەرجۆرە درەختێك جۆرە میوەیەك دەگرێ
منداڵێك کە لەدایك دەبێ، پاشان دەبێ بمرێ
لەم کەونەدا حەلاڵ کراوە هەرچی میوەیە
شەڕاب بە ئاشکرا دیارە لە ترێ دروستدەکرێ !

****

زمان دەوڵەتی درووستکرد و هێنایە بوون
هەندێ تێیدا بوونێ و هەندێ تێدا چوون
سەرمایە دەوری هەبوو بۆ چینەکانی مرۆڤ
ئاوری نەتەوایەتی تێیدا هاتن و زوو کپ بوون

****

دنیا فێنکە بایەکە دەڕوات بەسەر گوڵی سور
بیپارێزە ئێل و خزم، تا کلتور و دەستور
سەربەرز بژی هەتا کۆتایی نەهاتووە ژیانت
زەوی سەدەیەکە چاوەڕێتە بۆ گڵکۆی سور

زەوی بۆ تاقیکردنەوەی مرۆڤ ڕەخساوە
لە دولای نێو زیندەگی خۆی ئازاد کراوە
هەر زەویە بەتەنیا هەرەشەی لێدەکرێ
نازانم هەسارەی تر بۆ پشتگوێ خراوە ؟
****
نــوری نــوێ نــابــاوە دەنــوێ
نــوێ نـــمــــەیــە بـــۆ نیازی ڕەنوێ
نــابــاوە نێچیری نــامــۆ لــــەبــانێو
دەنـــوێ نـــاخـــی نـــابینایــە بـــۆتینوێ
****
تـــیری تـــەنیایی تـــامەزرۆی تێربوونە
تەنیایی تاڵێکە تـــرس و تێداچوونە
تامەزرۆی تـــاج بۆ کاتێکە کە تێکەوتنی
تێربوونە تیاترۆیە، تابلۆیە کە چەتوونە
****
گـــەڕان گورگـــی گـــەیشتنی گفتـــە
گـــورگـــی گـــاخۆر، گـــەورەی بـــۆ گشتە
گـــەیشتنی گشت، بـــۆتە گـــاڵتە و گـــەپ
گفتە گـــراندەکات و گـــەیـــەنەر و بیگرتـــە

زمـــان زریـــانـــی زانستی زرنگـــه
زریـــانـــی زانینـــی زانـــا بـــۆ گـــزنگه
زانستـــی زاخـــی زوقـــمـــه زاراوەی
زرنـــگه زەمـــانـــه زانـــی کـــزنگـــه
****
بە هۆشت بهزرە، ڕێگای دوور ببڕە بە لەشت
لە یەکەوە هەنگاوبنێ تـا دەگەیە ژمارە هەشت
بکۆڵەرەوە لە زەویەوە تـا زوحەل و نیپتۆن
ناگەی بە وەلام مەگەر خۆت بڕۆی بۆ گەشت
****
دنیا بەمن چی؟ هەبم بۆچی؟ نەبم بۆچی؟
دواتـر ژیان و بوونی خۆش بەهەش دا ڕۆچی
خۆش نەهاتی و خۆشیت کە نەدی لە دنیا
سامانت مەهێڵە، گەر نەی خۆی، تۆ چی ؟
****
خۆت بچێنە تـا نەچێنراوی وەکو ڕووەك
ئەمڕۆ یا سبەی دادەڕمێی لە شێوەی کەڵەك
بە ئـاسەواری دنیا خەریك مەبە، خۆت کاتی
بزانە کێ هەیە دوو چاوی سوورە یان بەڵەك

سواری کەرێك بە، دنیا بە پشتی گا وەستاوە
گومان هەیە تـائیێستا بۆ فەقەرەی نەشکاوە
هەور بۆڕەیە و شریخە و لێکدان تورەبوونی
ئەو بارانەی کە دەبارێ، لە چاوی داچۆڕاوە
****
لەوەتەی هەم سوتـاوی بن سوانانم
خڕ هەڵگەڕام لەشێوەی شەولەبانم
کە دێمی هاتە پێش لاسکی سورگوڵ
هەرشەوە و لەناو کوچەیەك میوانم
****
شنە جولا، سەوزایی خستە کەرویشکە
ناڵەی کۆرپە جوڵەی خستە سەر بێشکە
ڕۆژێ مانتۆی جوانێ گلایە ڕووی زەوی
هێشتا نامۆیە جوانێ گەردنی درێژکە ؟
****
بۆ هەر قەومێ خودا زانای بۆ داناوە
سەرووەری من هات کە ژیر و فکری ناوە
سەمەرە یەك ڕاوەستا نارێك بەرامبەرم
هەر لێرەوە من هەنگاوی ڕاستیم ناوە

کاتێ گەردوون پیاڵەی مەستێ دەڕژێنێ
فرمێسکی لاو پاکێ لەکەلاوە بەگریە دێنێ
سەوزە پۆشێ، کە دەمی والآیە بۆ هەور
وەکو ڕۆژگارە، پشتی کرێکار دەسوتێنێ
****
هەر کەلاوێکی دنیا بگری پڕی ئێش و ژانە
ئەمڕۆ لەتۆیە و سبەی لای هەموان میوانە
چی بوو؟ بۆچی تەنیا لەم ڕێگەیەوە هات ؟
گرنگ ئەوەیە بزانی کە کێت لەلا میوانە !
****
لە بوونمدا خۆشی کە دوور بوو لە بەشم
هەر زووخاوی ڕەشی ئاوی دنیا دەنۆشم
چەندێك بینیم لە ڕووناکی و لە تاریکی
زۆرم داواکرد و ئارامیش نەبوو کەشم
****
ڕۆژ بە ڕۆژ لە کۆتاییە مانگ و ساڵی ژیانم
بەلەرەلەر دە بزوێ زوقمی سروشتی بەیانم
چەند کەسێ ئامادەیە لە دوای ڕۆیشتنی تۆ
لە کوێیە تریفە، من لە هاتنم پەشیمانم

ژیان مرۆڤی سەرقاڵکردووە بۆ مانەوە
وەك کانی چاوەڕێی بارانە بۆ ژیانەوە
هاوارو شین بۆ کەسێکە دڵی تێر نەبێ
کاتێ دێ، زەوی پێچەوانە بکا سورانەوە
****
خۆشەویستی ناکەم، چونکە بەرگەی ناگرم
دژی بێوەفاییم، هەربۆیە پێ لەسەر ئاگرم
ئەی کابرا، نەخۆت شەرمەزاربکە نە ئەویش
ڕەوشت شوشەیە، بۆیە ناتوانم چاوێ داگرم
****
کاتێ ڕوو لە سیاسەت بکە، کە بوونت هەبوو
مەچۆرە داوای نازدار و ناسك، کە ماڵت نەبوو
تەنیا هەر خوێندنە نە بوونی دەوێ و نە ماڵ
ئەوەشی لەم ژیانە ڕۆی، هیچ باخەڵێکی نەبوو
****
چاوت هەسارەیەکی هەڵواسراوە و لە ئاسمانە
سەرت وەك زەوی بەردەوام خەریکی سوڕانە
بنۆشە مەی و سەرت ڕاست کەرەوە هەر تاوێ
هەرشوێنێ بۆ ئەفسانە چاومەستێ لێی میوانە

زەردەخەنەت هەبێ، دنیا قۆشمەو پۆز لێدانە
بنوارە لە مرۆڤەکان هەر هەژارە سەرگەردانە
هەستە لەخەو، ببینە لە گوڵی وەرزی بەهار
چەند باخی پڕ لە میوە، بناوانێ لە پێشیانە
****
فرمێسکی گـــوڵ، هەور بـــە گریـــە دێنێ
کۆرپەی بێشکە، کـــە دایـــك ڕای دەژێنێ
چەوسانەوە و زەلیلـــی میوانـــی دوو چـــاوە
کـــەسێ نیە ئاهونالەی لـــە دنیادا بدوێنێ
****
دەنگێك داوا دەکات سەما بکەین لە خۆشیدا
هێندە ناهێنێ ڕێگە ونکەین لە بێ هۆشیدا
کۆڕی مەی هاواری، کە دەگاتە ئاسمانی شین
درەنگ بووە بۆ هاواری ئازادی لە بێکەسیدا
****
مەکۆی هۆشەکیم ئاراستەیە لە ئاگری سوور
چۆنی بدینم دەریکەم خراپە لە باشەی دوور
بە لوتبەرزی لە ئاست گفتی نەزانی ناخت
قەت ناگەینە پێوانی باشوور تادەگاتە باکور

بەلای دڵ فرێدە کە ژێر پالاوتەیە دەرمانی
دڵۆپی خوێن کە دێتە دەر لەناو دووڕووانی
بە پێی پەتی هاتین بۆ ژیان، بەبێ ئاگا
قوڵمڕوانی لە نەفرەت بۆ شمشاڵی شوانی
****
هاتوچۆی بەردەوامم دەگەڕێتەوە بۆ خۆم
لە کولەمەرگی خۆم ئاوی ناوچاوانم دەخۆم
هەرچەند داوامکرد بۆ بەزەیی کارم گیرنەبوو
چارەی ناکرێ بە دوو چاوی بێ چارەی خۆم
****
هەڵخولێ و بچۆ ساتێ لە زەوی بڕوانە
سەوزەی بەهار هەریەکە و خۆی دەرمانە
هەریەکە بۆ مەبەستێ و یەك بۆ ئاما نجێ
ئاوی سوریش ئەندامی یەکێکە لەو خێزانە
****
گوێم ڕاگرت، بیستم زەنگۆڵەی سەری کلێسا
زانیم فرسەتی خولانەوەیە بۆ جمکی عیسا
خانم پەری پێی ژووری نابوو لە حەسار
نەوەستا لە بەلای گەردەلوول تا لەشی تلیسا

تەمەنم ڕۆی، بێ گوڵ، ئەویش بێ گوڵ
نەیگـــوت هانێ، لە ئاسمانەوە شاگوڵ
نەمگـوت هانێ، هێشـتا چـاوەڕێ بـوو
ناچـار ئەو بـۆ ئاسمـان و منـیش بۆ گڵ
****
بوونێك بەبێ باوك، كە لە ئاسمانەوە بـوو
فەرمانی لە هۆشی پاكیزە لە خەیاڵەوە بـوو
دارێك كە هێشتا گەڵای نەوەریبوو لە زەویـدا
ڕوحێكی لێ هاتەدەر كە ئازادی بەدواوە بـوو
****
ئەو شەوەی كە لە گەوەڕدا هێشتا سە پـان بەئاگا بوو
ئەستێرەیەك وەدەركەوت ، ئەوكات ئاسمـــان ژاكابوو
هەر ئەو شەوە دەنگی كەنیزەكەكانی دەوری شا دەهات
هەواڵی هاتنیشی وەك لەدایك بوون لە بیابانەوە بوو
****
لە بـانــی كەلاوەدا مردوویەك گلاندرایە ژوورەوە
ژنێكی پشتكوڕ، لەولاش یەكێك بەچاوی سوورەوە
خۆمان لەخواترس و ئەوانـیش شەیـتان خواردوو
روحێ هات و پاك و پیسی لەیەكتری دوورخستەوە

جێی مەهێڵە نیشتمان، دایکی تۆیە
تەنها مرۆڤێکی تۆ، زیاترنی لەو کۆیە
ئەسرینی دایکت مەکە قوربانی چێژت
بۆ بینینت، تیژی چاوی وەك هەڵۆیە
****
کابانی ماڵت با چاکبێ، ماڵت پاکبێ
زمان ماڵوێرانیە، با کورت و تاکبێ
هەموو شتێ چاکدەبێت، تەنها زمان
دەرمانی مەگەر گۆڕی تەنگ و تار بێ
****
سروشت، فێری چۆن ژیانکردنی کردن
بێ باکانە هەموو شتێکی بۆ دابینکردن
گەلێ زۆردار بوون و گەلێکیش چاکەخواز
لەئەنجامدا هەردوو لای بۆ ناوخۆی بردن
****
بەرلەوەی خوێنم دڵۆپێ بڕژێ بەناو زەویدا
سینگ دەکوتم لە زەوی لە هۆشی پڕ زەلیلیدا
گیرم خواردووە لەناو ژیانی بێ بار و دووبارە
ڕانەوەستا، دەریان بڕی هۆش و دڵ لە پیریدا

ئیلاهی لە تاکە ڕەحمێکت سەرم سوڕما
چەند هیچی لە خۆڵدا هاتنە ناو هۆشما
هەردێ کە ڕێگەم دێتەوە ڕێت لە تاریکی
ئازار دەبێ چی بێ لە بێهەژماری ڕەحما
****
گەر نا پاك هاتە لات و شوێنی کردیە ئاگر
وەك جیابوونەوەی تەواوی ئاشقە لە چاوداگر
سەوزایی و چیمەنی بێبەش بۆ دەردمان جوانە
بە ئاشکرا مەبەست گەیشتن بە سوری کلپەگڕ
****
چرووزەی تۆڵە کەوتە داوی مێینە پەرستان
دێراوی پڕبووە لە ئەسرین و نوزەی هەنسکان
دڵسوتاوی کەوتوو لەلاڕێ و بە سەرگەردانی
قەدیان وشکبوو لەبریا ، هەتا گەیشتە ئێسقان
****
ژیان ناخۆشیەکانی هاتووە بۆ خاوەنی کۆڵەکە
بنواڕە لەزەوی گشتی ئاو وشکانی و کەڵەکە
چیم داوە لە سەوزاییەك کە بۆ زۆردار بێت
لە خامۆشی ژیاندا هەر بۆ چاوجوانە تەڵەکە

هەنگاوم نا لە هەنگاوی خۆم بەرەو سروشت
ئارامم گرت لەزەوی کەچی ژیا نمی کوشت
خەوالّویی فریوی دام لەناو خەونی خەومدا
بینیم باڵ ڕەشیٚ فڕی و سیٚگۆشە هەڵیلوشت
****
هەر پەندیٚ کە بیستومە فکرەی هزرڤانە
ڕیٚگەی تاریك لەبن نایە لە چەرخی زەمانە
میوانی ناو گوڵزارە لەدیدەنی مات و غەمبار
ڕووبەخەندە وەرە، پیٚکەنینیٚك جیٚگەمانە
****
چـــە پکـــە چنار لـــە چنگی چیایـــە
چنـــار چڵیٚسی چـــەمـــاوەی چـــادرگـــایە
چنگـــی چـــەمـــاوەی چمکداری چیٚنراوی
چیایـــە چـــادرگایـــە چیٚنراوە لـــە چاودایە
****
بار مەخە سەرشانی کەسیٚك کە نەیتوانیٚ
خۆت شین بۆ شان بکە لەبری سەرگەردانیٚ
قۆڵ چەند بجوڵیٚ هەر هیٚندەی لەتوانادایە
گورگ کەبرسی بیٚ ڕسوایە لە هەرکۆڵانیٚ

چاو هەور تاودەدات و ئاسمان دەگریەنیٚ
ڕووباری دەچیٚتە دەریا و کەفی پیٚدیٚنیٚ
پۆلوی دار لەناو تەندوور هیٚشتا سوورە
کە ڕۆژی بزردەبیٚ هانا بۆ مانگ دیٚنیٚ
****
کەون نادیارە و تەنیا لەزەوی پیٚك نەهاتووە
زەوی ئەندامیٚکە و باسەکەی لەناو هەلاٚتووە
هەر ئەستیٚرە و بەدەستیەتی ئارەزوویەك
وەستایەك هەیە، بە گەرەکی ئەو هاتووە
****
شانەی هەنگ نەخشەی دەستی سەر وەستایە
گەڕۆك هەلاٚڵەی لە پشتە، کە ئەمری پادشایە
کۆل پڕدەبیٚ لە بۆنی هەمە ڕەنگ، سەیرکەن
جا پاداشت کووشتن بیٚت چمداوە لەو سەودایە
****
کۆیلەیی ژیان سینەی گرتم لەداخی هیچیٚ
بەسەردابارین تاوانە، تەنیا بۆ جوت لیچیٚ
داخی ئەمەبوو هەناوم سوتا بۆ تالٚی پاك
تا خالٚی بیٚتەوە تۆڵەی فریودانم لەبنمیچیٚ

ئازاری دڵ لەگەڵ چاوی هەورە بروسکەیە
وەك مێرولە بۆ خەزێنە، گوێی لە چرپەیە
ژیانی مەی چارەی مەیخۆرانە لە ڕەشماڵدا
هەر باسێ لە بەدکار کاری لەدڵیان چزەیە
****
زوقمی ڕووەو بەیانی لە ڕومەتی سارد ئالأن
یاری ئەڤینتان کوچی مەیخانەی کرد تالأن
ڕێبواری ڕێگەی کاریزە، کۆیلە تاساوی بێژوان
خاکم بینی لەگەڵ مرۆڤ ئاشقانە تێك ئالأن
****
سەیرم لە پێچەوانەی تەمەنی ناو دنیا دێ
تێدە پەڕێ وەك قەلەڕەشێ، کە چۆن ئاوابێ
مرۆڤ ساڵ و مانگی زۆربێت ڕووی تێکدەدات
هیچ شتێ نییە وەك شەراب تا بمێنێ جوانبێ
****
شۆخی سەرچڵ داڵغەی بەماتی لە ڕەگدا
لەرەی گەلا سەری بۆ سێبەری مەینۆشدا
بێ زمان کەوتە زمان لە ئێشی ناو ئازاری
چاوی بڕیە ئاسمان لە بێتاوانی مەرگدا

زویر مەبە لە زانا، چونکە هەرخۆی نەزانە
وەك ژیرێکی مەستبوو بڕوانە و باش بزانە
دڵگران مەبە لە بەینی خۆت و جوانیٚ لە وتن
ئارامبگرە لەسەر خوێن گەرم، گوڵیٚ میوانە
****
دەورانت وەك زەویە لەناو گریەی کەلاوەدا
هەلاڵەی بۆنخۆشە لە سەوزایی کەمینەدا
سە پانی دوو دیوو نیشانەی داناوە بەمەلاس
کاتیٚ دیٚ ڕاتدەکێشیٚ بەکەفی ئاهو شیندا
****
هیوام هەیە، کە هەبم لێمگەڕیٚ زیندە ناپاك
لە پەرتوکمدا نییە کەسیٚ خراپە یاخود چاك
لە سێبەری خۆم دەڕوانم، کە ئاستی چۆنە
بەمن چی، قازانج بۆ گشتییە یان بۆ تاك
****
هاوەڵی شادی زەمانەیە لە تەمەندا ڕزیو
ڕووی لێوەرناگێڕم، بمگرن لە زێڕ و زیو
قسەی خەیالٚ پلاٚوانە گەرمەی سەرچۆپی
خۆم ئاشنا ناکەم بە کابرای گۆشت گەزیو

تەنها خرا پەیەکت دەشێوێنێ هەموو کەون
لانکی جوڵاوەت دەبێتە خەت و خاڵی خەون
فێنکە دەروونی خاڵی لە دنیای دووری کابرا
کەمێك نزیك نابنەوە، کە شەیتانی شەون
****
نامدوێنێ رووی خۆی پۆشی هەوری بەهار
پێکاویەتی هۆشی تامەزرۆمان تیری زۆردار
جۆگەلەی بۆ هەڵبەستراوە درەختی دووری
بەخەیاڵ چاوەڕێی دیدەنیە پەری شەوگار
****
هەناسەی ژیان پەژارەیە، لە چاوت دەمێکە
چاوەڕێی مەرگە نەهاتنەوەشی هەر سەرێکە
زولفی سەر خاڵی دوو ڕوومەتت تێکئالاون
لالوتی شەڕابە، کە ژیان بە ئاشکرا کەمێکە
****
خۆر وردە وردە لە پەڕەی گوڵ سەردەردێنێ
خۆزگە مرۆڤیش ئەو ساتە داوای دەگەیەنێ
فەرمایشتە لە ڕابردوو، خۆ بەدوور مەگرە
نێچیری شەوەزەنگ مەبە، گورگ دەلورێنێ

کویێت بوێ لیێت میوانە کیژێ بە ئاوی دیێم
خەتام مەگرن، کە گوناهی دیێتە پاڵ ڕیێم
مەبەستم نیە، بەڵکو بیێژراوە، کە بکریێ
ئەو شەوە دەڕۆم و خونچەیەك دیێتە جیێم

****

بەفیز مەبە لەتەك مەی، ژیان خۆی تاڵە
داڵغەی پیریێ بدە، لە ژیان کەوتۆتە ناڵە
لە پیێدەشتیێك پەڕەی ناسکی هەڵوەریوون
فکری گەلاڵەی سەرە لە شیێوەی بەفرماڵە

****

ڕەنگ و شیێوەم شیرنە بەیادی ئەبرۆ کەوان
مەستم لە ئاوابونەوە بەرەو ڕووناکی یەزدان
دلۆپەی باران، دیێتە ژیێر لانەی حەسانەوەم
سیێلاوکەشم درەوشاوەیە لای خاوەنی ئاسمان

****

ژینم پڕبووە لە شانەی شەهوەتی خۆ
هۆشت بیێنە و تاویێ خەم لە خۆت بخۆ
بیێهودەیە گەڕانی هۆشی بەراو و بیابان
یانەی چاو خومارانە جیهانی کەونی تۆ

دیندار ناتۆری لە کەسێك دەنێ، کە زانایە
خەواڵوی یادە کە سەردەمی ئایدیۆلۆژیایە
بەهەستم لە بوونی جوانێ بە ڕەنگی سور
شەکەتی مەنزڵم، ئاهی هیلاکی لەبن نایە
****
لەژێر کەلاوە بینیم مە یخۆرێ، بەڕێکەوت
بارانی ڕوومەتی لە تۆپی زەوی دەکەوت
بێدار خەوت جوڵەی خەفەت نەبڕاوەی
لە گریانی لاو، چیا لەتاوان چۆکی کەوت
****
خۆزگە ، وشەی مرۆڤی بێ دەسەلاتە
چاو نەترسەکەی خاوەنی تاکە خەلاتە
کردەوەی بێ ئە نجام نەکردنی باشترە
ئە نجامی باش هاوشانی سەری قەلاتە
****
گفتی منە بەردەوام شادبم بەرەو لوتکە
هەرکاتێ کە بلاوبێت خۆڵەمێشی قولکە
ناخی دڵم دەردەبڕم لەم تۆپی هەوایە
پێش ئەوەی تاشێ بێت ئێسقانم وردبکە

خۆپەرستان هەزار جۆگەیان بۆ باخیٚ لیٚداوە
بە پۆل ڕۆیشتن و هیچی وەلاٌمیان نەهیٚناوە
گەڕان وەك گەڕیدە، هەتا بنی پیٚیان سوان
کاتیٚ کە دەڕۆنە ناو گلٚ، باخەلٚیان نەماوە
****
لابەلایە ئیلهامی سروشتم لەڕیٚگەی شیاو
پیٚکەنینە لەداخی گریە ڕامی گرمەی شالاٌو
جیٚومەکانی لیٚتیٚکچوە لە شیٚوەی حەیزەرانە
وەلیٚ وشك بونەتەوە ساوای ناسکی بەدناو
****
هالاٌوی هیٚنا ئاهی بیٚهۆش بەهیٚمنی هەیبەت
نەونەمامی سور لە پەڕەی گولٚ بوو شەکەت
بە ڕیٚبوار هاتوو لیٚی پرسیم ڕەشە عەبا ڕەش
لەو ڕۆژەوە میوانی بادەم بە باریٚ خەفەت
****
لە دەمم دەرچوو مەبەستی کرداری بژار
لەبانی خیٚلٚ هەرچەندە تالٚە دەستی لەبار
بەسودە تلٚپەی پیری بەخامە داکراوی شیاو
کوپەیەك هەلٚگرە تا نەڕووخاوە دارو دەوار

کۆتایی تەمەنت، پیرییە و بەرەو پیرت هات
ماندوو نابێ زەوی لەکەند، بۆ مرۆڤی مات
تالّی تاقیکردنەوەیە تا لەبیرت چێ زەندەق
فریا ناکەوی بۆ دواخستنت لە مەرگە سات
****
بەس بسوتێ بۆ جوان خۆت دەسوتێی لە کورە
کرتەی شێلانت لەسەر پەڕۆ لە ڕەنگی بلورە
هێندەی سەرزین باری ناوە زریانی سامان
هەرچەندێ بێ نازداریێ من ئەوەندەم شکورە
****
چوار وەرز لەڕۆیشتن هێندەیان نەمابوو مردم
دڵی بەزەییمت لە هۆرەی دەرچەی چاو بردم
ڕێچکەی زانای دڵ تەنگ دەگرم، کە مەینۆشە
خاشاکی ڕەش جێدێڵم لە ئازار و تالّی دەردم
****
دنیا وشکە، پاراوکە ڕەمزی دێراو دانەی دڵت
بەردەوامبە لە نەهی لێکراو، تا دەگرێ ملت
ئەسرینم گریا، لە بینینی چەوساوێ تاساوێ
خۆی بە سەهوت دەبات و زانایە بەچاوو پلت

هەواڵی ڕاستی نامەردانە لە ترپەی دڵم
تاڵی لە ژیانا بۆتە خەندەیەك بۆ كێوی گڵم
تا لەزەمین بمێنم لە پیشەمدا دایدەبێژمەوە
بە تۆچی هاوڕێ ئاسمان هەورە تاوە یا هەڵم
****
لەدایك نەبووە، ڕێگە بۆ فریودانی دانراوە
نادیارێكە لە هەوایە بەڵایە نادیاری ناوە
لەتەك مەستیٚ زەردە خەنەی باش دەبینی
بمبورە هەستم نەكرد، خوێنمی دەرهێناوە
****
لە فەرهەنگ نوسراوە، بە ئاكار بەدكارم
ڕۆژگار مەودا نادا، خوێن كاربكا لە دەمارم
چۆڕاوكەی گوێسوانانم هەوری سپی تاودا
هەرچیەك بكەم، بیٚ شوورەیی كاسپكارم
****
لەلای گرمەی ئاوە هاڕەی بەرزە تاڤگە
هەر لاكۆڵانیٚ بگرە بەدەستی میرو بەگە
تەیر بەدەنگ بەندی ناو قەفەزبوو لام
لەو ڕۆژەوە دەركەوتوە كە دڵمان تەنگە

سەرمای کرێوە خنکاندی زەردەی داربیم

پیاڵەی هاوڕێ چاوەڕوانە لە تەباری کانیم

چاوم هەڵێنا وتی بەندە فەرموو دڵخۆشبە !

نەهیچی پێدام، لە هیچیش دڵخۆش نیم

****

چەند خۆشە دۆستی پیاڵە بی لە هەواری

بنواڕی لە گوڵی بەهار تـــاو و جارناجاری

لەشوێنی باسکراو ناترسم، ئەفسانەیە

شەیدای ڕووسورم لـــە تـــەك لێولەباری

****

بەرگری لە درۆ مەکە، کــە درۆ تاوانە

مەڕ بۆ کردەوەی تۆ چاوی لـــە پاوانە

ڕێگەی دەریاکان ناگیرێ لەناو زەویدا

گەر ڕاستی، ڕاستیت لەبەرچاوانە

****

گــەر ئاشەوان نەبووی، مەبە بــە ئاشگێڕ

گــەر چاوت نابینێ، وازبێنە لـــە چاوگێڕ

بانت وەك ڕوومەتت سافە و بێ غەشە

پێویستت بە سیوسیوە نیە، وەك بانگێڕ

دادگەری بـــۆتـــە بەرهەمی کانگای هۆشم
ســـەردەمی هۆمۆژ رۆی، ئێستا مەینۆشم
ســـەیرم دەکات باشە سەیریکەم نامەردم
هیلاکی رێگەم لە داخی خوشکە، ڕوو پۆشم
****
خەرمانی ژیانم نامەرد لە دەستاری داوە
گوناهم چیە پەروەرێن قینی لێم هەستاوە
کابرا لێم مەگرە، کە گفتم تفت و قێزەونە
ماقۆری دەماغم لە ئاکاری دەریادا خنکاوە
****
زۆردار لە دوارۆژ، وەك تەمتەم ورد دەبێ
شاهیدە لەسەری خاوەن هێنەری غەزەبێ
هەڵمەتی لە کارە هەر ساتێ کە نایزانی
تاوانی چیە، کە خۆی هەڵگری ڕێگەبێ
****
سەفای دنیا ساتێکە لە بەشی هۆشت بردم
ڕێبازی ڕاستینەی خەیاڵ دڵنەوایی کردم
هەڵفڕی ئاشتی، ژیان بەگوێمدا چرپاندی
کێوی حەسانەوەی لە کەفی دەریادا شۆردم

نامە ژانێکە لە دڵەوە دێتە ناو دەشت و دەر
سەوزایی دەباتە ناو کاوی شاخی بێخەبەر
تا ڕایەخی زەوی هەڵدەگیرێ و دەتەکێنرێ
درەختی بێ میوەیە و ناگرێ هیچ گوڵی بەر
****
کردار لەکەون هات و مرۆڤ هەستی پێکرد
یەکەم تاوانیش لە پاکیەوە دەستی پێکرد
بەهار بوو بە برا وردیلەی هاوینی زۆردار
پاییزیش زستانی هێناو لە پڕ بەفری تێکرد
****
خۆشەویستی دەبێ لەدڵەوە بێ نەك لە جەستە
بێ فیزی تێدابێ و دوور بێ لە دەست گەستە
خۆشەویستی و جوانی دوو بنەمای لێك جوودان
جوانی دنیاییە و خۆشەویستیش دڵی مەبەستە
****
سەرکەوتنی وڵات لای سەرکردەیەکی زانایە
لە هەوڵداندایە و شکستی بەخەیاڵدا نایە
ئەو خواردنە دەخوات، کە هەژار دەیخوات
دارایی بۆ وڵاتە و دزی بە هۆشیدا نایە

کەڵەك بارم لە شورای باخچەی دەروێشدا
لە من نەفرەتە، خۆشی خەبیرە لە ئاوازدا
شەووەزەنگی کۆرپەیە لە سیپاڵی بەرگمان
یادەوەریە لە زەویدا لە دەرخستنی گوناهدا
****
تەریقەتە سوورە کە هێرشی هێنا بۆ لاوێ
نوزەی دەنگی تۆڵەدێ لە دەست قورشێلاوێ
فوی سەری منداڵە لە شیفای بێ دروێنەیی
میرا تمانە پاشماوەی بەرهەمی بەربادراوێ
****
زرینگەی زەنگی تەڵەسمە هاتۆتە کاو
ئەفسانە بیستومە، کە نەمدیوە بەچاو
شۆڕکە کە هات ڕێگەت هەربەرەو مەوتە
زیندەوەر بێ زمانی لەترسی خوڕەی ئاو
****
ڕووی سورم دەسوڕێ تا فودە کرێ بەسوردا
لاشەی داماوم دەسوتێ لە کەتانی زووردا
سیلەی چاوم ئامادەیە، لە تەکبیری هارێ
پیاڵە دەگرم لە تەختی بەردی سەرموردا

وەرزی هاتوو هەموو نەشونمای خۆزگەیە
تەریقەی شاقەل جەژنانەی مانگی دگەیە
هەڵبەت ڕیزکەری زێڕو زیوی پڕ ڕووناوە
لە بۆچوونی ناهەموارت سەوزایم بەڵگەیە
****
ئەسرینم بۆ لاوێ غوربەتی لە چاوڕەشکرد
شەو تاکو بەیانی خەیاڵی بەسەرومڕ دەکرد
نسیبی لە ڕیزە هاوەڵی بەرزە فڕیوی ڕفیوو
لەهاتەی ڕۆمان هەناسە هات و بە پەلە مرد
****
نامەرد خۆی بەزەردە دێنێ لەتەك كەسێ
چاوەڕوانن چەند كەس بەرامبەر هەوەسێ
هاكا بانگدرا دەڕۆن بە كۆمەڵ هیچ و خوار
زەردەیان بوو بە گریان لە ترسی نەفەسێ
****
بەورتەی لێوی خافلاَوت بەسەرمان هەشە
لەمیراتی پادشا قامچی و داری تەڕمان بەشە
هۆڵت نەدیوە یەكی ترت مەبەستە لەخەون
بە ئیشارەت هاتە پێشمان ئەو ڕۆژە ڕەشە

تەنگە دراوین وەك كابرا نەزمان لەلاشانە
وەستە بڕۆن لەدەستی كۆمەڵێ لێنەبانە
چێژمان مارە چوكێیە لە كەناری چۆمدا
كۆڵەكەی هەرزاڵ ناڕووخێ، كە لە ڕزیندانە
****
فكرم كردەوە بۆبەلای خۆم زانیم كە نەزانم
دڵمان خۆشە كۆڕی سازدانی مەیە، كە دەزانم
وێرانكەرێك پیاڵەی شكاندین، خۆی لێرە بوو
ڕۆژێكم بینی لە پایز بە كڵۆ دەوەری خەزانم
****
زولفی شەوبۆت تاڵ تاڵ لە زولفم ئالاّ
بە هەست هەتیوی فرۆشت لەشێوەی كالاّ
سەروەتی بردینە ناو لیتە بەبەرگی شۆڕی
بەترس باخی نیشاندا لە دەرگای پڕوالاّ
****
سكالاّمان بێ ئە نجامە لە هەیبەتی لوتكە
یار هەڵگەڕایەوە بۆ هەواڵ پرسینی توتكە
چی دەبێ هەمان بێ دۆست لەملان و مەی
لە شوێنی ئەو گەرەكمە خا نمی زولف قوتكە

ڕۆژم بووە بەشەو لە فکرەی هەبوونی خۆم
ئاشکرا نەبوو بوونم، لەبوونەوە تاڵی دەخۆم
فریادڕەسم ئاهورایە، بۆ مانەوەی ناو ژیان
ڕوومەت لۆچی تێبووە، دەبێژم پەکو لەخۆم !
****
ترسی ئەفسانە بەدوورە لەبەدەنی خاڵی
بەدەنگی زاری کەسێك چۆتەوە ناو ماڵی
بینەری تێماو چاوەڕێیە لە دیدەنی هاتوو
لەهەر هاتویەك، پە پولێك چۆوە ژێرباڵی
****
هەرچەندی ها تمە ناو ژیان دووبارە بوو
مزگێنی چەند کەسم لەلا ئەفسانە بوو
هیوام نەما بە ژیان لە ئاوی سێ بەش
زۆر داماویشم بینی هەر بێ لانە بوو
****
مانگ گەرلەتێکیش بێت دنیا ڕووناك دەکات
وامەزانە بەس بە خڕی ڕێگە ڕۆشن دەکات
مرۆڤ تەنیا بەشێکی بچوکی جیهان دەبینێت
ئەمیش کاتێکە، کە خۆر ڕووناکی بۆ دەکات

ئاکاری سروشت زۆرن شەو و ڕۆژیان تێکداوە
هۆش بەرگەیان ناگرێ و لەناو زەلکاو خنکاوە
پەڕۆیەك دیارە کە لەشوێن پێی جێدەمێنێ
کەمێکی تربیبینە لەنێوان سێ بەرد سووتاوە
****
خۆهەڵکێشانی ناو سروشت ڕێچکەی ڕسوایە
مرۆڤێك بەرزدەکاتەوە و یەکیش هەڵوەدایە
بەڕوویەوە پێبکەنە تا ڕاینەکێشاویە باوەش
دەنگت بەرزمەکەوە کە دانەوێڵەت لەئاشدایە
****
دەمی گورگ و ناڵەی ئەسپ لەچیایە دەنگی
تۆش وەك لغاوی فیرعەون بەزەبر و زەنگی
بێ هەژمار دەکوژی، یەکیش دەکەیتە قاتیل
خۆشی بۆخۆت و سووتان دێنیە ئاستی ڕەنگی
****
بۆچیمە ژیانێك کە بێ ساز و سەنتوور بێ
چریکە و خەیاڵی دەنگی ڕووە و ژوور بێ
جریووەی بولبول کەمێ بمدوێنێ لەسەر لق
هەموو قاسپەی ناو پاییزی ڕووەو ژێربن بێ

کە یەکێ ڕۆی مەبێژە کردەوەی چۆن بوو
هەڵۆ کاتێ بە بەچکەی دەزانێ کە برسیبوو
کەڵەکی باخت باش بنیادبنێوە بۆ ئاوەدانی
کە  پیاڵەیەکت لێشکا بڵێ  هاوخەمم بوو
****
بێ مەستی، وەنەوز هیچە لە ڕووخی دەریا
هەر پاچەکۆڵەیە کرێکار دەناسێنێ لە دنیا
گووزەر تادێ لەدەست پادشایە تۆش کۆیلەی
مرۆڤێ تاوانی کرد وچەندیش مردن لە بنیا
****
مەڵەغان سەرقاڵی شێناییە و جیهانیش ڕووح
زانست کات دوای کات هاتووە لە دوای نووح
گەر مرۆڤ خاوەنی دوا وتەی خۆیبا تاکۆتایی
تاوان دەرنەدەکەوت، لەلاقی پۆخی گەربووح
****
زانینێك کە وێڵی لەدوای لە مەینۆش بیبیستە
لە زانیندا دەریایە وامەزانە بەجەستە سستە
لە خۆت بەگوومانی لەدوای خۆشت ناگەڕێی
لەجیاتی تانە، پە نجەی خۆت بێنە بیگەستە

بریا لەو گۆڕانی سروشتە مرۆڤیش گۆڕابا
کردەوەی بەدکارانی بە ئـاشکرایی هۆنیبا
هەر زاڵمە و لەسەر لق و پۆپی دارە بەخۆشی
خۆزگە جارێکیش لەگەڵ هەژاران پێکەنیبا
****
بۆ گێژەڵووکەی سەرت مەی چارەی دەردە
ئەوەی هیچ و خوار بڕزێنێ کەسێکی مەردە
هەرنـامەردە، بۆ تـاوانی نـامەرد کوێرە چاوی
لەسەری کۆیلەی دەخات، کە گەردن زەردە
****
مرۆڤ کە بەدکاربێت ئەی مرۆڤ بوون چیە؟
مرۆڤی زاڵم، جیاوازی لەگەڵ ئەهریمەن چیە؟
مرۆڤ تـاوانی مرۆڤ دەبینێ کە دیارە بە ڕوونی
لێرەوە دەپرسم ئەی داد پەروەری چۆن و چیە؟
****
لە سروشت ڕامام بـازنەی هۆشم واق و وڕبوو
لە سینەی دام شووشەی دڵم بەجارێ وردبوو
جووت دادوەری سەرشانم هەستیان پێکرد
نووزەیان نەما پێنووس لە نووسین تەواو بوو

پاکی لە کەسێکدایە خۆی لە کەوندا بنوێنێ
گەردن درێژکە و بۆ ڕاستی سەری دانەشکێنێ
لچك شۆڕێ، کە هەموو ژیانی تەڵەکەی ناوە
باوەڕی پێمەکە سەرشۆڕ کردەوەی پێدێنێ
****
مەتاسە لە ناو گڵ، خۆی دەڵێ لەگڵ و ئاوی
بەلاشە بێترسبە، کە دەترسێی لەچوونە ناوی
لێرەوە داهاتووت دیاری بکە و بۆی بڕوانە
بەباشی بۆ ژیانت بگری، کە دڵخۆش نەژیاوی
****
ڕاستی تاڵە بۆیە زوو پەنا بۆ مەی دەبەم
درووست دەمناسێنێ سروشت کە من هەم
بێکەس مرۆڤێکە سات دوای سات بێهۆشە
ناوشانی چەپی هێناوە بۆ تیری خاترجەم
****
سرووەی بەربەیانی شادیە بۆ شوان و سەپان
نەفرەتێکە دەگات بەڕووی کوڵمی دەریاوان
سستە لە ئاستی مەستی کەسی ڕووسووردا
وەك بکوژ وایە ڕوودەکاتە ملی لێقەوماوان

ئادەم لەخۆڵ هات، ئافرەتیش لەئەو هاتووە
هزرینیان نەبووە، کە خودا ماری بۆیان ناردووە
سزای ئەم کارەیان وێڵبوون بوو بۆ ناو بیابان
لە مەشەوە ژان و خشکان و ئارەقەیان ڕاهاتووە
****
مرۆڤ تاوانی چیە لە زۆرلاوە زوڵمی لێبکرێ
بسوتێ و زیرەی دەنگی بەری ئاسمان بگرێ
لەناو سەوزاییەکە، شوێنەکەی گشتی تاوانە
تەمەنی درێژبێ یان کورت، هەر دەبێ بمرێ
****
مەستبە بۆسەر خەوێك لەسەر سینگی نەرم
بەتەنیا نۆشین لەتەك مەی دەتگرێ شەرم
دەشت و دەر سا چەند ڕازاوەبێ لەو ساتەدا
بە پە نجەیەك نابێ کە بۆ لێوانی یاری بەرم
****
خەو زیندانێکە لەنێوان وەرزی سارد و گەرمە
لە دوای تۆو و قەرسیل دواتر دروێنەی گە نمە
لەم هەموو پانتاییە تۆزێ لە لیتە نابینرێت
گۆڕی پیاوچاك بە ئاشکرا دەوری بەزم و نەزمە

ڕۆژگار سەرقاڵی ئاوڕلێدانەوەیە، بۆ سبەی
بەختی هەر تاڵیە هەر بۆیە دەنۆشیٚ مەی
وەك بای شەماڵە قسەكەری پڕوو پووچ
ژیانی دەست لەملانیٚ جوانە لەگوڵی بەی
****
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ غەم، وەك هەوری ڕەشە
لە پاداشتی ژیان داڵغە لێدا نمان بەشە
هاوشانی مەرگە شێوەی ژیانی وەها
لەگەلٚ تاڵی هاوڕابە ژیان بۆتە هەڕەشە
****
یاسای پیاوی دەرۆزەكەر بلاٚوە لە شاری میر
دوو دەلینگ پێوە دەكەن بەدەستی وەزیر
تا لە سێبەرێك ڕاكشێین بەجەستەی ئارام
پاچ دەقیژێنیٚ لە سالٚ و بازنەی كۆلكی پیر
****
خۆش بەخت كەسێكە سروشتی ڕەخساوە
لە بەختی بەختداریٚ بەنی ناوكی پساوە
كاتیٚ هانا بۆ یەكیٚ دێنیٚ كە كۆتاییە ژیانی
سەرقاڵی زۆر كردەوەیە و هەناسەی نەماوە

جوانی سروشت بۆ لە خۆبایی هەڵدەسووڕێ
بێهۆش خۆیەتی و بوون لە پێناویدا دەگۆڕێ
قاڵیتەی لە ملە و ناپاکی لە ناخیدا بەشدارە
ئاکاری قێزەونە، کەچی ژیان بۆ ئەو دەنۆڕێ

****

لە ژیانێك دوورکەوە کە ماتەمینی بێ بۆت
خوانت بەمەی بڕازێنەوە با بگاتە ئاسۆت
زیندەوەرێك هاتووە کە هەزارانی لە پشتە
گەڕانت ئەستەمە بەدوای گوڵی شەوبۆت

****

لە کەلێنێك یاسادانراوە کە خۆی سەرخۆشە
نازانێ کە ژیانی تاڵ هەر بەمەیەوە خۆشە
بەزۆر ڕیشمە بۆ دەم وچاوی ئەسپ دەکەن
ڕیابازن و ناو و نازناو دەیانهێنێتە خرۆشە

****

بـــە هۆش بپرسە، نـــەك بـــە زار و زمان
فێربوون ئـــەستەمە تـــا نـــەکـــەی گومان
بـــاخچـــە زۆرن و هـــەموو گوڵێك گەشنیە
ئـــاژەڵیش وەك مـــرۆڤە بـــۆ هاتن و نەمان

بـــە پیالّە و مـــەی لـــە چۆمیٚ ڕووبکە مەستی
دلّت ئارام کە دوور لـــە ناخۆشی و پەستی
سروشت کە پیالّەت لیٚبستیٚنیٚ بۆیەکی تر
تۆ نەفرەتی لیٚبکە لە ئاکار و هەستی
****
ژیان هزریٚکە بۆ بەدەستهیٚنانی دەستکەوت
نازانم بۆ ئەوەندە نامەردە دەیهیٚنیٚ مەوت
تاویٚ دوور لە پیالّە و مەی بەفیڕۆدانە ژیان
شیرینی، تالّی چەشتنە ساتیٚ کە نابیٚ زەوت
****
چەندەها وەرز و سالّ بەسەر مرۆڤدا ڕۆیشتن
پەیام کە لە زەبوورەوە دەستی پیٚکرد و هاتن
سەرم گیٚژ دەخوات لەناو چەندین پەرتووکدا
وتەکان خۆی بوون بەلاّم هیچیشی نەهیٚشتن
****
ژنیٚ کۆرپەی نابیٚ قوربانی بۆ خودا دەکریٚ
بۆ ئەم کارە دەوور لە کۆمەلّە بەردیٚك دەگریٚ
لەم کەسە بیٚهۆشە تیٚناگەم کە دلّی خۆشە
پیٚیوایە خودا کەسیٚکە بەرتیل وەردەگریٚ

خۆزگە مرۆڤ ڕاستی و ڕوونی نە پۆشیبا
پاکی بەفربایە و ڕووی زەوی دا پۆشیبا
پۆشینی ڕاستی وەك دزینی پیرۆزیەکانە
خۆزگە دڵیش دەم بوایە و زمانی گوشیبا

****

بەس گوێ بدە بە دووبارە بوونەوەی ژیان
ئەمڕۆ یان سبەی گوزەر دەکەی بۆ نەمان
ئەوەشی سەیرە و شایانی هزر بێ ئەمەیە
کە چۆن دەروون دەڕوات و دێتەوە ناومان

****

جیهان نە بۆ منە و بگرە نە بۆ تۆیە تاسەر
زۆر سەیرە مرۆڤ هەرایەتی بۆ دوو سەر
گرنگ ئەوەیە هەست بە بوونی خۆت بکەی
بهزری لەجیاتی دەرخستنی باڵا و کەمەر

****

یەکێك سامانی هەیە و یەکیش تێماوە
ژیان کورتە و دیاریەکەی کەمێك جاوە
خاوەنی ژیان کەسێکە کە هەیەتی ئیرادە
هەوڵدەدات، کە بزانێ کێ بەخۆشی ژیاوە

ئەو کەسە هیچە گاڵتە بە پیاڵە و مەی دەکا
هەر خۆشیەتی، کە فیڵ لە دۆستەکانی دەکا
ژیان خۆش نیە، گەر ناخۆشی تێدا نەبینرێ
تەنگاو دەبێ و لەبەر زۆرداری بە پەلە ڕادەکا
****
سووکایەتی بۆ کەسێکە هەموو دنیا بباتەوە
ڕۆژێك هەڵە بکات، لە شەرمان بیشواتەوە
سەر بەرزی بۆ کەسێکە، ئاگای لە ژیان بێ
نزیك لە کۆمەڵگەبێ، هەردەم هۆشی بکاتەوە
****
لام سەیرە مرۆڤ سپێدە زوو هەڵدەستێ
بەناوی پاڕاناوە ڕووەو ئاسمان دەوەستێ
پێیوایە بەم ئاکارە ماڵی دەچێتە ناو زیو
بۆ سەرووەت، پەیمان لەگەڵ خودا دەبەستێ
****
سروشت بە دەوری دویراندا هەڵدەسوڕێ
بە هێواشی بەرەو رووی مرۆڤدا دەگۆڕێ
کە جوانێك دێتە لای دەیگرێ پایەی شەرم
تێناگەم، بۆ تەنیا لە هەندێ کەس دەنۆڕێ

چ لە رۆژگار بکەم، کە تامەزرۆی دیدار بێ
بۆ مەشخەڵ دەڕوانم، نەك زەمینم بەیار بێ
لەسەر کێوێکیش نەی لەتەك مەی ڕاگرم
چرپەی دوورە بەهارم بە حەیرانی یار بێ
****
مرۆڤ ڕەونەقی ژیانی لە ڕەندە دراوە
وەك خۆراك لاشەی بۆ دەمی کەون براوە
لەسەر پشتی پارێن داڵغە لە نادیاری دەدا
هزری لای ئەفسانە و هۆشی بەئاو دا دراوە
****
نهێنی سروشت بۆتە مێکوتە لەسەر دڵم
زەوی دیارییەکە بۆ گەلۆر و خاوەن زوڵم
هۆشی هەژار پێویستی بە مەیە بۆ چارە
چیاکانی بێنە بەردەم، وەك سینگ و کوڵم
****
ئەوانەی شکست خواردوون، دایمە لووت بەرزن
سەرکەوتن بۆ ئەوانەیە کە بێفیز و لووت نزمن
دژایەتی نێوان مرۆڤەکان هەتا سەر خۆ ناگرێت
ئەوانە تێیدا ریسوادەبن کە دووڕوون و دایم دزن

سەرکردەی خوێنمژ لە ولاٌتی نەفام سەرهەڵدەدات
گە نجی مردووش بۆ وتە هیچەکانی چە پڵە لێدەدات
فکرەی داهات و سامانی ولاٌتیش لەژێر پەردەدایە
نەفامترین کەس ئەوەیە بیٚ ئاگا بانگی بۆ دەدات
****
گەردوون وەستاوە و مرۆڤ نا پاکی تێدا دەکات
زیندەوەرانی تر دەیپارێزن و مرۆڤ پیسی دەکات
مرۆڤ لە پێناو مانەوەیدا گەردوون دەسوتێنیٚ
زیندەوەری تریش بۆ بەچکەکانی جوانی دەکات
****
هەسارەکان بەرە بەرە لەیەکتر نزیك دەبنەوە
هەریەکەشیان ڕووبەڕووی گڕەی خۆر دەبنەوە
زەوی یەکێکە لەوانە کە مرۆڤ هەستی پێدەکات
بەمەش ئاوی نامێنیٚ و تەڕاییەکانی وشك دەبنەوە
****
لە کانیەکەوە هەوڵدە دەریایەك دروستبکە
هۆشت بکە بە بەلەم و هاتووچۆی تێدابکە
تا زەریایەك فرمێسك نەڕژیٚ، نایە بزەیەك
هەزار گولٚ بڕوێنە و ئەوکات گوڵێك ماچبکە

مرۆڤ ئاوی بەدەست بوایە دەیکردە کانزا
بازرگانی پێوەدەکرد، دەیهێنایە باری نزا
بە بەهاترین پێویستی ناوی دەهێنا و دەبرد
هیچی نەدەگەیشتەوە لە زێڕ و زیو و مزا
****
گەردوون فراوانە لە هەمەچەشنەیی بڕوانە
یەکێك پیاڵە بەدەست و یەکێکیش دەریاوانە
هەژار و بێچارە لەبەردەمی بە فیز وەستاون
باشترین بەزەیی کە هەبێ لای مە یخۆرانە
****
خۆشی بێهەست بوو بەر لەوەی بێتە دنیاوە
گورگ کە هات، وتەش لە ئاسمان دەنگی داوە
ژیان بەرە بەرە ماڵئاوایی لە مرۆڤ دەکرد
لە فرمێسك دابە کە لە پێشینان وەرگیراوە
****
سروشت هەموو خۆزگە و ئاواتە بۆ چارەڕەش
چەند نازدارە لە قوژبنێك پێیەکت بدات بەش
دادوەر چاوی لێتە لە پای چی دوو دابینکەر
یاساکانی کەون خۆتی، تا بۆشایی زەمبەلەش

ژیانی زۆر مرۆڤ بە زۆر کردەوە دەگەیەنێت
فێری ئاکارەکانی دەکا و پاشان دەیمرێنێت
زیندەوەرێك نامێنێ، هێشتا لەدایك نەبووە
سەری سپی دەبێ، کە تاوانی مرۆڤ دەبینێت

****

بێ شوێن، بێ پێدانی خۆزگە کە چارەڕەشم
داغ لە تەمەنی لاویم، کە ناخۆشی بوو بەشم
سروشتم فێری کردم ببمە میوانی بادە و نەی
تا ئەو کاتە دێ، دەبێتەوە گڵی تەندور هەشم

****

میوانی شەرابێ ئەو وەچەی تری و بەرسیلە
ساتێ بێ ئەو ژیانی دنیا، مەینەتی و زەلیلە
کێویێك، کە دیارە بە بورکان چەکەرەی کردووە
مەروانە لە دەرگایەك کە پێویستی بە کلیلە

****

ڕووەك زۆرە، هەریەك جۆرە میوەیەك دەگرێ
هێمای پرسیارم، کە باس لە جودایی دەکرێ
بێ هەژمار میوە هەیە، کە سوودی زیاتر هەیە
لەبەرچی هەندێکیان، لای هۆش پیرۆز دەکرێ

زانست شتێ نییە بەرێکەوت بێتە ناو دەستت

دەبێ خۆت بگەرێی بۆی تا دەجوڵێنێ نەستت

ئاوێکە هێواش هۆش بۆ پێشەوە دەجوڵێنێ

پەلە لەژیان مەکە بۆ ناونیشان و دەرخستت

****

مرۆڤ بە جوانترین هەبوو، لەقەڵەم دەدرێ

بەرنامەی ژیانی لای کەسانێك بۆ دادەنرێ

هزرینی ئازادی بۆ براوەتە ناو قەفەسێك

کارو کردەوەی بۆ ئارەزووەکانی رەوتدەگرێ

****

کەون هۆیەکە لە بەختی، کەسێ کاردەکا

کەسێکی تر سلاوی لێدەکات، لێی رادەکا

مرۆڤ تەنیا لەم ناوەدا تێدەمێنێ بۆچی؟

گومان دەکا، کە سروشت خۆی بۆ وادەکا

****

کاتێ لاوی دەرواتە سەر بەرەو پێدەشت

غەم بناوانێکە رێگرە لەهەنگاوی گەشت

ژەهر بۆتە چارەی گیان نازانرێ تامەکەی !

غەمی زەمانە هات، دەبێتە خاوەنی بەشت

یادگاری و سەربردە، بەمەیەوە جوان وخۆشە
ڕاناوەستێ ئەم و ئەو کێیە خۆی خاوەن جۆشە
قەلەڕەش تەنیا لەناو لانەی خۆیدا وەنەز دەدات
بۆ لانەی پڕ سوور و ساقوتی داماو و بە پەرۆشە
****
چەندە گەڕام نەمدیتەوە لە تۆزی ڕۆیشتوو
دەف تێکەڵی ببوو لەناو میوەی زۆر گەیشتوو
گەر ئامانج وابێ ئازادی ڕووی لەکام شوێنە
خۆش بەخت گازندەی ناوێ بۆ ئاوی نیشتوو
****
بار تێکنراوە بەرەو پیری هەر لە نەبوونیدا
بابرەخسێ جارێك تاقیکردنەوە لە هەبوونیدا
یاسای سروشتە، یان یاسای هۆشە لە دەروون
تاوانە لەخۆت بخەفی لە کەونی بێ بەزەییدا ؟
****
کە مرۆڤ درووست بوو لە پاکترین شوێن بوو
بێئاگا نا پاکی تێدا کرد و لە پڕ بێ جێ بوو
یەکەمین خرا پەش لەو شوێنەوە دەستی پێکرد
کۆیلایەتی هەر لە هزری ئەوانەوە درووست بوو

هەموو کات ناشرینی سەرچاوەی جوانییە
سەرچاوەی جوانیش هەرگیز بە تەنیا نییە
شتێك هەیە بۆتە بناغەی سەرەکی جوانی
ئەویش پنتێکە هەموو کات لە هۆشدا نییە
****
ڕوخسار و زەردەخەنە ڕەوشت دیاری ناکا
دانا مرۆڤ نەبینیٚ ئاکاری دەستنیشان ناکا
بە هەردوو چاوت شاری مێروولەکان ببینە
شوێنێك مرۆڤی لێنەمردبیٚ هیلانەی لێناکا
****
کردەوە مرۆڤ دەردەخات نەك زار و زمان
ئەوەی ئاما نجی تۆیە، بریتییە لە گومان
باس و گێڕانەوە زۆر کات دوورن لە ڕاستی
نێر و میٚ هاورا نەبن لە شوێنیٚ، نابێتە ژوان
****
تر پە ترپ دێت، وا خەریکە هەست پێدەکەم
بارگەم تێکناوە قسە و ئەفسانە لە کۆڵ دەکەم
هەر تەبارێك ببینم بۆ من پێخەفی جێگایە
کاتیٚ کە دڵخۆشم بەمەی تام لە ئارامی دەکەم

لاسكی قەدت دەرژێت وەك لاسكی بەندۆكە
زیندەوەری بێزمان بێزاربوو لەناو ختۆكە
كەون وەك تۆ تینوویەتی بۆ ئاوی باران
ڕووەكیش قژیەتی بۆ هەڵمژینی كارێزۆكە
****
ژیان تەڵزم دەهاوێ، كە ترووسكەی دیارە
شوێنی پڕخوێنە و جێگاكەی پڕ لە ئازارە
گورزی زۆر بەزەبرە و لەناكاو دەتگلێنێ
بێبەشت دەكات لە خۆشیەكانی ناو شەوارە
****
لە پڕتاو هۆشەكان دەچنە ناو ژیانی كەبارێ
باران و تەرزەش تك تك دێنە ناو مەزارێ
تلەبەرد بەرچاوی گرتووی تانەبینێ چاوت
گۆمی لێ درووستكردووە و بەندكراوی بەجارێ
****
خەیاڵم دەم تاسێنێ زەوی پڕلە شادەمارە
گشتی چیا و دۆڵ، یان كانیاو و ڕووبارە
كە بیرێك لێدەدرێ دەمارێك زامدار دەبێت
سەدای نییە و وەك شەوگەڕ شەش پێدارە

لەسەر پێستی کەون، درەخت وەك قژ ڕواوە
بەفری زستان، کرێژێکە بەسەریدا داباراوە
بوون و نەبوونی بەتەڕایی ژێریەوە بەندە
ئاوی ژێریشی لەگەڵ خوێن بەراورد کراوە
****
مرۆڤ زیندەوەرێکە لەناو کەوندا دەژی
پیشەی ژیانی بۆتە خواردن و خوێن مژی
هەریەکە فکرێك و یەکێ لەشتێ هاتۆتەوە
تاك قێزەون، لەم ناوە لێی بۆتە بارگرژی
****
جڵەو دەدەمە خۆم تا بەردەوام بێت فکرم
کاتێ دێت هەر دەپێێکم مەبەستی هزرم
ناتاسێم کە جەماوەر جوك جوکەی لێدا
شێوەم نارێکیش بێ، بەتەنیا ڕێگە دەگرم
****
هونەری خۆش فراوانی ناو دەروون مەیە
زیندوو‌بیت یا مردوو، لەسەرت هەڕەشەیە
ڕابواردن لەتەك کیژۆڵەیەك، گەردوون دێنێ
چاوەڕێکردن بۆ دەستخۆشی لە ژیان گەمەیە

خۆشی و ناخۆشی ناو کەون هەر بۆ مرۆڤە
لەم پەندە دەست دەکەم بەفکر و بەشرۆڤە
کاتێ لە دیاری زەوی بێبەشم خۆم بەتەنیا
لە هێز بەگومانم، لە پەرینەوەی بێ پرۆڤە
****
هەناسەی هەنسك بەمەی دەکرێ چارە
چەندێ ئارەزوو بکەی هەر بێ گوڵزارە
پەلکەگەلای درەختێ، کە با دەیجوڵێنێ
من گیرم خواردووە کە بەدەستی لکێنکارە
****
کا کێشان کاتێ کە لەئاسمان دەردەکەوێ
ڕوون دیارە ڕێبوارێ لە چیا بەرێدەکەوێ
مانگ لەوساتەدا ڕووناکی دەدات بەزەوی
بێشك دیار نییە کۆڵ و بار لەکوێ دەکەوێ
****
ژیان بەردەوامە و کەون بەسەریدا زاڵە
کەس بۆی دەرناکەوێ نهێنی کەفی پیاڵە
یەکێ بەیەکێ دەڵێت، گومانت لاڕێیە
خۆی ناهەتەرە و لەگوماندا پڕ شەتاڵە

سروشت دەگۆڕێ و مرۆڤ دووبارە دەبێتەوە
یەکێ لە کەون دەڕواو یەکێك شین دەبێتەوە
وەك تۆوی ڕوەك وایە پێدەگات و نامێنێت
زەویش ناوەناوە دەشۆردرێ و زبر دەبێتەوە
****
بەهار بۆ ڕووی خۆر گوڵێك پێشکەش دەکا
کەچی بێوەفایە و خۆی بانگی هاوین دەکا
دواجار پاییز پڕبەدەنگ هاواری بۆ دەکا
زستانی بۆدێنێ و لە هەموو سەوزایی دەکا
****
لەتەك کۆمەڵە زەلێك چەند خۆشە دانیشی
لەدەم چۆمێ ئاو بەردەوامبیی لە مەینۆشی
مرۆڤ چەند بەدبەختە لە ژیانی دووبارە
وا دەفکرێ، بە ئاسان ژیان دەکەوێتە کۆشی
****
لات سەیر نەبێ، ڕامێنە لە بەندکردنی خۆت
نشینگەت لێرە و لەوێ بە زنجیر کراوە کۆت
هەڵخولێ بە دەوری شەڕاب و ڕووی کوپەدا
هەواڵی مرۆڤ شتێکە، دەڕوات و دێتەوە بۆت

دوور ڕاوەستە تا سروشت دێتە ناوشان و سەرت
بێ هەستی لە خۆت، کە دەبیات ڕووحی بەرت
تۆ خۆش ڕابوێرە، ساتێ بەدەم کوڵمی جوانێ
گەردوونی زۆردار زوو دەیرفێنێ دڵ و جگەرت
****
کە مەیگێڕێك دەبینی زۆرداریت لاوازە
لە کاتێکدا گشت کردەوەکانی پڕ لە ڕازە
بزانە، کۆکراوەی کای بن خەرمانە هۆشت
هەنگاوی جاهیلیشت هەم مەکرو هەم نازە
****
ئیلاهی خۆی دەمانبینێ، خۆشی نادیارە
بۆکەس ئاشکرا نەبووە باسیشی لەسەر زارە
هەرچەند نابینرێ زاڵمایەتی دەخەنە پاڵی
سزای ئەمان چیە؟ دەیشوبهێنن بەم کارە؟!
****
کەسێ کە پردەکات، ماندوییی پێوە دەبینێ
سەراوسەری لێدەکات، دڵی نایە بیسووتێنێ
فکرکردنەوەت با لەناوەوە بێ نەك دەرەوە
نابادا ڕۆژگار بێت و لەبنەڕەتەوە بترۆخێنێ

نێرومێ دروستکراوە، بۆ زۆرو زیادی زەمانە
یەکێ بەناوکەوتووە و یەکێ بۆ هەش شێلانە
ئەمە هەڵەی سرووشتە یا نووسراوە لە ڕۆژگار
کە تائێستا بێبەریە لەو دەسکەوتە دەگمەنانە
****
چەندی هۆشت ئاوەڵاکەی بەهیچ ناگەی
مەی بێنە و ساتێ بخۆرەوە بەدخویی تاکەی
هاتینە کەون ڕووت بووین، گوناهمان نەبوو
بەمانتۆی تەڵەوە هەتاکەی بە شوێن چاکەی
****
تاوانبار خۆتی کەچی سەری من دەسوورێنی
پاڵت لەیەکی ترداوە لەبەر ڕەمزی سوورێنی
بۆ تاوانە برایانە بێین سروشتمان بپشکنین
من بە خرا پەکار و خۆت بە چاکە دەشوپهێنی
****
دەردی پیری دوو دەستی شایەنی گۆچانە
چونکە دەلەرزێت و هەمووکات بێ وچانە
لاوێك لەولاوە ڕێك وەستاوە بۆ ژووانی یار
هێشتا بۆنی نەکردووە، کەچی سەرگەردانە

لە سپێدەدا ئاسمان بەڕوونی دێت و دەچێ
هۆشی بۆشی لە قاوغی دەماغدا هەڵدەچێ
تادەگاتە وادەی بەسەرچوون لەم چەرخەدا
زۆر لەسەرەخۆ دەڕوات بۆ ناو ئاکاری کەچێ
****
لە هەر کارێکت پشت بەئەزموون ببەستە
نەك هاورێییەکت کە هەموو گیانی سستە
تەنیا زاڵیك هەیە، لەناو زیندوانی کەون
ئاکاری دنیای زۆرە، تا گومانیشی بەدەستە
****
هەڵمەچۆ کاتێ دوو هیچ زەردەخەنەیانە
ڕۆژگار دەگۆڕێ، ساتێ دەبینی واوەیڕۆیانە
نەفامێ تیماریان دەکات، کە خاڵیە هۆشی
بۆ دەرمانێ دەلاوێنەوە، کە مردن شایەنیانە
****
تەنیا یارێکم دەوێ شەتاڵی مەستی مەی بێ
جوان و چاوبەقومار نەك گەریدەی شێخ بێ
بێهودە تامەزرۆی هاتنەدی بناغەی خەیاڵم
چیبکەم لەکۆشکێ، کە لەناو خەونی بۆش بێ

لـــەم کەونەدا ڕاستی مـــەرگـــی پێوەدیارە
شنەبایەکـــە باسەکەی لـــە کرۆکـــی شارە
وتەیەکە دەبزوێ لـــەم سەر بـــۆ ئـــەو سەر
گوریسەکـــەی ملیشی لـــەدەستی بـــەدکارە
****
کە خۆرئاوابوو بەباشی بنوارە لەبەرزی شاخ
ڕاوچیان بە شنەوزەرەوە هەڵدەکێشن ئاخ
لوتکە وادێتە بەرچاو کە ناوسینگی ئافرەتە
خۆشیەکەی بۆ کەسێکە کە پاك بێت لە ناخ
****
تاڵەمووی مرۆڤ کۆیلەی سەر دوو دەستە
ئازادیەکەی لای سەرخۆش و سەر مەستە
چەنەگە کە خۆی چاڵەو ڕدێن داپۆشیوە
بنکەکەی تلپاوی ژێر نینۆکی ناچووستە
****
مرۆڤی ڕەوشت بەرز لە شەرمان خۆی دادە پۆشێ
بە نزم سەیر دەکرێ و بێبەشە لەهەموو پەرۆشێ
چاوی لە سامانی هیچ کەسێکی پۆزلێدەر نییە
کار بۆ سبەی دەکات و داهاتی ئەمرۆی دەنۆشێ

ولاّت هەرچەند پێشکەوێ پێویستی بە پێشکەوتنە
مرۆڤیش هەرچەند دڕندە بێ مەیلێکی بۆ تۆبەکردنە
تۆبەش بۆ مرۆڤەکان بە گرنگی خۆی نەشونمادەکات
تۆبەی بەرژەوەندیش نیشانەی ولاّت وێرانکردنە

****

گوڵ پێشکەشی هاوڕێکانت مەکە تا دوا نەکەون
هەموو کات بیانگریەنە تا فێربن بەدەما نەکەون
کار بۆ هاوڕێکانت بکە و چاوەڕێی سوپاسیان مەکە
ئەوانیش ڕۆژێ دێت لەتەنگانەدا فریای تۆ دەکەون

****

هەرگیز تالاّوی ڕابردووت مەهێنەوە بەردەم
بەفکر هاتنەوەیان کۆسپە بۆ داهێنانی سەردەم
هەموو کات هەوڵدە خۆت بە داهاتوو بناسێنی
هەموو ئاما نجت با بۆ نەوەی داهاتوو بێ هەردەم

****

ئەستێرە بەتەنیا نیشانەنیە بۆ سامالْ و هەور
دنیا ڕوون بێ یان نا سالاری هەردەدات بە بەور
جێگایەك، کە سازت کردووە بۆ خۆشی خۆت
مەودا مەدە کۆڵەکەکانی ببڕدرێن بە نوکی تەور

فێنککەرەوەی نـــاو سروشت وتنی ڕاستیـــە
مەردایەتی و چـــاکـــە دەرمانەکەی مەستیە
ڕاستـــی دەردەکـــەوێت، لـــە هـــەر شوێنیٚ بێت
فێڵکردنیش لای هـــەموو کـــەس نـــاچووستیە

****

تـا هەنـاسە هەبیٚ ژیـانیش دەستت لێبەرنـادا
بـاش بیربکەوە ئەگەر نـامرۆڤیش ملت بـادا
ڕێگەی ژیان چەند چاڵی قوڵی لەبەردەمە
خۆت بۆخۆت نەبی ژیـانیش مەودات نـادا

****

هەوڵدە چاوت لە گەورەت نەبیٚ تـا بۆتبێنیٚ
هەرچەندە هیلاك بیت بیرمەکەوە لەدوێنیٚ
سەرکەوە بەسەر نـاخۆشی و ڕەتەڵی ژیان
ژیان خۆی چەتوونە و هاتووە بتخنکێنیٚ

****

کۆڵمەدە کە بـارگرژی بـاڵی کێشابۆوە سەرت
چاوبگێرە لە دەورووبەر هەتـا پۆشاکی بەرت
تێبکۆشە تـا زاڵبی بەسەر نـاهەمواری ژیان
هاوڕێی مرۆڤێك مەبە، کە لالایەوە لەبەرت

بڕوامەکە بەکەسێ، خۆی بۆ خەڵك بنوێنێ
بۆ پایەی بەرزی هەزاران کەس بەگریە دێنێ
کارێکی وەها جێگای پاتەشڕەیەك ناگرێتەوە
ڕاستی وتن کاتێکە، کە منداڵێ دەزریکێنێ
****
بەخانمی ژیکەڵە مەخەڵەفێ، کە چاوی لێتە
جوانی باش نییە، ناخ پڕ لە خۆزگە و نییێتە
لەدوای جوانیەك بگەڕێ، بە ئاکار دەربکەوێ
بەکەسێ ڕازییە کە ناشیرنە و خەمی لە ڕێتە
****
کابرای دز، دزیەکەی تاسەر پێ ناشاردرێتەوە
کاتێ دێ بەئاشکرا خراپەکانی دەدرەوشێتەوە
کاتێ کۆمەڵگا خراپەکاری و فروفێڵی دەبینێ
چاوی نزمە و ئاوی ناوچاوانی دەبریقێتەوە
****
ژیان کە تیری لەدڵتدا هەرگیز لێت ناپرسێ
خۆی تالآوت لەگەروو دەکات و لێت ناترسێ
سەر و لاشە لەلای سروشت گوڵی ناو پاییزە
سوك هەڵدەوەرێ و لەبەردەم زستان ناتاسێ

شەو كۆتـایی نەهات، خۆزگەم بە ڕۆژ
دەركەوتن چینی دانا و چینی هۆمۆژ
هێشتا فكرم لەلای مانگی چواردەبوو
چ دەمێ بگاتەوە لام و بیهێنێ تیرۆژ
****
كەسێ لە پێناو گەل بێت بە ئاشتیاد
باكی نیە ژێرەوە یان سەرەوەی زامیاد
بمرە لەناو داد، لە پێناو خۆت و خۆی
زەوی چاڵی تاریكی هەیە بۆ ئەمورداد
****
دووڵی بەسە، ناخۆشی ژیانت هەڵكرێنە
ترس وەلانێ، بێترس خێرا كوپی مەی بێنە
تاسەرت دەخەیتە سەر سەرینی بن سەرت
دوور لێكدە لەتەك ئەوانەی هاوڕێی شەوێنە
****
قسەی ڕەق بەلێوە، لەدەستبازی بترسە
ڕێگایەك پێیدا تێنە پەڕیوی، بۆی بپرسە
كە كەوتیە ناوگۆمی خوێناوی گەردوون
دەربازت نابێت، دارودیوارت دەبێتە پرسە

قۆناغی لاویت هەرگویٚ بیستی ناو بالۆرانە
نەفام مەبە ژیان نەك بۆتۆ بەڵكو بۆ زۆرانە
ژیان بەتەنیا نەڕەخساوە بۆ كۆمەڵێك مرۆڤ
كەمیٚ بۆ هەژارە، كەمێكیش بۆ مە یخۆرانە

****

سروشت سەوزایی نییە بیخەیتە بن باسكت
كات دوای كات دەگۆڕیٚ بۆ هەستی ناسكت
گەر بتوانی بۆ مەرامەكانت بەكاری بێنی
گەشەكردن و بالاٚ دەكاتە دیاری بۆ لاسكت

****

گەر سیاسەت وەفاداربایە بۆ تاك و كۆمەڵ
كار نەدەگەیشتە وێرانی، بە دەستی تەمبەڵ
چەند گەورەیەك كە بۆ بچوكەكان باوەشێنن
سەریان بەرەو نەمانە، وەكو یاری هەمبەڵ

****

سیاسەت كەشی هەموو كۆمەڵگاكانی تێكداوە
بۆیە بچووك و گەورە نەخشەیان بۆیەك داناوە
بۆ چینێك ژیان دەكات، چینەكەی تری مردوون
هەر گەورەشە خۆراكی دەستی بچوكی قووتداوە

برایەتی لە سیاسەت و پلەدا هەر دووژمنایەتیە
لەسەرخوان بۆ هەموو لایەك پڕ لە سوكایەتیە
بارگرژی و نەهامەتیش ڕوو دەكاتە چەوساوەكان
یەكلانەبوونەوەش بۆ بەرژەوەندی چینایەتیە
****
ژیان بۆ خرا پەكار ڕێگای پڕ لەدرك و پەرژینە
بۆ نەفامەكانیش هەموو ڕۆژێك مردن و ژینە
منداڵی بێ سەرپەرشت، كوڕی دایك و باوكیەتی
منداڵی داناش پەروەردەی ناو كەژو و كەژینە
****
كە كەسێ وتەیەكی وت بەجوانی بیگەیەنە
لەناو هۆشت بەڕاست و دروستی بیمەیەنە
زەردەت نەیە تەنانەت بە بۆرێكی هەژاریش
ڕۆژێ تۆش دێتە سەرت، كە بەنۆرە گەیەنە
****
هەرگیز هەوڵمەدە زۆر و بۆر دەوڵەمەندبی
واش مەبە كە وەك هەژارەكان بێ نان بی
دۆخی ناوەڕاست سەرۆكی هەوای ژیانە
مەشبە بە ئەڵقەیەك، لەناو پە نجەكان بی

لە ڕوانگەی خۆتەوە مەڕوانە مرۆڤانی تر
کە هەورازێکت بڕی بڕوانە بۆ هەورازێکی تر
ددانەکانت بەکارمەهێنە بۆ گۆشتی هاوڕێ
هێشتا کەون هەر برسیەتی بۆ مرۆڤێکی تر

****

ئاگر و ئاو بەردەوامن و هەرگیز کۆتاییان نایە
لە دروست بوونەوە، ماریش هیچ پێی لێنایە
مە یخۆریش هەر بە مەستی خەیاڵی لێدەباری
بێچارە و بەختدار پێچەوانەیان، بۆ یەك نایە

****

سروشت سنوری سێبەری لە سیلەی چاوانە
هەوڵ و کۆششی شەوانەی بۆ مرۆڤی نەزانە
چاوی لە مرۆڤێکە گۆشتی براکەی دەفرۆشێ
زانا و دانا بۆی وێڵن بە هزر و ئاکاری ژیرانە

****

خوێن ڕێژی بەتەنها مانای مرۆڤ کوشتن نییە
ڕقی کوڕنووشداریش بێهاوتایە و جیاوازی نییە
کەسێ دان بەخۆیدا بگرێ دانایە لەناو ژیاندا
جووداییی کردنەوەش کارو پیشەی مەردان نییە

زۆردار و نەبوو لای خودا بەچاوێ دەبینرێ
لە کەونیشدا هەریەك لە جێگایەك دەنێژرێ
مرۆڤ جودایان دەکاتەوە بە پێی کەس و پلە
بڕیاریشیان لەسەر دەدەن، کامیان دەسوتێنرێ
****
کە لەسەرنیشتگەیەك بووی باش دەستت بگرە
بڕوانە لە بێداران، گوێ لەئاخ و ناڵەیان بگرە
پێشوازی لە بەدکار و درۆزنان مەکە لەناو کەون
هەڵیان بژێرە و بە دوو پەنجە گوارەیان بگرە
****
دادوەری ڕاست و مافناس دایمە بەهۆشە
بازنادا لەتاوان، بۆ ستەملێکراو بە پەرۆشە
جێ دەستی لەناو خەڵك تەواو دەچەسپێ
دادی بێ دادوەریش شوێنی خاڵی و بۆشە
****
داوێنپیس خۆی دەڕازێنێتەوە بۆ ڕاسپاردن
ڕووی پێکەنین وەردەگێڕێ، لە سەیرکردن
بێدەنگ دەوەستێ تا کاتی دەمە و ئێوارە
دەمی دەسڕێ و هۆشی دەچێتە ناو ڕابواردن

ئاسمان تەنها بۆ هەڵۆ نییە تا بەرز بفڕێ
ئاغایەتی بنوێنێ و سەری هەمووان ببڕێ
بەردیش ڕێگرنییە بۆ مار تا پێیدا بخشکێت
گۆنگەڵی بازاڕیش بۆ گرینۆکە تا بیکڕێ
****
کۆیلە نابێتە پادشا تا گەردوونی گلاَو مابێ
سروشت لێی تێکدەدا، چونکە تێرنان نابێ
مێرووله کە لە کەوندا بچوکترین گیانداره
شاری گەورە دادەتاشێ و قەت ماندوو نابێ
****
تورەبوون زەرەر و زیانێکی زۆری لەدوایە
مە یخۆریش ئەم هەڵسوکەوتانەی لێنایە
مرۆڤ تا لوتی بەرزبێ، نزمە لە کۆمەڵگا
زیندانی باڵندەش لەناو کولانەی خۆی دایە
****
چە پەلْ حەز بەسەرکەوتنی براکەی ناکا
سەری خۆی دادەپۆشێ تا لە بینینی ڕاکا
جێدەستی ناهەموار دیارە بۆ گەمەکردن
ئامادەیە بۆپیاهەڵدان سینگ و مەمکی داکا

لە گەردووندا تـاوانباران پۆل پۆل زۆردەبن
هەر کار بەدەستان لێیان سوودمەند دەبن
دوای ئەوەی پیاوچاکی خۆیان پێ دەرخست
لەناو خۆشیدا بێفکرکردنەوە شێت دەبن
****
پێش منداڵانی کۆڵان کورەکەت تەمبێکە
گیانت ئارام بێ کە چەند ڕۆژ و شەوێکە
پەلەمەکە بۆ پەروەردەی هۆز و گەلەکەت
مانەوە پێویستی بە چەند پیلان و ڕاوێژێکە
****
دڵتەنگ مەبە بە داهاتت، کە کاتێ نامێنێ
بزانە سروشت لە کۆتایی چت بەسەر دێنێ
مەگری بۆ داهاتێ، کە هەبووە و لەناوچووە
گەردوون خۆی تاکاتی پیربوون دەتژێنێ
****
مەرج نییە مرۆڤ شتێ بدینێ ڕاست بێتەدی
وشك بوونی چۆمیش تاوانە لە ڕووی داربی
بە بەخشینی دوژمنانیشت نابیت بە ناپاك
هەموو چقڵێ وەك خۆیەتی و نابێتە نوکی زی

هەنگاوی پیّ لە گەردووندا تاوان و هەڵەیە
یارمەتی نیّوان یەکتر زۆربەی کات تەڵەیە
ڕووپۆش مەبەستی ناز و لە نجەی جوانییە
بالاّ و پیّداهەڵدانیشی هەر بۆ ساغکردنەوەیە
****
ئاشنابوون بەسروشت لە هەبوون باشترە
بەدەستهیّنانی ڕەزامەندی لەزیّڕ جوانترە
کلیلی ڕووناکی کەوتۆتە دەستی هۆشمەند
دڵ فراوانی لە ژیاندا لە تۆبەکردن پاکترە
****
دانا کەسیّکە هیّمنانە هەڵسوکەوت دەکات
لەبری کەسیّ ناپاکی لە هیچ کەسیتر ناکات
خۆشەویستی وەك گرمەی هەوری بەهارە
کۆمەڵگا بۆدیدەنی پاکی چاوەڕیّی دەکات
****
دەست و پیّی خۆت بپاریّزە ، پیّش شکاندن
ناوو ناتۆرە بەبیّ هیلاکی دەگەڕیّت بۆ دواندن
گفتت بپاریّزە پیّش ئەوەی لەدەم بیّتە دەریّ
لە تاوان دوور دەکەویەوە بیّ جوڵە و لەقاندن

گەر زمانت نەوەستێنی، ڕاناوەستیٚ لە وتن
تاك و کۆمەڵ ئاراستە دەکا بۆ کۆمەڵیٚ کەتن
هەر وتەیەك وەربگری ڕێگایەك دەدۆزیتەوە
هەزارانی تریش، لەجێوە گوێڕایەڵی گۆتەتن
****
مرۆڤی چاو تێبڕ نابێتە خاوەن ماڵی باش
ژیان ڕێگای نادا، بکەوێتە ناو سامانی کاش
پەشێوی بۆ نامرۆڤەکانە، کە دایم دەگرین
تاڤگەیەکن لە بیابان، بیٚ ئاو و هاشەهاش
****
هەوڵمەدە هۆشی خەڵك لە بێژینگ بدەی
زانستێك لە ژیاندایە، هەوڵدە گوێی پێبدەی
کەون وەك بەردەئاش مرۆڤ هەڵدەسوڕێنیٚ
ڕۆژیٚ لەناو شەودایت و ڕۆژیٚ لەناو سپێدەی !
****
هۆش بەجەستەی مرۆڤەوە تەرتیب کراوە
ئاژەڵیش لە زمان وهۆشدا لە مرۆڤ جێماوە
تەمەن بەهەڵمەت و بزێوە بۆ بەسەرچوون
تائێستا هەر ئاژەڵە بۆ مانەوەی مرۆڤ ژیاوە

کۆمەڵگا کاتێ بەرەوونەمان دەچێ و نامێنێ
هۆکارەکە میللەتە کە خۆی بۆدادەچڵەمێنێ
ژینگە مرۆڤی ڕام هێناوە ، بمرێ لە پێناویدا
سەر و مل شۆڕە کە تۆزێ ماددەیان بۆدێنێ

****

خۆپەرستی مەکە بە پیشە، کە هەر دەمری
چالاکی لەخۆتدا ببینە بڵندی لە خۆدەگری
خافڵاو مرۆڤێکە بۆ کارەکانی باوێشك دەدات
چاوت وا نامێنێتەوە، ڕۆژێ دەبێ هەر بگری

****

سەربەرزی لەناو کۆمەڵگادا دژی کورت بینە
وەك ئەسپ سوار بێهاوتایە و دوور لە شینە
ئاگاداری پێیەکانت بە لە ڕێگایەکی نەبینراو
ڕێگای باریك نزیکەو شیاوی قاقای پێکەنینە

****

تاوێ ناو کۆمەڵگای چاك هەزاری تر دێنێ
سەرایەکە خۆشی بۆ لاوەکانی دەگەیەنێ
چ لە کۆشکێك بکەم بناغەی پڕبێ لە ئاو
کۆمەڵگاش بۆ کۆیلایەتی و ئارەزوو ڕابێنێ

هیچ مرۆڤێك وەك یەك نییە لە فكرو هۆشدا
ئەم چاوی لە ئێستایە و ئەویتر لە دوارۆژدا
جیاواز دەڕۆن و هەریەك ڕێچكەیەك دەگرێ
نەزانیش بەخەیاڵەوە دەڕوات بەناو كۆشكدا
****
ئەسرین مەرێژە، كە هەژار لە كۆڵان كەوتووە
باشترە بۆ سوری دێم بێ كە بۆڵووی كەوتووە
ئەوكاتەش بگەڕێ بەدوای چەندانی بێجێگادا
ئاشكرادەبێت، كە یەكێ دووساڵە نەنووستووە
****
ساباتی هەور بۆ كاسەلێسانە لە ناو كۆمەڵگە
دەریای هیوای بەرگ شڕانی كردۆتە خۆزگە
لەو كاتەی كەون تیری دا لە سنگی مرۆڤەكان
زۆرێك مایە پوچ دەركەوتن، بێلانە و بێجێگە
****
لەهەر هۆزێكی ئەم دنیایە گشتی هەر ژیر نییە
جیاواز لە داب و نەریت هەمووشی ئەسیر نییە
یاسای باخیان بۆ جۆرە میوەیەكە لە دێمەكار
هیلاك دەبن و داهاتیش لەهیچ ڕێگایەك نییە

خۆدوور بگرە لە کۆمەڵێك، کە هەرای تێدایە
هەڵوەدای تاقە گوندێ بە، کە ڕاستی لەناودایە
کەون ناخۆشی ژیانت بە زۆر دەرخوارد دەدات
ئەمە کاری خۆیەتی و دەستکەوتی لەمەدایە
****
قازا نجی مرۆڤ ئەوەیە، سپێدە زوو هەڵستێ
فکری دوێنێ لەبیربکا و هەرگیز ڕانەوەستێ
گوێ بەکەس نەدا کە گەردوون داییاراندوون
داماو زۆرە، بۆ بژێوی بگەزێ دوو دەستێ
****
دارایی کۆمەڵگاکان ئێجگار فرە و بۆرە
دەروون نزم لە پێناویدا مرۆڤ خۆرە
ئەمڕۆ یان سبەی ژیان کۆتایی پێدێنێ
بێنوزەیەو لاشەی لە دەستی مردووشۆرە
****
کە چوویتە ناو کۆمەڵێك بە ناخ بیاناسە
گفتی شیرین هەموو کاتێ بخەرە ناو تاسە
ڕاستی بەتووڕەیی لە قوژبنێك دەردەکەوێت
ئەوکات ئاکار و کردەوەیان بخەرە ناو کاسە

مەی لە قوژبنێ باسی دەکرێت، بە نەفرەت
لەشوێنێکیش دەدوێن تا بگەن بە کەشخەت
هەردوولا هەڵسەنگێنە لەناو دووتای تەرازوو
مرۆڤی ژیر تێدەگا ژیان بووە بە مەکرو منەت
****
هیچ هیچەو هیچانە دەفکرێ لەناو ژیان
لە پای وتەی هیچی زیندەوەر دەکات زیان
هیچ کام لە مرۆڤێ بەتەنیا ناگاتە ڕاستی
هۆشی هیچ نەزانە بۆ گشت وتە و لێدوان
****
سامانی ژیان بۆ قوڕگی مرۆڤی بێ ئەزموونە
چڵێس و جەرگ بڕە و پەروەردەی گەردوونە
سەداو باسەکەی لە بنەڕەتەوە تۆماردەکرێت
بۆ دەهات، کە دەزانرا مرۆڤێکی چەتوونە
****
دڵدانەوەمان لە بڵندی چیایە بەلێدانی نەی
پیاڵەی مەی ڕاگرە، وابزانە تەنیا تۆ هەی
مرۆڤ لە ژینگەی تاوان وەسەرپێکەوتووە
خەم بخەرە ناو چارۆکە، تادێ ڕۆژی شەی

بڕبڕەی پشتی گەل، گەشەکردنی منداڵە
بەباڵا بچوکەو خەونێکی گەورەی لە ماڵە
یاساوڕێسای کۆمەڵگا ئەستۆی وورد دەکات
دەستی بڕدراوەو داهاتووی لەگەڵ شەماڵە
****
لاوانی دوورە دۆست پرسیاریان بۆناو دڵە
ئامانج و مەبەستیان بۆ بۆنکردنی گوڵە
دەست ڕۆیشتووبن، یان دەست کورتی ناسین
داهاتوویان، لەتەك بریای ناخۆش بۆناو گڵە
****
هێواش بەسەر زەویدا بڕۆ، لەشلك نەرمتر
لەوادەی خۆیدا دەتبات بۆناو هەشی گەرمتر
کە زانیت لەتەمەن دادەبڕێی و کاتت نزیکە
چاتر لە پێشوو، لێو بگەزە لەجاران خرا پتر
****
مەچۆرە لای سیاسەت کە لە کۆنەوە بێبارە
خزم دۆستی پیاوکوژەو هەردەم یاسای شارە
دڵۆپێك مەی سەرمێز سەرا پای کەون دێنیٚ
مەردانە بژی، هەموو خەونەکانت گۆڕەوشارە

چەتوون کە یەکێ بەبێ دەسەلاٚت دەزانێ
ملی بادەدا و پەلکێشی دەکا بۆ زیندانێ
بەندەی ئیلاهیەو یەکی تر ئازاری دەدات
کەس نازانێ، کامیان دەبرێ بۆ سووتانێ
****
لەکەوندا چەندان برسین و تەنیا یەکێ تێرە
ڕەشەبای سامان هەر بەلانەی خافلاٚوێ فێرە
سروشت لەبڵندی درەختەکانەوە بۆی دەهاوێ
کەسێکیش کە هەبووی کەون بوو دەڵێن شێرە
****
هاوڕێکانت بانگ بکە بۆ مەی بەسە پشتەکۆڵە
کەون هەرچەندە پیرە ، کەچی هەر توندوتۆڵە
زەوی لەبەرپێی ناسکۆڵ خولانەوەی نابینرێت
سروشت دوور لە مرۆڤەو چاوی لە نەرم ونۆڵە
****
بەسەربردنی ژیانی بێ بەرنامە ئەستەمە
هەرچەند نەخشەی بۆ دابنرێ هەر کەمە
چارەنووسی ژیان لە دەستی مرۆڤی بێکەڵکە
تا کەون تەمەنی زیادکا، زیاتر دەوری تەمە

زەوی بەتەنیا لە وشکانی و ئاو پێك نەهاتووە؟!
تاشە بەردیش هەیە کە لە گەڵیان ڕانەهاتووە
بنی زەوی ئەگەر سەراوسەری هەموو ئاوبێت
بۆ تائێستا، جەبلەی هەش پێك نەهاتووە؟!

****

خۆزگە بخۆ بە چۆرێ مەی سەرخۆشکەر
دڵخۆش دەژی بێ پێچ و پەناو ژانەسەر
چاوبرسی چاوی لەکۆختەیەکی بێکەسە
بەم شێوەیە ڕەفتاری ناپاکی دەباتەسەر

****

ئەهریمەن مرۆڤێکە، فکرەی هۆش دادەگرێ
بەدرەوشتەو ناوچاوی کێم و زووخاو دەگرێ
خۆدەردەخات و تۆش خۆت دەخەیتە گۆمەوە
هاتۆتە پێش و دوولاقی کۆتری ئاشتی دەگرێ

****

مرۆڤ وتەی زۆرە، بەلاّم مەبەستیان نازانێ
دەریان دەهاوێ بەتووڕەیی بۆ هیچ نەزانێ
مەرج نییە وتەی زۆر مانای زۆر ببەخشێت
هەموو فەیلەسوفێکیش لە فێرکردن نازانێ !

سروشت کاتێ نەفرەتی لە مرۆڤ کرد
بەدناوی کردوو ناخۆشی ڕووی تێکرد
هەرچەند هەوڵیدا هەستێتەوە . نەبوو
کەون هات و خێرا هەشی بەسەر کرد
****
ژیان هەر تا وەسەر پێدەکەوی زۆرخۆشە
دواتر تووڕە دەبێ و هەڵتدەداتە گۆشە
ئەو مرۆڤە دڵخۆشە کە لەڕووی بووەستێ
ئەو کەسەش مەردە کە تامردن مەینۆشە
****
لە ژیان سارد مەبەوە کە داراییت کەم بوو
زەوی هەوڵیدا، بەلاّم هەولّی مرۆڤ نەبوو
نەدارانی دنیا بێ بەرنامە دەڕۆن بەڕێگادا
خەونیان هەبوو، کەچی کرداریان نەبوو
****
لەسەر پێی خۆت بڕۆ پێش دارمانی زەوی
شەڕاب بۆتۆ خۆش کراوە کە لەهزردا کەمی
کاتێ دەستی لێهەڵگرە کە خۆر تەواو ئاوابوو
وایدابنێ زۆر بڵندی، وەك سپیداری چەمی

کە پیرەژنێك واخۆی نیشاندا، وەك مریەمە
ڕابردووی هیچ کردووە و لەخەم ڕۆژی تەمە
کارێ کە نەکراوە بەلاوی زوو ئەنجامی داوە
لە پاشان گەڕاوەتەوە بۆ تەزبیحاتی ئەستەمە

****

باخەوانی باش، هەموو گوڵێك دەڕوێنێ
سەرقاڵیان دەبێ و سەرجەمیان دەدوێنێ
وەختێ کە چاوی بەڕووی یەزدان هەڵدێت
لەکۆمەڵێك گوڵ، ڕەگێکی وشك دەردێنێ

****

مرۆڤی دەستبڕ هەڵەی پیاو لەهەلا دەدات
سەرباری گزی خۆی چە پڵەی بۆ لێدەدات
ئەو مرۆڤەی کە ڕایکرد بەرەو تانە لێدان
بیناسەوە، سەرشۆڕی لە دەروونی دەدات

****

فیتنەی ناو دنیا بەئاشکرا قێزی لەشەڕابە
سفەتی پێنیە و هەروەك پشیلەی بێ بابە
ئەوکاتە مات دەبێ، کە سفرە و خوانی بینی
گفت و لێدوانیشی بۆ خەڵك وەك قەسابە

گەردوون مرۆڤ لە پێناو خۆیدا دەکوژێت
بۆ دەماری خۆی خوێنەکانیان دەمژێت
مرۆڤیش بەهەمان شێوەی ئەو زۆرداره
سەدە بە سەدە ئێسقانەکانیان دەکرۆژێت
****
بهزرێ و بگەڕێ، چونکە دەرمانی چاوه
وازمەهێنە کاتێ زانیت بەری دڵت گیراوه
کە بەسەر باسکێکدا سەرکەوتی ماوە هێشتا
بە پیاڵەیەك بپێوە کە نەخشەکەی لاماوه
****
هەوڵمەدە بەسەرگەرمی هەرا بوروژێنی
لەسەرخۆبە هەوڵبدە دۆستایەتی پێکبێنی
دنیا وادێتە پێش چاو هاوشانی تەمەن بێ
هەوڵدە لەژیانتدا ڕاست و دروستی بچێنی
****
گەمژەیی خۆشیەکی بێسنورە بۆ نەزانان
هەرچی لەدڵدایە دەیدرکێنێ بۆ بەدکاران
پەرژین بۆهۆشی دانانێ و زوو تێدەکەوێ
هەر زوو پێی دەزانن سیخوڕی ڕاوێژکاران

مرۆڤی وریا ژیانی پێدەنێ بەرەو سەر
ئەرکی خۆی بەجێدێنێ بگرە تا هونەر
لەگەڵ ژیان لەجەنگدایە بێ سڵکردنەوە
پەناگەیەك دەکا بۆ کۆیلەی هەش بەسەر
****
مەترسە لە کەسێك کە هەردەم هەڵەشەیە
درەنگ تورەبوونیش قازا نجێکی گەورەیە
دانیشتوانی زۆریش دەسکەوتە بۆ پادشا
بازرگانیش لە هەوڵی پڕکردنی گەدەیە
****
گەر کۆمەڵگا بێزاربوو، ڕوویکردە نەهامەتی
بزانە گشتی ستەمیان لێکراوە بۆ سووکایەتی
زەفەر نابرێ بە کەسێك کە بە دڵ فیداکارە
هەرگیز لەناوناچێ، چونکە خەمی خاکیەتی
****
بەیەکێ پێمەکەنە کە لەدەم و چاو ناتەواوە
بەدەستی خۆی نەبووە، سروشتی وارەخساوە
کەوا بەم کارەشت وەستاکەی توورەدەکەیت
بزانە خۆت بۆ خۆت لەژیاندا چیت داهێناوە

ئەوەندە ئارامبە تالاشە هەستی پێدەکات
فکربکەوە تامانگ بەشینایی ئاسمان دەگات
میهرەبان بە لەگەڵ زوڵم لێکراوانی دنیا
پەشیمان مەبەوە تاکاتت بە مردن دەگات
****
نەزان مۆخی لای خەڵك باش دەخوێنرێتەوە
خۆپەرستیش کلیلی ناوەڕۆکی زوو دەکرێتەوە
هیچانی دنیا کۆمەڵە لە دەبەنگەکان دەدەن
دەیانەوێ پەژارەیان چەند ساتێ برەوێتەوە
****
مرۆڤی ڕاستگۆ لە گفتدا فکر لە وەڵام دەکاتەوە
کە هیلاك بوو گەرووی کەمێ بەمەی دەشواتەوە
ڕاوێژ دەکات، تا وتە لەکەسانی تریش وەربگرێ
لە کۆتاییدا تەواو دەبێ و بەخۆشی دەڕواتەوە
****
ئەگەر نەیارەکەت برسی بوو شیرنی بدەیە
کە لەڕێگاکەیدا هەڵەی کرد چاوساغی بدەیە
بەم شێوەیە شەرمەزاری ڕووی دادەگرێت
کە ڕووی لەدەرگات کرد باش ڕووی بدەیە

هەموو سامانی دنیا پێکێك شەڕاب ناهێنێ !
مه یخۆر ئامادەی دەکا و لە گڵدا دەیڕژێنێ
زیاتر لە پەیدابوونی سامان کاتی پێویستە
وەك بێری کە دۆ لە مەشکەکەیدا بژێنێ
****
بەخۆتدا هەڵمەڵێ، باخەڵکی پێتدا هەڵبڵێن
ئەوانە باش نین، کە چاکە بە خۆیان دەڵێن
ئەو کەسە ڕێزدارە، کە ڕێزی خۆی وەلاناوە
خەڵکی هەردەم سروود بۆ ڕێزەکەی دەڵێن
****
جیاوازی مەکە لەنێوان خوا پێداو و هەژاری
مرۆڤ هەرچەندە نەبووبێ ڕێزی لێدەباری
بەچی دەچێ هەموو سامانی دنیا هی تۆبێت
ئاوڕبدەیتەوە و هەزاران لا لوتیت لێبباری
****
کە کارت بەیەکێ کرد بەجوانی ڕێزی بگرە
دڵی بدەوە و باش ئاوی ناوچاوانی هەڵگرە
وەك تۆ مرۆڤە، نەك کۆیلەی ژێردەستی تۆ
دوو دەستت بۆ مانەوەی سەری بەرزت ڕابگرە

مرۆڤێ چاوی لەوەرگرتن بێ نابێتە هیچ
خواردنی نانی پە نجێك دنیا دەكا بە هیچ
قێزت لەكەسێك نەبێتەوە شەڕاب دەنۆشێ
بە هۆش كاربكە، نەك بە بادانی دوو لیچ
****
هەر كۆیلەیە لە بەرزی دەناڵێنێ و داماوە
بۆ بژێوی كۆرپەی، بێئارام سەری داناوە
ژیان واجوانە، هەر كەس دڵسۆزی كارێ بێ
دوور لەوەی دەستی لەژێر چەناگەی داناوە
****
مرۆڤ پێویستە بەسەر دەرونیدا زاڵ بێ
لەبری توورەیی، ئامۆژگاری لە ماڵ بێ
مرۆڤی تووڕە كانیەكی لێڵ و بێسوودە
دایم هاوار دەكات، وەك لەناو چاڵ بێ
****
لەناو كەون ماڵی ڕاستی لە ماڵی خەو پاكترە
ڕاستی پڕ چێژە و تامی لە خواردن زیاترە
تووشی هەرشتێك بێ گلەیی لەخۆی دەكات
مردنیشی لەدوا بێ، هێشتا لە درۆ چاكترە

کە لوت بەرزێ خرا پەی بەرەو ڕووتکرد
وا بزانە بەرامبەر هەزارانی تریشی کرد
ئەوکاتەش بەزەییت بەرامبەری هەبێ
هۆشی هەروا هاتووە بەدەستی خواکرد
****
ڕێزی گەورەکان بگرە، چ نێر و چ مێ بێ
شەو هەر شەوە، بەفرانبار یا ڕەشەمێ بێ
لایەنگری کەسێکیش بکە، کە ئەو بۆتۆیە
جیاوازی نیە، گاور یا ئیمانداری تەکیە بێ
****
مەی دەرمانە بۆ چابوونەوەی برینی شە پرێو
زانستێکە بۆ گەڕان و دۆزینەوەی دۆڵ و کێو
وەك چۆن کانیەك، کە بەهاران دەتەقێتەوە
ئاوهاش گرنگە بۆ خاوێنکردنەوەی دەر و نێو
****
تەمبەڵ زوو خەساری خانووی دەڕزێ
هێزی نیە هەستێ، بەدکار ماڵی دەدزێ
بەچەنەگەی سپی لە پای چی کارکردن
خەیاڵی ساوایە و پێی وایە تەمەن دەزێ

کەڕێبواربووی خۆت مەخەرە هەراو کێشەوە
دەنگ بەرزی بۆتۆ نەبێ، واباشترە بتوێیتەوە
لەفکری ڕێگای دوورتبە بە کێشانی نەخشە
سەگی هاریش با لەدەوری چیاکان بخولێتەوە
****
ژیان هەرایەکە، پرسیار تێیدا سەریهەڵداوە
مرۆڤ و جند و فریشتە، هەر بۆیەك پێناوە
مرۆڤ هەر دەبێ بڕوات بۆ ژیانێکی نادیار
کەچی مردنی فریشتەکان هێشتا نەزانراوە
****
داریش نەبێت هەر درووست دەبێت ئاگر
سەرسپیش نەبێ یەکێك هەر دەبێتە ڕاگر
دووبەرەکی بەبێ دووزمانی بوونی نییە
کە شتت لەسەر شان نەبێت، نابیە باردارگر
****
کینە لەدڵ، بەلێوەکانی خۆی دەردەخات
ناخی پڕ لەکێم و زووخاوی بەگەڕدەخات
قرتەی پە نجانی دێت و چۆکی دەلەرزێ
کاتی تۆڵەکردنەوەی بۆ کاتی تر دوادەخات

گفتی شیرین زۆربەی کات سەودای فێڵە
لە شێوەی کاریز زۆر جار ئاوەکەی لێڵە
مرۆڤێکە دراوسێکانی بە نادیار دەفرۆشێ
دەرئە نجامی شوێنێکە، ئامرازی پاچ و بێڵە
****
بێئاگا مەڕۆ، کەمێ لەبەرامبەرت تێبگە
ڕووجوانی وەلانێ، هەوڵدە بگەی بە پێگە
زەوی هەردەم لە دەوری خۆر دەسوڕێتەوە
تاسەرت دەچێتە ژێر گلێ، تۆ نیتە جێگە
****
بەرد مەگرە لەڕووی دەروازەی دراوسێ
نەك ڕۆژێ دابێ ڕوویتێبکەی بۆ نەوسێ
وادەرمەخە بوون بڕبڕەی پشتی تۆیە
بێبار تەڵەی ناوەتەوە تادەمارت بپسێ
****
ئەمڕۆ ژیان لای تۆیە، بەیانی بۆیەکی ترە
دەریاش هێشتا بۆ ئاو، چاوەڕێی کانی ترە
باران تەنیا بۆ مرۆڤ دانابارێتە سەر زەوی
وەك فکرت لێکردۆتەوە، زانینی زۆر قوڵترە

کە ڕێچکەیەکت گرت ناپاکی تێدا مەکە

فراوانبوون و نەشونماکردنی بۆتۆ چەکە

هۆشی ساوێلکانە وەك هەشە بناغەکەی

چ لەژێری بی یان لەسەر بۆتۆ هەریەکە

****

هەرچی لە کەوندایە ئەزموونی لێوەربگرە

بۆ داهاتوو بمێنە، دەست بەژیانتەوە بگرە

زۆردار مەبە، بەڵکو زاڵبە بەسەر خۆتدا

زانست لەدوای خۆت جێهێڵەو پاشان بمرە

****

مرۆڤ بۆ ژیانکردن خەریکە دەڕوا بە لێشاو

ڕۆژکە ئاوابوو، هەرگیز ناچێتە ژێر ئاو

هەسارێکە سەروو خواری بەتاڵ و بۆشە

خەپلە هەڵگەڕاوە، لە شێوەی تۆپی چاو

****

لوت بەرز کەسی لە شێوەی خۆی خۆشناوێ

نەبادا ڕۆژێ شێتانە، کوچێك بۆ چاوی بهاوێ

مانگیش لەشێوەی ڕۆژ ڕووناکی دەداتە زەوی

لە گڕەو ڕووناکی جیاوازیان دەکەوێتە ناوێ

سوکایەتی بەکەسێ مەکە، کە لەتۆ باشترە
لە باسی زانستدا ، بێگومان لەتۆ بەتواناترە
خە نجەری ژەنگاوی لە کالان مەهێنەدەر
زانیاری سروشت بێنە کە لەمرۆڤ کۆنترە
****
بەدوای سێبەری خۆتدا بگەڕێ و دڵنیابە
لەکاتی ئادەمیشەوە، کە پێی دەوترێ بابە
کێشی برا گەورە هەڵسەنگێنە بە هۆشت
باش هزر درووستبکە و لەخۆت وریابە
****
گەڕان بە کەوندا ئاشنابوونە بە یەکتر
زانستگەلێکە لە هەزارانی نادیار چاکتر
دژایەتی فکرەیە، سەبری بەوڵاتان داوە
چاویان هەڵنایە بەزۆر پەرتوکی نازدارتر
****
کەسێ ببێژێ پاکی بۆ خۆم و خۆتە
بزانە لە پاڵ درەختێ بە زنجیر کۆتە
چاوی لە ڕێتە بۆ بازرگانی کوڵمت
پاشان بۆ ڕابردووت شین و ڕۆڕۆتە

لەمندالّی بەرەو لاوی، ئینجا هاتنی پیری
خۆشی نابینی لە کەونی هارو پڕ ئەسیری
تازە لاو وەك تازە لاولاویٚ بەرز بۆتەوە
بەهۆی ڕووی دا پۆشراوە، دامرکاوە بیری
****
لاویٚ کە مەستە نازانریٚ بۆ دەگریەت
چۆتە دەریای ڕاستەقینەو پڕ هەییەت
هیٚمن دەپرسیٚ فرمیٚسك بۆ بۆتە ڕووبار
بیٚوەلاّمە بەهۆی ڕۆژو سیٚبەری ڕوومەت
****
لەدوا کەسیٚك مەگەڕیٚ نیازی سەمابیٚ
لەتەك هەژاریٚ بووەستە زانای بریابیٚ
ساویٚلکانە هەنگاومەنیٚ لەڕیٚگای چالّدا
بیٚکار مەلاویٚنەوە نەوەك منداڵە شابیٚ
****
بیٚهیٚزمەبە لەتەنیایی کە مامۆستای هزرە
لەچەندان ڕیٚگای لووسدا یەکیٚکیان زبرە
بەتەنیا تۆنی ئاوارەی بیٚ شویٚن و کات بی
وریٚنە پاسەوانەو تەنیا چرکەیەك خۆبگرە

گوڵەکان زوو هاتنە ناو ژیان و لە پڕ ون بوون
مرۆڤەکانیش بەم شێوەیە لە ژیاندا ورد بوون
گوڵەکان بێتاوان بوون و مرۆڤیش تاوانبار
هەردووکیش بەیەکەوە، تەمەن کورت بوون
****
مەینۆشم بینی بە کوڵ بۆ دایکی دەگریا
ئەسرینی دەکەوتە زەوی، داواکاری بە بریا
لە بڕوادار رامام، بەزۆر دایکی دەخستە دەر
چاوەڕێی مەرگی بوو، چونکە ژیانی بۆ دریا
****
لە زیندەوەراندا، مێ زیاتر سۆز دەگەیەنێ
بۆ هەر کارێك، پەیمانی خۆی دەگەیەنێ
کە تاوێ لە کەوندا زاڵبێت بەسەر نێرینەدا
ماوەیەکی کورت دنیا بە لەرزین دەگەیەنێ
****
هەرچی ڕوویدات جێ پەنجەی سەرکردەیە
بێ دادی و تاوان پێویستی بە لێپرسینەوەیە
گەلی بێ سەرکردە ناگا بەداهێنان و دڵخۆشی
وەك مەڕی هەژار پێویستی بە بژاردنەوەیە

درکٛ هەرچەندە نامۆیە، لە گولٚ باشترە
بۆ پارێزگاری خۆی لە هەموویان شاترە
گولٚ هەردەم لاسکی ئامادەیە بۆ قرتاندن
بۆنی بۆتە نازناوی، بەلاٚم درکٛ داناترە
****
مرۆڤ بونەوەرێکی کەونە، بەتەنیا هەڵناکا
ژیانی ڕابردووی هاوشێوەیە لەتەك ئێستاکا
سیاسەت و هزر بوونەتە سەردەمی گوزەرانی
بونەوەری هزرە و سروشت دەروونی تێرناکا
****
زەوی تا پشتی کورتربێت ژیانی ناخۆشترە
چرکەیەك مەستی لە سەدان یاسای باشترە
هەموو کات دوو مرۆڤ باشترن لە مرۆڤێك
گوڵی ئازادی لە چواردەوری ناپاکی پانترە
****
کاری گێلانە هەزار کاری نەشیاوی لەدووایە
هزرینی سەدان زانا لە هۆشی کۆیلەیەکدایە
زانا چاوی لەهەژارە و کۆیلە و کەلاوە دەبینیٚ
کۆیلە دەست بەستراوەو هۆشی زانستی تێدایە

ئافرەت هەرچەندە کۆیلەیە، بەلاّم هۆش ناسە
بۆ کۆرپەلەکەی زیاتر لە پیاو بەسام و تاسە
مالّ دەنێتە ژێر پێیەکانی لەبری هەناسەیەك
خەیالّی دوور دەڕوات، هەروەکو کەش ناسە
****
کەون شێتی هەرایە بۆ بەندەی کاکی
خەیالّیشی دوور دەڕوا لە دنیای پاکی
جریوەی قەفەزی بەرەو ئازادی دەڕوات
ناسك دەڕوا بیّ جیاوازی جوت و تاکی
****
گوێڕایەلّی هەژاربە، بۆژیان ڕێگای بینیوە
بێکەسانە گەڕاوەو زانستی ولاّتانی گوشیوە
چ لەمشەخۆری کەلەکە ڕزیوی مالّ دەکەی
لەبری پێشکەوتن چەندبارە سامانی دزیوە
****
تەمەن زیاد کرابا، هەموو کەس زیادی دەکرد
سات دوای سات، ساتی بێداری کاول دەکرد
کەرسەکە خوێی دەخستە ناو گەرووی وشك
بۆ ژیانی خۆی، چەندانی تری کۆیلە دەکرد

هاوڕێی خراپ، هاوڕێته تا هەبونت دیاره
له بێ هەبونیدا هاوەڵێکه لەتەك ڕەشماره
کۆمەڵگاکان چەندەها کاتیان بەسەردا هات
لەشوێنێ زانست و لەشوێنێ باسی بەدکاره
****
خۆزگە بەمرۆڤێ ڕووخۆشه تا کاتی ئێواره
گیرۆدەی کیژۆڵەی ڕومەت تاڵی دێمەکاره
ساتێ له ئەسریندایەو ساتێ بێخەم دەژی
وەستاوەو سیلەی چاوی له بەیاری ڕووباره
****
مەچۆره ولاتێ که فەیلەسوفێ خاوەنیەتی
ولاتێکی هەژاره، بۆ داهاتووی خەمیەتی
سامانەکەتی به لێزمه مەخەره بەردەم
هەتیوێکی ولاتت به گریه چاوی لێیەتی
****
بەوتەی نەفامان هەرکەسێ دەبێ ڕۆژ ببینێ
کەواته کوێرێ نیه، بگەڕێ بۆ خراپه کڕینێ
لێوت به ددان بگەزه با هزرت بکەوێتەوه کار
ژیان تاڵەو چارەیەکی بکه له دووری گرێبینێ

تۆ خودا ستایشکە، نەك بەندەی لەدایك بوو
بێ هەڵە ئاما نجت خوابێ ، نەك کوندەپەپوو
تێر بخۆرەوە لە ئاوی میوە کە خوا پێی داوی
هاوەڵ مەهێنە بۆ خودا کە خۆی خاوەنی بوو
****
ڕۆژگار تێنا پەڕێت لە باسکردنی بت پەرستیدا
مرۆڤ زیندەوەرێکە وێڵە لە ژیانی سروشتیدا
بێ هزر باڵدەگرێ، لەخۆشی سەردان و گەڕان
سەرمەستە، لەدوای شای کولتورو پیرۆزیدا
****
دنیا بەدەست سامیەکانەوە تاڵی خواردووە
هەر ئارامیە بە فەیلەسوفەوە مانگی هەڵاتوە
هەر کزە بایەك مەترسیە بۆ چەم و داری تەڕ
هۆشی ئارامیەکان بە فکرەوە لەگەڵی ڕاهاتووە
****
تا گەردوون مابێ بێهاوتایە داستانی چەم
سروشت بەرچاوی گرتووم بە هێنانی تەم
سەرم سوڕماوە لەمرۆڤێ کە ڕووی نادیارە
نازانرێ کامیانە، خۆی پەروانەیە یا شەم

فیرعەونەکان کاتێ کە بت پەرستیان دەکرد
بەهۆش هەرەمی گەورەیان دروست دەکرد
مرۆڤەکانیش راهێنرابوون بۆ کۆیلایەتی
کەسیش لە ئاستیاندا سەرپێچی نەدەکرد

****

لە سەرەتا بەرێزی، کە دەچیتە ولاٌتێك
پاش ماوەیەك بەملتەوەیە تۆپە کوتالٌێك
مەژی لە ولاٌتێك کە تاوەرێك شك نابەی
سەگی دەریا، بێ هۆ ناچێتە هیچ چالٌێك

****

زەوی سالٌ دوای سالٌ بەردەوام دەنیشێت
بەهۆی ئاو و بورکان شوێنێکی دەپیشێت
لەئەنجام چیاو دەشت و دۆلٌ درووستدەبن
دەستکرد نینە، سروشت هەلٌیاندەکێشێت

****

لە کۆمەلٌگادا بەچاوێ سەیری هەژاران دەکەن
گوایە چوارپێن و زین و کورتانیان بۆ دەکەن
بێبەزەیی، لەپێناو مانەوەی پلە و نیشتگەدا
بازرگانی بە بەرگی شڕ و دڕاویانەوە دەکەن

چاوێکی خۆت مەگۆڕەوە بەچەندانی ولاّتان
سوودیان نیە کە دەگەیتە دیاری و خەلاّتان
هەرکەس هەوڵی شکاندنی کەسێکی تر بدات
دەروونی نزمەو ناگاتە سەگی بەردەرگەتان
****
هەوڵبدە با سەربکەوی بەسەر پلیکانەی ژیان
بەزیانێك و دوو زیان مردن نایەتە ڕیزی گیان
بارانیش کە نم نم باریە سەر پەڵە خەرمانت
مەگریە لەبەر دڵخۆشی و قازا نجی پوچ و هیچان
****
کە کەسێك لێت ترسا، بەرەو ڕوو سەری دێنێ
دەروونی تەمەنایەتی، لە ژیان تاڵیدا بتبینێ
هەوڵدەدات کوێربێ، بەلاّم ساتێ تۆ نەبینێ
کە هیچ نەکرا، هەوڵدەدا بەجوانی بتدوێنێ
****
دەورانی فەلەك زۆر سەیرە، مرۆڤ بادەدات
یەك فکری لێرەیە و یەکێ دنیا قوت دەدات
یەکێ دەگریەت بۆ تەمەنی لەدەست چووی
یەکێکیش لە دەستی ڕۆژگاری خۆی ڕادەکات

مرۆڤ کەنەبوو بوو چاوی لەدەستی زۆرداره
پێویستی بە تۆزقاڵە دەرمانی دەردو تیماره
مرۆڤ هەرخۆی ڕۆژگاری خۆی تاڵ دەکات
گوند جێدەهێڵێ و ئامانجی کۆچی بۆ شاره
****
زمان درێژ دەنگی بەرزە هەتا هەناسەی هەبێ
کۆمەڵێك لەخۆی کۆدەکاتەوەی تا ئاگایان لێبێ
جڤاك دەوروژێنێ و تووشی ئاوەردگایان دەکات
دواتر دوور سەیردەکا کە تەنیا چاوی لێیان بێ
****
گفت گواستنەوە پیشەی بێکارو سیخوڕە
لەکۆتایدا جێگاکەی مەرگی گەرموگوڕە
خووی پێوە دەگرێ تا ماوە لەناو فەلەك
کە کاتی هات وەك کیسەڵ پشتی کوڕە
****
نەهاربە و نە هەرا سازکە، گەر دەروونت گەرمە
کە درووست بوو ، هەڵاتن لێی ترسنۆکی و شەرمە
دواتر چاوەڕووشت کۆتایی پێدێ لەناو کۆمەڵگادا
چونکە لەناو کۆمەڵگادا یەکێ هەیە کە بینەرمە

گەیاندنی وتەی درۆ ئاشکرابوونی زۆر نزیکە
ڕاستی وەرگرتن لە هەژار، وەك ڕژانی لیکە
سەیری برژانك بکە، کە لەسەر چاو کاردەکات
هەندێ کاتیش درۆ ڕزگارکردنی قەڵش و تیکە
****
شانازی بەداهاتوتەوە مەکە، کە بێخەبەری
دنیا لەگۆڕانە و سروشت دەیوەرێنێ بەری
گەیشتن بەپیری نزیکە و کاتی زۆر کەمە
ڕەوشت بکە ئامانج، نەك شەراب و پەری
****
با هۆشت پێتدا هەڵبلێ نەك دوو لێوەکانت
بەردێك کە قورسە مەیخەرە ناو شانەکانت
بێ هزر، دوای گورگی مەرخواردوو مەکەوە
با قازانجت زیاتر بێ بەرامبەر زیانەکانت
****
هەڵمەچۆ، کە دەزانی زوو سارد دەبیتەوە
پێمەکەنە بە براکەت کاتێ گەش دەبیتەوە
ئیرەیی پێمەبە نەك جارێ ڕووبکاتە تۆش
ئەو کە نوێ دەبێتەوە تۆش کۆن دەبیتەوە

کەسی دڵسۆز بەئاشکرا بریندارت دەکات
دوژمنیش بە فێڵ کوڵمەکانت ماچ دەکات
کەسێك کە تێربوو شیرنی دەرژێنێتە زەوی
هەژاریش خۆشیەکانی بەتاڵی تام دەکات

****

ڕۆژگار خونچەت دەداتێ و ناهێڵێ بپوشکوێ
بەفیداکردنت دەداو گۆتەت دەخاتە بن گوێ
خۆت کە مەستیت نەکرد تانە لەکەس مەدە
خۆت بزانە چۆن هاتیت و دەڕۆی بەرەو کوێ

****

کە لە بەندینخانە بەندکرای مەپرسە بۆچی
بێتاوانی تر هەیە لەتەنیشتت بە مۆن ومرچی
ولاتێك کە یاساکەی ژێرەو ژوربێ بۆ هەژاران
بەدووری مەزانە هەبێ، پێچ و پەناو لۆچی

****

جیاوازی نیە ماڵت لەهەلاتە یان لە ئاوایە
جێگایەك کەلێی دەژی ولاتی تۆیەو پەنایە
ژیان خۆی زاناترەو تەمەنی پترە لە مرۆڤ
گلەیی لە ڕوومەکە کە ژیان هەرخۆی وایە

قەوسی ئاوی دەریا خری زەوی دەردەخات
خولانەوەی بەردەوامەو کاروان دووادەخات
زەوی ئەزمونی زۆرە، بەلاَم دەریان نابڕێ
ژێری زۆرە و پڕ لەکانزایە، دەری ناخات
****
مرۆڤ کارەکانی بەپەلەو بێ ئاگا بەرێ دەکا
لەپێش خواردندا باس لەخۆشی و تام دەکا
ئەگەر هەواڵی پاداشت و سزا بوونی نەبوایە
مرۆڤێکت نەدەبینی، کە ڕوو لە یەزدان بکا
****
مەشێوێ کەباسی مردنی هاوڕێیەکت دەکەن
جێگا فراوانە و ڕۆژێ تۆش پەلکێش دەکەن
هەر بەزیندویی دەروونت دەردێنن لەلاشە
پاش چەند ساڵێك بەپیاوچاك باست دەکەن
****
کە لە خواداوەند نەترسای لەمرۆڤ مەترسە
بەندەیەکە وەکو تۆ لەپاش مردنی بێکەسە
بەچی دەچێت خاوەنی کۆشك و تەلار بێت
بۆ سڕینی فرمێسك، کەسێکت فریاد ڕەسە

که شارەزایت لە شتێ نیە دەنگ هەڵمەبڕە
جیاوازیت نابێ لە سەوداچیەك کە قۆڵبڕە
هێمن بوەستەو گوێیەکانت هەڵخە بۆ زانین
زانست وەردەگری، کە دەرمانێکی خەم بڕە
****
مەچۆرە ناو گفتوگۆیەك کە هیچی لێنازانی
تەنیا سەیر کە وادەرخە کەتۆ لە پێشوازانی
شت فێربە، لەبری درکاندنی وتەی نارەوا
فریومەخۆ، وامەزانە تەنیا تۆ شت دەزانی
****
دەوران پێتەوە دەکا، بۆناو تۆڕی فەلەك
پاڵەوانەو ئاست نزمە، لە ئاستی بێنمەك
خۆت جێگای پێیەکانت بپێوە نەك یەکیتر
مرۆڤ زاڵمەو پێوانەی دەکات بۆ پارچەیەك
****
کەسی دز ترسنۆکەو بەدەنگێ دەبورێتەوە
خاوەن ماڵ لەترسانی دەرگای پێناکرێتەوە
دوور مەوەستە کە هاوسێیەکەت هاواریەتی
یەکێ لەخۆی بەشك نەبێ دوور ناکەوێتەوە

ڕێگایەکان بەتەنیا هی تۆ نین پێیدا تێپەڕبی
بۆ کەسی تریشە هەرچەند تێیدا ماندووبی
بەربەستی لێدامەنێ، چونکە دەبیتە ڕێگر
وا خۆشتی لێدەرمەخە کە تۆ کوڕە پادشابی
****
کەسی هیچ، بە باشە بە باس لەخۆی دەکا
کەشتێکی دێننەوە بەرچاو هەڕەشە دەکا
ڕاناوەستێ تا وتەی ئارام بێت بەدەمیدا
بەوتەیەکی ناشیرن چاکەش خراپ دەکا
****
چاو لەمرۆڤێ مەکە کە ژەهر بۆ هەژار دێنێ
بۆ نەبوونی ئاستی خۆی، هەزاران دەمرێنێ
هەرکەسێ خۆی جیاوازکرد، هۆشی ناتەواوە
لەڕێگایەکی تەسکدا کەون درۆکانی دەبڕێنێ
****
لەبەرچاوی کەو تۆڕ و داوەکانت مەخەکار
پێوەبوون ئەستەمە، لە نزیکی کەروبار
هەوڵمەدە هاوڕێکانت شەرمەزار بکەیت
چونکە پشتێنت شل دەبێتەوە لەبەر بەدکار

هوڵمەدە بەرد لە داماوەکانی فەلەك بگری
دواتر ڕادێیت، لەجیاتی گورگ مەڕ بگری
کەمێك مەی بنۆشە تاهۆشت بکەوێتە کار
فێرت دەکات، کە چۆن لانەکانیان بگری
****
نەزان لەبەر لاشەی گرانی، قێزی لە زانستە
ناگاتە مێرووله، کە بۆ وەرزی تر بە هەستە
گەورە کە بەدکاری نەکات بچوکیش نازانێ
بڕۆ بۆ پێدەشت و لەسەر هزرەکانت ڕاوەستە
****
کاتێ مرۆڤێ کە ناخۆشی بەسەرداهاتووە
مەهێڵە بزەت بێتە دەر کە بۆ هەوا هاتووە
کەم و بەتاڵە مەودای نێوان دوو شەوو ڕۆژ
کەڵەشێریش سینگی لەسپێدە دەرپەڕاندووە
****
مرۆڤ وتەی زۆرە و گوێڕایەڵی زۆر کەمە
خۆی بەخەیاڵ دەژی، پشتی سەری تەمە
هەموو باشێك دەخاتە چارۆکەوە بۆ خۆی
وا بیردەکاتەوە سەرکەوتن بۆیان ئەستەمە

تا ژیان مەودات دەداتێ لە سرووشت تێبگە
وەك منداڵی کۆیلە لەتەك ناخۆشیدا پێبگە
تانە لێدان و باس کردن مەخەرە ناو هۆشت
نەوەکو ڕۆژێك وەکو نامەیەك بەجێ بگە
****
لەهەر قوژبنێکی فەلەك زانیاری بدۆزەرەوە
ڕامەوەستە بۆت بێنن، بەڵکو زیاتر بکۆڵەرەوە
بەدەستی پەندان و زانستە، شمشێری تیژ
نەك نەفامی سەر ڕێگای ترس و سڵکەرەوە
****
داد پەروەری مەنوێنە تەنها بۆ دۆستەکانت
جڤاکیش سەرگەردان بێت لەبەر دەستەکانت
مافی ناسیاوانت، پێش نەناسیاوانت مەخەرە
مشەخۆر فریاناکەون بۆ تیماری برینەکانت
****
تێگەیشتن تیریکە پارێزگاری لەلاشە دەکات
ڕێگای تەسك بۆ خاوەنەکەی فراوان دەکات
ژەنگی بێ ئومێدی لەسەردڵ دوور دەخاتەوە
ڕۆژی دووژمن بۆ ساتێکیش بێ، تاریك دەکات

ڕێچکەیەك بگرە كە سەرگەردانی لەدووایە
پێوانەی زانست و تێگەیشتنی كۆتایی نایە
ڕێچکەیەك مەگرە كە لێی نوستووە كورەشا
ڕەنگی جوانەو لەدەرونیدا نائومێدی تێدایە
****
بەدكاری مەكە كە منداڵیش نەیانەوێ بتدوێنن
لاوكی كەونیان بۆ بێنە تا كاتی پیری بتژیەنن
كەون تەمەنی زۆرە، هەرتۆی تەمەنت كورتە
گەرماو گەرم مەبە لە كۆمەڵگادا تا نەتسوتێنن
****
كە شوان بنوێ گورگ هێرش بۆ مەڕ دەبات
قەدبڕ دەڕوات و سەری زۆریان لەناودەبات
پاش كەمێكیش دەگەڕێتەوە بۆ لاشەكانیان
دوواتر ڕێویش دێت و بەشەخۆراكی دەبات
****
وامەزانە خۆری تۆ لەسەر ڕێگەیەكی باریكە
لە شەویشدا، وامەزانە دنیا هەمووی تاریكە
ڕووناكی كاتێك لێرە و كاتێك لەوێ هەڵدێت
گەر ژیانیش لێت تۆرا، تۆ هەوڵدەوە ڕازیكە

ئاو کە لەزەویەوە دێتە دەر، تەنیا بۆ تۆ نییە
دەستی بەسەردا مەگرە، چونکە ئامانی نییە
ئاگریش هێزی هەیە لە فێنکی بێ یان لەبیابان
ئاوو ئاگر هیچ کات پێکەوە دۆستایەتیان نییە
****
زانستی مرۆڤ لەشێوەی چیاو ڕووبارانە
بەهەوڵدان پێی گەیشتووە و پەرێشانە
هێزی هزریش کاتێك کە پێی ئاشنادەبێ
گەشە دەکات، لەشێوەی سن و مۆریانە
****
نەهەنگ ناتوانێ ژیان لەناو کانیدا بەرێ بکا
تەنیا بۆماسی وردە، کە بتوانێ تێیدا هەڵبکا
گەڕان بەدوای ژیانیش هەر ئاوهایە لە کەوندا
هیچ کەسیش ناتوانێ بەبۆرێك باسی کەون بکا
****
بێسفەت مەبە لەبەرامبەر هەر چاکەیەك
هەوڵدە نەبیتە ماستاوێك لەناو مەشکەیەك
بێورە مەبە ژیان چاوەڕێی ماندوبوون دەکات
کەنانت لێبڕا مەشچۆرە بۆ هیچ دەرگەیەك

کە یەکێك سڵاوی کرد لەسەر دڵت بینوسە
پۆزو لە نجەی لوت بەرز نیشانەی بێناموسە
هەردەم ڕەفتارت سادەبێ با بەمەردی بمریت
زۆرو بۆری دەوریشت سێیەکی زمان لوسە
****
با وشەی خۆشەویستی وێردی زمانت بێ
سوارچاکی خۆشە، کە دەنگی پێیەکانی دێ
ڕۆژگاری ناخۆش لەبیرمەکە لە کاتی خۆشی
لەناو دڵتدا با پەرتوکی سەر دووشانت بێ
****
لەخۆت ڕازی مەبە کەشتێکت پێیەو دەزانی
لەتۆ زاناتر هەن، کە وەکو ئەوان شارەزانی
چاوچنۆکبە لە کۆکردنەوەی فەن و زانست
شارەکەتی پێدەرخە هەتا بناری کێوەکانی
****
ژیان چاوی کردوینەوە کە ببینین تا مردن
هەر لە نووسینەوە بۆ ئاسودەیی و ناوبردن
باشتر ئەوەیە بزانی چیت بۆ مرۆڤ کردووە
کاری سروشت هەوایەکە بۆ ئاراستە کردن

بۆ خۆشی ژیان، هەر هەژارە شین دەکات
لەتاو کۆرپەی، کۆیلایەتی پادشا دەکات
چاو دەگێڕێ بە ناو ئاکاری گەردووندا
پەناگەیەك بۆ ئارامبوونەوەی دەکات
****
بەسوکی سەیری بالآی هیچ مرۆڤێك مەکە
لای هیچ کەسێ بەناتەواو باسی لێوە مەکە
گێڕانەوەی نەبینراو، ڕووت ناشیرین دەکات
کە بەردیان تێنەگرتویت ڕوخسار گرژ مەکە
****
زێڕو زیو ناگات بەتۆزی بنی پێی سەربەرزی
ڕێچکەی خۆت بناسە کە لەناو چوار وەرزی
لەتەك دڵخۆشیەکانی هاوڕێ تۆش دڵخۆشبە
ژیان خۆراکی بەلاش نادات بە ددان بیگەزی
****
ڕێزو خۆشەویستی بخەرە بەر دەمی خەڵك
بوون هەڵدە دوواوە، وەك شتێکی بێکەڵك
باس لەچاکەی خۆت مەکە لەناو ئاپۆرادا
نەوەك لێت بدرێت بەشۆڕکە داری گەبەڵك

بەدناو ئەو کەسەیە ژیانی خەڵك تێك دەدات
بە نادیاری دەروون پۆخەڵەو وتە لێك دەدات
بەئاشکرا دەستی دێنێت بۆ سلاوی نارەوا
موی سەر دەدزێ و بۆ گوریس لولیان دەدات
****
هۆش هەربۆیە دراوە بە مرۆڤ تا فکر بکاتەوە
بگەڕێت لەچاك و خراپ و زانستی جێکاتەوە
کەچی هەر دوای ئارەزووە کاتیەکانی دەکەوێ
گوێ بۆ کەس ناگرێ تا وەلامی وڕێنە بداتەوە
****
ژیان بۆ مرۆڤ تاسەر نیە، چونکە دەمرێ
وەکو داری بەهار کە بۆ هاوین گوڵ بگرێ
ئەوە مرۆڤە پێناگات و توشی پایز دەبێت
لەداخانیش هەردەم تانە لە باران دەگرێ
****
ژیان ژینگەیەکی ژانە سەرە بۆ ژیرەکان
کۆڵ و باری سەندۆتەوە لە هەژارەکان
گریان بە کەسانێ دێنێ لەناو زەریای وشك
جێگەیەکی کردۆتەوە بۆ پارە ژمێرەکان

ئامانجی ژیان جیاوازە بۆ مرۆڤی ڕێك و شەل
شەل زیاتر لە ڕاستەکان دەیانمێنێ ئەمەل
هەر ئەوەشی ڕوخساری ناتەواوە لێی بپرسە
لەتۆ پتر هیوای بەژیانە هەروەك باڵندەو مەل
****
چاکە تەنیا بە مرۆڤێك دەکرێ ، کە شایستەیە
نەك کەسانێك، کە هۆشیان لەناو گالیسکەیە
فێڵ لە کۆمەڵگا مەکە، کە فێڵ کردنە لەخۆت
لەکاتێکدا، کە نازانی ژیانت بۆچەند چرکەیە ؟
****
دژایەتی مرۆڤێك مەکە، کە زیانی بۆتۆ نییە
پێکەنینی بە پۆز هیچ کاتێك فریادڕەست نییە
ئەرکی سەرشانتە زانین بە گونجاوی بیەیەنی
ئیرەیی بردنیش بە ئەوانی تر مەردایەتی نییە
****
ڕك ئەستور مەبە، کە بە پۆزو بەفیزان دەبینی
دنیا شەوێك نیە، وادەرمەخە کە تۆ کەمبینی
بزانە، ڕۆژ و شەو تەنیا بۆ تۆ دروست نەبوون
تا دووچاوی کوێر بکەیتەوە و مەرگیان ببینی

قسەی نەناسراو وەرمەگرە تەنیا کەمێك نەبێ
هۆشت والاکە، نەك لەبری قازانج زیانت هەبێ
دنیادیوان بدوێنە تا کاروانت بگاتە جێی خۆی
یەك سەگێك ڕاگرە، کە هێزی دەیانی هەبێ
****
مەینۆش بە دڵ دەگەڕێ بۆ هاوڕێی مەی
تاڵی بە هاوڕا ئەزانێ لە ئێوارەوە تا سبەی
گەر ئەو دڵە پاکە لەناو هی تریش بوایە
ناپاك نەدەما و درۆش بەتاڵ دەبوو جێگەی
****
بەدوای کەسێ مەکەوە، کە هیچت لێ نەدیوە
پرسیاربکە، بزانە ئامانجی لەپێناو چی فڕیوە
کۆیلە لەزیندان بێ یا لەدەشت، لێدانە بەشی
گەردوون زۆر سپڵەیە و هەردوو قاچی بڕیوە
****
نیشتگە جۆلانەی منداڵی بێ دایك و بێ باوکە
گاڵتەی پێبکە، چونکە خەرمانی دەمی سێڵکە
کۆمەڵگا لێی تێناگا، بە زوویی جێگەی دەگۆڕێ
وەك مریشکی تەنگاوە ، کە دەگەڕێ لەجێ ڕاوکە

له پشتەوە تف لەپشتی هیچ کەسێ مەکە
ئەم کارەت بە بەراوردی کوشتن هەریەکە
نامەرد هەر ئەوەنیە کە فیتنە و فەسادبێ
کاتێك کە بالآدەستی، کەس بەتەڵەوە مەکە
****
گلەیەکانی ناو دڵت بەرەو ڕووی چاو بدرکێنە
بۆکردنی هەر کارێکت هاوڕێکانت باش بدوێنە
وتەیەك کە هی دووان بێت باشترە لە دانەیەك
ڕاپرسیەك بکە هەموو دوژمنەکانتی پێبنوێنە
****
کە سەفەرت کرد لەشارێکەوە بۆشارێکی تر
وەك شاری خۆت تێکەڵ بە لەگەڵ خەڵکی تر
مرۆڤ هەرمرۆڤە بازمانیش زیاتر جیاوازبێت
مرۆڤ کاتێ مەردە کە سڵنەکاتەوە لەهی تر
****
نەفام سواری کەرێك بووە تەنها کلکی هەیە
زانا لەسەر پشتی چوارپێیەو تامەزرۆی مەیە
ڕێگای هات و نەهات نەخۆشیەکە بۆ بنی پێ
دەمێك بازدەدات و دەمێك لە فکری خۆزگەیە

کە بۆسەت بۆ دانرابوو هەوڵدە گۆرانی مەڵێ
هێمن بەو چاوت سور کەوە با دوژمنت هەڵێ
گوێدرێژ تا لە دنیا مابێ لەلغاودا ناگاتە ئەسپ
کەباسی خراپەی کەسێکت کرد چاکەکەشی بڵێ
****
لەبری خەون هەوڵدە بازوت بخەیتە گەڕ
پەڵە مەڕ تێکەڵ مەکە لەگەڵ بەرخی لەڕ
گورگ ماتە و هەزاران فێڵی لەبەرچاوانە
هیچت ڕزگاری نابێ کە لەگەڵی کەوتیە شەڕ
****
ژیری گەڕیدە، ژیری ناو ژوور لەبێژینگ دەدات
چیا بە چیا دەگەڕێ و لەسروشتدا هەوڵدەدات
پرسیار ڕووبەڕووی خۆی دەکات و بە گومانە
لە پاش توێژینەوە بە هۆشی بڕیارێك دەدات
****
پێش چونەوە، بە پەنجە دەنگ لەدەرگا بێنە
ئاکاری جوانی ناو خەڵك بۆخێزانەکەت بێنە
ژینی تاڵ هەر بە وتە شیرین دەبێت و نامێنێ
ژیانێکی بە تامەزرۆ بۆ نەوەکانت بڕەخسێنە

گەلی بێ خاوەن، ئافرەت بەسواڵ دێنێ !
مەمکانی وشك دەكاو كۆرپەكەی دەمرێنێ
لایلایەی شەوانی ئاراستەی دڵی ئەستورە
خەم و خۆزگەی كۆرپە جەرگی دەسوتێنێ

****

كەسی سیخوڕ دەمی گلاَوی پڕ لە پرسیارە
هاوڕێی سەرەونگون دەكات لە پێناو پارە
دوو چاوی زەقی بۆ كەلێنی ورد دەگێڕێ
كە خاوەنی نەما، ڕسواو بێ شوێن و بێكارە

****

پرسیارکەو بگەڕێ بۆ تۆزی زانستی گەردوون
پاڵكەوتوانی خۆراكخۆر لەگۆڕستان مردوون
ژیان دەیانكاتە خۆڵ و ئەوانیش دەگەڕێن بۆی
دەروون شێواون و هەر لە پێناو ژیاندا مردوون

****

لەهەر شتێ زانست فێربووی ئەو مامۆستاتە
مرۆڤێكیش كە ئاوی بۆ هێنای ئەوا ئەو براتە
هەژاران زیاتر بناسە تابگەیت بە ئەسرینی پاك
سروشت بێبارەو چركەی ژیانی لەناو دێهاتە

ئیرەیی مەبە بە سامانی چاوچنۆك و بێهۆش
لە لێوارێك برۆ لەتەك مەست و سەرخۆش
ئەوكاتە بخەوە كە شەوی دنیا زۆر غەمبارە
نەك لەڕۆژدا ناوت بانگ بكرێت بە خەوخۆش
****
هەرچەند تۆ پیر بیت، پێویستیت بەدایكە
گەردوون تا بمێنێ پێویستی بەهەوای پاكە
كانیاو و ڕوبار، ڕۆژێ هەر دەگەن بە دەریا
بستێ هەنگاونان پێشكەوتنی تۆزی ناو خاكە
****
تاوانبار بەبێ تاوان خەو نایەتە سەرچاوی
چۆمیش كە پیس نەبێ پاشەڕۆ نایەتە ناوی
پەروەردەكردنت كە ڕێنمایی دوژمنان بێت
خەنجەرت كول دەبێت و ئەوكاتە قوڵە پیاوی
****
ڕاستگۆبە با كێوت بەرز بێت لەناو كۆمەڵگات
كە دەركەوتی با خەڵكەكەت بڵێن ڕۆژ هەلآت
هەرگیز خۆ مەدزەوە لەلاشەی كەسە نزیكەكانت
كە تۆزێ نزیك بویتەوە، مەڕوانە داهاتی قەلآت

زۆرجار گەردوون دەتبات بەرەو وردكردن
هۆشت تێكدەدا بۆ غەمگینی و بێزاركردن
ژیان پێشبڕكێ بوو بۆ مرۆڤی زانا و نەزان
ئەوەشی نەزان بوو، لەپڕ شوێنی ونكردن
****
خەمخۆری سروشت زوو پیری دایدەگرێ
كات دوای كات نانوێ و ئێشكی لێدەگرێ
بەهەڵێتەی كەسێ بەردەوامی دیدەنییە
چاو كزەو گۆچانی سروشت دەستی دەگرێ
****
ژیان وردو هێواش دەیگرێ بەری هەناسە
ملت دەبڕێ، كە تەور نەما كاری بەداسە
بەچەند ساڵێك پەلكی نەمام زەرد دەكات
تۆزو خۆڵی مرۆڤ دەكاتە ناو دەفرو كاسە
****
بفكرە، هیچ شتێك لە تەنیایی ناخۆشتر نییە
كە خۆری سبەی هەڵدێ باڵندە لانەی نییە
مرۆڤ هۆشی دەڕوات بەرەو پاشوی چیاكان
وەك چۆمی بچوك بچوك وایەو شەپۆلی نییە

گەردوون چاوێکە و بەنیگاوە بەرز دەڕوانێ
جوڵە بەناو سەر دەکات، تا ئاکارەکان بزانێ
کۆمەڵە درندەیەك دێنێت کە ورگ داکەوتەن
نۆرە ناگرێ و چوارپێی سم ڕەق دێنێتە زانێ
****
بزاوتنی دەمی ڕاستەقینە وەك مەی تاڵە
ڕەشەبای بەهێزی وەکو شنەی شەماڵە
چاوسوری خۆخۆر دروێنەی درۆی نابڕێ
ژیانی لەدووایەو فکری بۆ خانم و لێوی ئاڵە
****
هەرچەند لە ژیاندابووی ڕێگای خوار مەگرە
پەڕۆ کۆنی ئەمڕۆ بۆسبەو دووسبەی هەڵمەگرە
گوڵی سپی هاوشانی بەفر خۆی دەردەخات !
بە فرمێسکی خوێن چواردەوری چاوانت مەگرە
****
سەیری پێش خۆت بکەو جارێکیش ئاوڕبدەوە
هۆشت بێنە و دوو چاوەکانت بۆ کەون بکەوە
لێوت بپارێزە لەیارمەتی دانی وتەی چەوت
سامان چەند چرکەیەکەو فکر لەخۆت بکەوە

نەزان داهێنانی خۆی بەزێڕو زیو نافرۆشێ
هەر بۆیە پێش کەوتنەکانی بستێ هەڵناکشێ
زانا پرسیار لە نینۆکەوە بۆ مووی سەر دەکات
زانینەکانی خۆی بۆ هۆشی کەسەکان دەکێشێ

****

خۆت مەکە بە دەمڕاستی بێئاگا لە خۆت
تا تێکەڵاونەبیت دەریمەبڕە وتەکانی خۆت
هەر یار بەتەنیا ناسیاو ناگرێتە کۆشی لایلایە
سەرقاڵی دابەشکردنی خەوە بۆ خۆم و خۆت

****

شاڕەنگی شنەی شەماڵ شیوەنی شایە
شێوەی شمشاڵی شینە شمشێری شورایە
شاخ و شاخداری دوو شاگردی شەپڕێون
شەکەتی شەنەی لەئەشکەوتی بۆشدایە

****

هاشەی هەشی شوان بۆ شوێنی شیاوە
شنەوزەری پاشەڵی لەهەشدا ڕاکشاوە
شلك لەشوێنی ڕەشەبا پەرێشانە شانی
شکاتی شینی لەشورای شارێك داکشاوە

شەیدای شۆخی شار شیوەناوی شەکەتە
شۆڕبوونەوەی خاشاکی پەرشی شەنەتە
شین بۆشێواوان شەوچرایە شۆڕبوونەوەی
هەش لەپشت شەکەتبوونی شۆڕی شانەتە
****
کەش شارەزای شاری هەشە ڕەش شێلانە
سروشت شنەڕەشی بۆپاش لاشان ڕووشانە
شارێك شەرمەزاری بەشی پشتی پۆشیبێ
شەڕاب نۆش لەشالاوی دەشتی پەرێشانە
****
شەڕاب شیرنە لەشورای پادشای شومدا
شەکەتی شرِدەکا لەپاش شەنەی پوشدا
بەپێش شۆڕە شاسوار نمایشی شەکەتبارە
گەشکەی دەنیشێ لەشوێنی شەڕەموشدا
****
خاشاکی شوێنی شەوچرا پیشەی ڕاکشاوە
شەوگەڕی دانیشتوو لەڕەشاییدا پوشکواوە
ڕیشی ناوکۆش لەخشتەبەرە، شوێنی باشی
بەشی پاشملە، شەڕابی ناو شووشە شکاوە

کەشی شارو شارێ بۆ مشتێ شەوی شایە
ڕووشانی لەشی شەکەتی لەگۆشتی شلدایە
شیروەشێنی باش بۆ شانی شلکە تیشکی
هەش وشین لەکۆشکی ڕەشەکوشتن دایە

****

پشتی شکاو شۆڕە بۆ پاداشتی شیرەی شێر
ناشرینترە لەوشەوە بۆمشتومڕی کەڵەشێر
گەشەی نیشتگە، ڕەشایی گۆشتی ئێشە
ڕیشی شومیش لەشارە بۆگەشەی شمشێر

****

پێش تووشبوون بەنەخۆشی شاری گاشە
پاش شەوەزەنگ هەڕەشەی ئێش بەلاشە
ڕۆیشتن لە پەشێویدا بێمشتە هاشە هاشی
ڕووڕەش بوون گەیشتنی شل و هێواشە

****

مێشی شینایی شوێن و گەڵێشکی لەشاخە
شانەی شیلاوی، پشتی شکاوی لە پێش داخە
هێرشی شێوەکانی هێرشیان بەلاشە لەشورادا
شلکی شیرنیش هۆشی بۆ کەشخەی شەوچاخە

مرۆڤ سامانی لەلا گرنگە نەك خۆشەویستی
خۆر دێنێتە جێگەی مانگ بەگیانی ناچوستی
ترس وایلێکردووە بپارێتەوە بۆ خۆشبوون
ئەگینا نەدەبینرا بەرزی بکاتەوە دوودەستی
****
ئەگەر باب کەڵەشێری پارێزەرو زیندوو بوایە
پێش گۆچانی دەستی دەبوو لانەی بکردبایە
دایك باڵندەیەکی سپیە و باوکیش پەڕەکانی
چی دەبوو کە وەك دایك جەرگی سووتابایە
****
گەردوون سفرەیەکە چاك وخراپی لەسەرە
جوڵەو سوڕانی بۆ زاناکان خۆراکی گەوهەرە
شینایی کردۆتە لەوەڕو ئاویش بۆ یارمەتی
پێوانی گەرووشیان هەمان جێگەو کەمەرە
****
هەرخۆراك نیە بەتەنیا ژیان بەردەوام بکات
هزر پادشایەکە گشت پێداویستی دابین دەکات
گیان و لاشە خزمەتکارن بۆ کردنی کارەکان
برسیەتی لەبەر شمشێری سواوی ڕادەکات

سیاسەت چنگە گەنمێکە لەدەستتدا نامێنیٚ
تاتوندی بگری ئەو زیاتر دەڕواو دەتمرێنیٚ
لەسەر دوو شەپکەدەستت بەرهەوای بدە
لەجیاتی خۆراك دووکەلٚ بۆ گەرووت دێنیٚ
****
مرۆڤانیٚ چاویان بڕیوەتە سەر تاکە کەسێك
کەسانیٚ تێیدا وێلٚن بۆ بەڕێکردنی هەوەسێك
تەنیا بۆری کەسێك دەبینرێت نەك چەندان
لەدوای کۆمەلٚێك نین ، کە دەڕۆن بۆ نەوسێك
****
ئەگەر درێژی تەمەن بەدەستی مرۆڤ با
تێکەلٚی دەکرد لەناو گێژەلٚوکەی تۆزو وبا
زیاتر خۆی فیدا دەکرد لەپێناو سامان و پلە
خۆی بەفیزتر دادەنا لەهەسارەو کەوکەبا
****
مەی تاکە چارەیە بۆ سەبوری دەردی ژیان
لابەری برینە لەکاتی خەون و خەم و ژان
خۆم بۆ خۆم نەبم خالٚی دراوسیٚ بەمن چی
لەپای چی هەراو دوو دەستی پێکهەلٚپڕژان

فەوتـاوان فریودراوی نـاو فانۆسی نەفامن
فێنکاوو فەرامۆشن لەفراوانی فەراهەمن
فیتنەی فرە فەشەلی فشەڵی فشەکردنە
فیسقەی فرمانی فون لە فکردا فریودەرن
****
کەبەکارێ ڕۆیشتی، لەڕێگا ئامانجت مەگۆڕە
لەدوای هەر کارێکیشت بەرگەکانت بگۆڕە
زۆرێ بۆ ڕێگای ڕاست، خۆیان گلدایە چاڵەوە
خەیاڵ دوورخەوە و فکرەی نـاو پۆلووت بشۆرە
****
هزر بەکاربێنە و بزانە کەون بەدەستی کێیە
تـاقانەیەکە هەرگیز نـازانرێ شوێنی لەکوێیە
کەزیاتر هەبا گەردوون خۆی لەگەلا دەنواند
ئەوکات نەتدەزانی کامیان هزری هێزی پێیە
****
چاوت لەدووی خۆت بێت نەك فلأن وفیسار
نەکو پەنجەی خاراوت ڕابێت بۆ دەمی ڕەشمار
هونەر بۆتۆ جیاوازی نییە لەگەرمێن و کوێستان
پاییز هەردێت تـا گەلا نەمێنێتەوە بەلقی دار

چاو لە کەس مەکە، هەوڵدە خۆت تێبگەی
ماددەکان ببینە، تاوەکو بەڕاستیەکان بگەی
ڕووناکی چرا هەموو ڕێگایەك ڕوون ناکاتەوە
هاوڕای تاڵی برۆ، تاوەکو مانای ژیان تێبگەی
****
لەگەردووندا سەیروسەمەرەی ناشیاو زۆرە
سروشت ئاڵوگۆڕیان پێدەکات لە ژینی نۆرە
جوانێك کە لەوەسفکردن جوانترە لەچاودا
بەدیهاتانی دەخات و ژان و پەژارەشی زۆرە
****
کەسی زۆردار نێرومێی سکێك جووت دەکات
دووگیان دەگەزیّ و ئەفسانەیان تێدەخات
فەلەك دەیگێڕیّ بەڕێگەی فراوان و باریکدا
کە شنە و ڕەشەبا نەما خۆی فووی پیادەکات
****
ئاهی دووری لە ئاکامی کۆنە سیخوڕانەوەیە
شەو تا بەیان خەیاڵی بۆ برین کولانەوەیە
دڵ بەژان دێنێت و جەرگی پڕناڵە دەسوتێنیّ
هەناسەی سارد و سڕی لەدەوری دارانەوەیە

پێش خۆرئاوابوون لە ئاسمان باسی دڵت بکە
مەی بکە دەستەڕاست و باش پرسیاری لێ بکە
نزیك کێ یە؟ دوور بۆ چ مەرامێك دەڕوانێت ؟
تا گەردوون وەڵام دێنێت تۆ خۆت مەست بکە
****
نەزان کەوتۆتە نێوان دوو بەردی گەورەوە
چاو بەخوماری نادیار دەسوڕێ بەدەوریەوە
وەك دایك کە دەکەوێتە ناو ناخۆشی و گریان
بزەی پێکەنیناوی نایەت بەهانای لێویەوە
****
لەکەون سڵ بکەیتەوە بەدبەختی میوانتە
خەونی ئەفسانە هەردەم لەسەر چاوانتە
دوو کێوی بەرز نێوانیان بۆشە بۆ سێبەر
شاڵاوە بێ بەهرەکەیان بۆ سەر دووشانتە
****
لەناو بەندەکانی ئیلاهیدا دادو بێدادی هەیە
یەك لە کۆرپەلەییەوە دەخوا و پشتی هەیە
یەکی تر لەناو ژیان دەناڵێنێ تا وادەی مردن
لە بەسەرهاتی شینی بێتاوان گومانم هەیە

گەر سوورانی فەلەك ساتەوسات ئاڵوگۆڕبوایە
کەست نەدەبینی کە ماڵی ئاوری تێبەربایە
خانەخوێ بۆتە جێگەی نادیاری هەڵسوڕاوان
یەکیتر لەناو خەیاڵە و ژیانی لە گەشکەدایە
****
هاواری درۆینە دەنگی لەشێوەی گوێدرێژە
پێش چونە ناوی پێویستی بەهزرو وتووێژە
کە پرسیار هەبوو، بوەستە تا وەڵام دەتگاتێ
هەموو خەون و خەیاڵی شەو لەگڵدا بنێژە
****
شمشێر تاقی بکەوە بەهۆی لغاوی ئەسپەوە
کەون نیشانت دەدات کامە ڕۆژەو کامە شەوە
خەو مەکە بەپیشەی پێش هەموو کارەکانت
لەپاش پیری بەخەیاڵی جێگەی خۆش بخەوە
****
بوارمەدە بە مرۆڤانێك بازرگانیت پێوە بکەن
قافڵەی ژیانت ڕاگرە، نەبادا گلەییت لێبکەن
هەوس ئاسایی بمێنەوە، وەك گوڵ بەدەمێ
چاوچنۆك زۆرن کە ژەهر لە گەرووت بکەن

فکرەی ئەمبەرو ئەوبەر مەهێنە پاڵ فکرەکەت
ئەو کەسانە زۆرن، کە بەنیازن بۆ شوێنەکەت
فریادرەس و چاڵ لێدەر پیشەی خوا پێداوانە
هاوار و گریان مەهێنە بۆ منداڵ و نەوەکەت
****
ژیان ژانێکی وردە لەچاودا هاتوچۆ دەکات
ئازاری سەمەرەی کار لە دەروونیش دەکات
لەهزری شەودا خۆی لەفەوتاندن دەنوێنێ
وەستای بێکارەو ئارەزوو لەڕێزلێنان دەکات
****
بەرۆژ خۆت مەلاوێنەوە بەشەویش پێکەنین
کۆمەڵگای لەم شێوەیە بەزۆری هەر سەرنەوین
کادێنی ولاّتی بێدادو بێفکر زوو کۆتایی دێت
بێتاونی تر بەسك برسی دەکەونە ناو کەمین
****
گەورە ئەتواری خۆی بۆ بچوك بەجێ دەهێڵێ
لە زەوی بەتاڵدا ڕابردووی کۆنی بۆ دەکێڵێ
لە دەروازەوە شینایی بۆ داهاتوو دەچێنرێت
کۆڵەکەی شکاوی چاوی کوێرە بۆ تەنیا فێڵێ

هەست و سۆز خۆشیەکن کە بەدەست نایەن
بەئامانجیش نەگات، دەست خۆشی بۆنایەن
خۆشی بێ ئامانج بخەرە ناو تۆزی بەرپێت
تاپێش نەکەویەوە بۆ لوتکە پێت نالێن شایەن

****

شەڕاب هێورکەرەوەیە کاتێ کە ئێسکت شکا
تورەمەبە کە دەمی مار بەرامبەرت فیشکا
گەردوون دووژمنتە لەگەڵ مرۆڤی هۆمۆژ
دەم بە قاقابە لەتەك كۆیلەو دویرو کەنیشکا

****

مرۆڤ کەمێ هیواو ئارەزووی بۆ درۆکردنە
گیانی پڕ سەرسوڕمانە و ترسیشی لەمردنە
فەلەك بۆ یادی خۆی ئاودیوی چیایان دەکات
هەردەم ئاوی دووریان لەناو قولایی گەردنە

****

مرۆڤ ناتوانێ دنیا بکاتە هێلکەی ژێربالی
ناشتوانێ سروشت بەرێتەوە بۆ ناو مالی
خەیالی چاوی بۆ دەورانی هەموو گەردونە
ناگاتە دێهاتێکیش، ئەگینا ڕێگای پێدەمالی

چاوچنۆك یەكێكی خۆی بە هەزار دەبینێ
دەمی لاشەی وەك بێچوە پشیلە دەمیاوێنێ
لەدووناندا هاوڕێتەو بەدانەیەكیش ناتناسێت
لەتەنگانەدا لەترسی سلاۆكردنت دەقیژێنێ

****

چواردەورت خۆش بوێ لەبچوكەوە بۆ درشتت
ڕێزمەنێ لەكەسانێ، كە بەرد دەگرنە پشتت
دۆست و دوژمنەكانت بەساویلكانە لیك مەدەوە
ئاخ بۆ یەكێ هەڵكێشە، كە بێ زانیاری كوشتت

****

تاكۆیلەی كەون بیت زنجیرت لەگەردن و ملە
پادشابیت یان ژێردەستە، نیشتگەكەت شلە
خەونێكی دوورە، گوێڕاگرتن لە لورەی كێوەكان
شوێنكەوتەكانت هەرتاوێ چاویان پڕ لە كلە

****

پێش نەمانی لاشەت گوڵی سینە لەژیان بستێنە
سامانی زۆردار بۆ سڕینی فرمێسك بەكاربێنە
هاشەی بەفیز، بۆ هەناسەیەكە بوون و باسی
كە بێ نانت بینی، بە ناخ ئەسرین هەڵوەرێنە

مرۆڤی دڵ ناسك شەوو ڕۆژی لیٚ تیٚكدەچیٚ
فكرو خەیاڵی ڕۆژی بۆناوەندی جیٚگا دەچیٚ
ئاكاری كەم هزر و ماڵخۆرانی لەناو هۆشە
بەپەرۆشەوە دوودەست و لاقی لەجیٚ دەچیٚ
****
سەرۆك دەبیٚت وەك تەیر كاری نیشان بدات
وەك چۆن لەتاو بەچكەكانی شین تاودەدات
نیشتگە كە بۆ وتە بیٚت بۆ منداڵیش شیاوە
چونكە بەسەر خاتونی لایلایەدا بازدەدات
****
داری دووكەس بەیەك تەور هەڵمەسەنگیٚنە
لەڕەگ شارەزابە و قەدیان بەتەنیا بدویٚنە
كلكی شكاو شەرمەزاریە لەناو داركەراندا
تابارت ئامادە نەبیٚت، پشتت دامەنەویٚنە
****
لەتەك پیریٚك دانیشە كە گەڕیدەی دنیا بیٚ
مرۆڤیٚك وەلانیٚ كە نان خۆری ناو جیٚگابیٚ
تیریٚك بگرە لەدڵی خۆخۆر و خۆپەرستان
گەر بوونیشت نەبیٚت، كەس خزمت نابیٚ

بۆ تەنیا ژەمێ، خاڵێ دەستی خوارزا دەبڕێ
بۆ بوونت نیە، بۆ سامانت خەریکە دەمرێ
ڕێگا بە ژیان مەدە بشکێنێ دوو دەستەکانت
تیری کەون زۆر بە ژیرانە بۆ دڵت دەفکرێ
****
تا تەمەنت پتربێت ژیان زیاتر گەردنت دەگرێ
هەموو ساتێك لە دەورتە لە شێوەی تانەگرێ
بۆ هیچ ئاما نجێکت درەنگ نیە کە پێی بگەیت
خۆت بجوڵێنە و ڕا پەرە وەك ڕاوچی نێچیر گرێ
****
لەهیچەوە هەرهیچە ، چارۆکەمان پڕی هیچە
کەچاوت لێمانە، چینی چەوساوە بۆهەر هیچە
چرۆی چاکە چۆن چەکەرە دەکات لەچاوت
چیرۆبوونەوەی چۆك و چەمانەوە بۆ هەر هیچە
****
مرۆڤ خۆی تاکە دڕندەیە لەناو سروشت
برا دەمرێنێ کاتێ پشتی خۆی شوشت
زۆردارە و لەناو گەردووندا کێبڕکێیەتی
ساتێ ئاوڕدەداتەوە، کە دایکی خۆی کوشت

بۆ شتێك مەمرە، كە ئارامیت پێ نەبەخشێت
ڕێگایەك مەگرەبەر كە دوو قاچت پێی بشكێت
داهاتووت بێنە لای ڕاست و ڕابردووت بۆ چەپ
ڕۆخی ڕێگای زەمەندە، ماری لەناو دەفیشكێت
****
خزمی دوور وەلانێ، زیاتر ڕێزبگرە لەماڵت
پێش فڕین بەئاسماندا، بڕوانە لە دووباڵت
سەنگی ورگت بەراوردبكە لەتەك باڵداری
لێو وشك زۆرن كەدەڕوانن لە دوو لێوی ئاڵت
****
سەركەوتنی كار پێویستی كردەوەی خۆزگەیە
دوای تەواوبوونی فكرە، پێویستی بەجێگەیە
كڕینی ماسی لەناو زەریادا هەرگیز نابینرێت
هۆكاری پێشكەوتنیش لە دەروازەی پێگەیە
****
مرۆڤی لوت بەرز كەسێكی زۆر قرچۆك و كاڵە
هەنگاوی بینراوی بۆ خەندەی دەنگ زووڵاڵە
كەسێكیش كە گیانی خۆی داناوە بۆ بێچارە
هەژارێكە لەدەم چۆم، هاوڕێی تەواوە بۆ پیاڵە

سروشت کە یاسای خۆی هەرگیز نەگۆڕییا
دوژمن هیچ کارە نەبوو لەئاست شنەی با
مرۆڤ لایلایەی بۆ مرۆڤ نەدەکرد لەتەنیایی
نەشمان دەدیت هیچ تەیرێك لەترسان فڕییا
****
کەون کە سوڕانی بێفێڵ و تەڵەکە بووایە
کەست نەدەبینی تینووی فرمێسك بووایە
گوڵیش کەبۆنی خۆی گۆڕییا بۆ یەکێکی تر
تاکۆتایی دنیا، دەبوو لەناو دەستێکدا بووایە
****
لەپیێدەشت گوڵ دەنێمە سەرگوڵ هەر بێگوڵم
لاسکی چڵێك دەگرم لەناو ژیان، هەر بێچڵم
بەتەنیا هۆشم دەچێتە ناو هزری مانگە شەو
هەر مەی و نەی شوانن بۆ ئارام و هێوری دڵم
****
کەهەبووی دنیای قۆزی، کە نەبوو بووی تۆزی
هیلاکیش ناگاتە کەیف و سەفا بەبریای ڕۆژی
هەر مرۆڤی هیچ و چڵێسە باشۆلی لەدنیا داوە
دوو چاوی سورە و بۆنی گەنیوە پژمەی لمبۆزی

ناپاکی ودرۆ و دزی ژیانیان ناهەموار کردووە
سێ ڕێگەن شینایی دەشتیان وشك کردووە
کەبێت و بوونیان نەمێنێ لەناو مرۆڤەکاندا
ئەوکات دەبینی کە نامۆبوون کۆچی کردووە
****
هەرگیز پاشەڕۆ ناچێتەوە بۆ سەرچاوەکەی
زوو کۆتایی پێدێت و قوتیدەدات زەویەکەی
وامەزانە کە هاوڕێی ڕابردووت بۆ داهاتووشە
کە ناپاکی لێکردیت بچۆرە دەر لە پەیمانەکەی
****
مرۆڤ بە هێواشی دەتوانێ گەردوون بگۆڕێ
هەرخۆشیەتی ئازادی و جەنگ دێنێتە گۆڕێ
گەر ناپاك لەکۆمەڵگادا ناو و بوونی نەبێت
دوژمن ناتوانێت بێتە لات و لەباخەڵت بنۆڕێ
****
لەدوای کردنی هەرکارێك داوای مافەکەشت بکە
بەبێ مافیش هیچ کارێك بەکۆیلەو بەندە مەکە
هەوای گەردوون ناجێگیرە، بەردەوام دەگۆڕدرێت
لە هەرکارێکیشدا بێڕێزی بەرامبەر کەس مەکە

دووره پەرێز ڕاوەستە کە هەرایەکت بەدیکرد
هاوڕێت وەلامەنێ، کە ناخۆشی ڕووی تێکرد
سپێدە کاتیکە لەڕووی هەموو کەس هەڵدێ
چاوەڕێی زەردەخەنەش مەبە کە کارێکت کرد
****
نەفرەت لە مرۆڤی ڕیاباز و تانەلێدەر بکە
لەجیاتی بە دواکەوتن دەست بە پێوەر بکە
دوای تێگەیشتن شرۆڤەکردن بێنە ناو هۆشت
چاوت بەکاربێنە و گومان لە مێروولەش بکە
****
مردن لەبرسان باشترە لەچاو بەرەوژێربوون
ئاوی ناوچاوان سەربەرزیە بۆ سك تێربوون
هەوڵدانی بێخەو، مانای مرۆڤی ڕاستەقینەیە
شکست هێنانیش قوتابخانەیە بۆ فێربوون
****
بۆ گۆمانی ژیان هێواش بڕۆ بۆ سەیری لانگ
پرسیار لە هۆشت بکە تا بێتە ناو وەلآمی بانگ
جارجارە سەیرێکی زەوی بەر پێیەکانت بکە
مەی بنۆشە بە خەیاڵی کەژاڵی شەش دانگ

کەون لەهەموو شوێنێك شینایی دەڕوێنێ
لەدوای ماوەیەك پەلکی زەردی دەوەرێنێ
مرۆڤیش لەشێوەی ڕووەك دەگەوزێنرێت
نازانێ پاش ماوەیەك کە ناویشی نامێنێ !

****

مرۆڤ بە ڕەوشتەوە ڕازاوەیە و ڕەنگی جوانە
هەور دێنێ بۆ کۆمەڵگا ، کە وشکانی میوانە
شەپۆلە پڕ ترسناکەکانی نیشانی زەوی دەدات
لەناو گەرووی جوتیار سەرقاڵی پێوەرکێشانە

****

هەردەم سادەبە و ماددە پەرستی مەکە
لەوڵاتی خۆتدا بازرگانی بەوڵاتانەوە بکە
مانگ نادرەوشێتەوە کە تیشکی خۆرنەبێت
کەدوژمن بۆت پێکەنی چوختی لەگەڵ مەکە

****

لەناو گەردووندا هەموو گوڵێك بۆنی خۆش نییە
لەهەموو ڕێگایەك سڵاو هەیە ، بەڵام وەفا نییە
هەرچەندە، کە مردن تەمەنی درێژترە لەژیان
جێگاکەی خۆشە، چونکە وەك ژیان سپڵەنییە

لەهەر پلەیەکدا بیت زۆر ڕوومەکە ئافرەت
هزرت دیوەخان دەبێت بۆ هاتنی نەفرەت
ڕسوایی بـاڵدەکێشێت بەسەر تەواوی هۆشتدا
لێت دەبێت بەکۆڵە پشتە بۆ بڕینی ڕێگەت

****

هۆشت پیرمەکە تـاویٚ ببە بە دۆستی شەڕاب
گەردوون بۆ خۆی دەسوڕیٚ بۆ کۆرپەلەی بـاب
بەبێدەنگی درێژە بەژیانت بدە هەتا کۆتـایی
هێندە ناهێنیٚ لە فکردابی لەترسی وەییاب

****

کە هەرا هەبوو، خۆت مەکە بەگەورەی سەرا
تۆ لێی تێبگە، ئەوکات دایدڕە بەنوکی تەورا
هیچ کاتێك زەرەرو زیان، هاوتـای یەکترنین
کاتیٚ کە هەوڵتنەدا، مەهێنەوە ئاهی مەکرا

****

ژیان زۆردارێکە هەناسەت لێدەکاتە دووکەڵ
هەرچەند گەورەبی، دەتباتە شوێنی چوکەڵ
کە گوڵێکت لەدەستدا، ئارام بگرە بۆ یەکی تر
خاوەنی هۆشیٚ بە، دوور لەهۆشی کەم و فشەڵ

پێکەوەنانی ماڵێك زۆر باشترە لە خەیاڵی دووان
ڕەوشتی خۆت بەنرخترە لەهەزار کەسی جوان
هەڵسوکەوتی باش زۆرە، مرۆڤ هەستیان پێناکا
پەزی ماڵت بپارێزە و بەهانەش مەگرە بە شوان

****

سکی کۆرپەلەت تێربکە، ئەوکات بۆ دەروجیران
تاخۆت نەچەمێیتەوە هەست ناکەی بەژانی پیران
پەلەمەکە لەهەر کارێك بەنیازی ئەنجامی بدەی
نیازپاکانە بمێنەوەو سینەت مەبە بۆ کلێپەی تیران

****

لەداخی مرۆڤێ کە هۆشم بەرەو لای مەی چووبوو
باسی لەتاوان دەکرد ، کەچی لەهۆش خۆی چووبوو
لەبەر ڕێیازەکەی دەستی هەڵگرتبوو لەسەمای ناوشار
لەناو ڕیابازیەوە بەرەو دزی و مەشکەژەنین چووبوو

****

چۆنی وچاکی، چلەی چاکی چینی چەوساوەیە
چیڕی چۆڕاوکەی چەڵەمەی بەرچرای چریکەیە
چیدەبێ چاو چەند چینێکی چەوساوەش بچنێت
چواربالی لۆچی چەقێنراوە کە لەچیای چرپەیە

نهێنی ناو دڵت مەدرکێنە گەرچی ژێردەستەی تۆیە
درکاندنی نهێنی گەڕانەوەی نیەو لەچاوانت ڕۆرۆیە
وەك دڕکێك وایە، لەورگی خاوەنەکەی هەڵچەقێنی
جوان پاراستنی فرمێسکی سەربڵندی و ڕێزی تۆیە

****

لەبەر ڕوناکی مانگ تەنیا داڵغە لەشوێنێ بگرە
زۆر مەڕوانە و تاوێك لە جێگایەك سەبربگرە
لە هەر شوێنێکی کەون بیت ناچار دەبێ بمری
بژێوی سەربەرزیشت تەنیا بە دەستێ مەگرە

****

ناخۆشی توشی کەس مەکە کە خۆت نیتە
خۆشی ژیانی ڕاستگۆیی وەك تۆوی شویتە
بەخرا پی خۆتەوە سەرقاڵبە نەك مرۆڤی تر
ناخۆشی بۆ مرۆڤێکە کە زیندەوەرێکی چڵێتە

****

هزر دەم و کاتی نیە بەرێکەوت دێتە گۆڕێ
لەچۆمی ئاو دەچێ و کۆمەڵگای پێ دەشۆرێ
لەخودی خۆشتدا هەستی پێناکەی کە دێت
بەلێشاو دێت و هەموو کەونی پێ دەگۆڕێ

گەر هزرکاریت نەزانی، شەل و شێواوی مەکە
کە خاوەن پێوەربووی، قەت لوتت بەرز مەکە
هزرین هەرگیز بەناز و فیز سەرکەوتوو نابێ
کە پشتت چەمایەوە سەیری پێیەکانت مەکە
****
نالاّندن بۆ سەودا، ناگاتە هیچ لایەکی ئاسمان
فکرەیەکی تالّە تابەیانی لێت دەبێ بەمیوان
بێخەبەربە لەفکرەی دوور، خۆی دێت بۆلات
هەرمرۆڤە خۆی بکوژێ زیندەوەرانە لەتینوان
****
کەون شێتانە بەدەوری خۆیدا دەوران دەکات
گوێ بەمرۆڤ نادات کە چۆن گوزەران دەکات
زیندەوەران خۆیان لەبوونی خۆیان بەگومانن
دەوران هەر ڕۆژەو یەکێکیان سەرەو نگوم دەکات
****
مرۆڤ کۆشکی زوڵم دروستدەکات و تاوی دەدات
سروشت هۆشی پڕدەکات و لە پڕ لانەی تێکدەدات
شەمشەمەکوێرە کە ڕۆژی لێدەبێ بە شەوەزەنگ
تاریکایی دێت و وەك گەلاّی دار کەللەی بادەدات

لە کوێوە دەرچوی گەڕانەوەشت هەربۆ ناو ئەوێیە
زۆردار زوو لەناو دەچێ و چەند کەسی تری لەجێیە
بڕوانە لە تەمەنی کورت چۆن باڵی گرتووە بۆ فڕین
پاش کەمێکی تریش کەس نازانێ دەربەدەری کوێیە

****

مرۆڤ بەلەشی ناسکی سێبەر بۆ خۆی دەکا
بەداماویەوە فکرلە لۆچی پێستی پیری دەکا
خەیاڵی چەند ساتەوەختی لە گۆزەیەك ناوە
لەئەنجامدا سڵاو لەچوارپێ و تەوێڵەیەك دەکا

****

کەسێك نیازی پاك بێت، داماوی دایدەگرێ
دەستی خوێن مژان، تەنیا بە پەنجە دەگرێ
تۆش لێو بۆ پیاڵە مەی ببە لەداخی ئەم و ئەو
هۆشت بکە بە ڕووەکێك، بەڵکو هزرین بگرێ

****

ئەگەر گۆم و ئاو نەبووبا، چی ماسی دەتاساند؟
ئەگەر مرۆڤ نەبووبا، خواد خۆی بەکێ دەناساند؟
ئەگەر زەوی هەرای لەسەرنەبا، چاڵی تێنەدەکەوت
گەر گوریسیش نەڕزیبایە، گا و گۆل نەیدە پساند

خۆزگە بەشێتیٚ، کە مرۆڤ یەك بوختانی بۆدەكا
نەفرەت لەتەواویٚ، کەهەزار تانە ڕووی تێدەكا
مرۆڤ کە شێت بێت هەرکارێك بكات خۆی ئازادە
ژیریش سەرگەردانە، بۆ ژیان خۆی پەرێشان دەكا
****
بۆ ئاوێك بگریە کە هاودەردی ئەسرینت بیٚ
نەك بۆ مرۆڤیٚ کە تینوی خوێنی سەرت بیٚ
سەرخەوێك بشكێنە دوور لە خەیاڵی نەبینراو
لەخۆشیەك دووربە کە ئاما نجی بۆ مەرگ بیٚ
****
کات جریوەی تەیرێكە کە هەڵوەدایە بۆ جێگایەك
خۆش ژیاوان تامەزرۆی لیكن بۆ چوارپێی گایەك
هیچ کێوێك وەك ساڵی پار سەوزایی لێناڕوێتەوە
گروپی دارکەران چاوەڕێن بۆ کردنەوەی دەرگایەك
****
کەسیٚ خۆی لەوچە نەبیٚ، لەوچەش نایەت بۆ لای
مێگەلیش شوانی وریابێت، ناگا بە نوشتەی مەلای
گۆزەیەك کە سەری ئاوەڵابێت، هەر بۆشەڕاب باشە
مرۆڤیٚ ناتەواو نەبیٚ ، بە لە نجە ڕاناوەشێنیٚ عەبای

لە کەوندا چاڵی زۆرهەیە یەکێکیشیان بۆ تۆیە
حەوت تەبەقەی ئاسمانیشت شین کراوە بەبۆیە
ماڵ پێکەوەمەنیٚ لەدنیای کورت و زۆر زیندوو
لەسەری دەردەکرێی و ئاما نجەکەشت بۆ ڕۆڕۆیە

****

کەخۆش نەژیاوە ، شین و ڕۆڕۆی دایك لەبەرچی؟
لە ناخۆشی دووەم دەکەوێتە چاڵی بێبن بۆچی؟
کەنەمام بادوای نەمانم سەنتور بکەوێتە لایلایە
لەدنیای تر بسوتێنرێم یان دێو بمخوات بەتۆچی؟

****

مرۆڤ لەسەر زەوی بارگەی خەم و خۆشی تێکناوە
هەر خۆشیەتی ژینگەی زیندەوەرانی تری تێکداوە
کەسی زمان درێژ دانانیە، بەڵکو بیستراو دەگەیەنیٚ
بێدەنگان مەشڵەژێنە، چونکە داڵغەیان لەسبەی داوە

****

دنیا خۆی دۆزەخە، دۆزەخی تر لە پای چی؟
مردن لەڕێگای هەمووانە، ژیان لە پای چی؟
هەسارە زۆرن، بەتەنیا زەوی جێگای باسە
کە ڕۆزی زۆرە، تاسەر هەژاری لە پای چی؟

هاودەردی ژیانت لە ئامێزبگرە هێشتا دەنگی بادێ
جگە لەئادەم هیچ زیندەوەرێکی بینراو بێناوك نابێ
چونکە بەزاووزێ نەهاتووە وەك مرۆڤانی دوای خۆی
جیاوازی زۆرە ، وەك یەکێ نۆکەربێ و یەکێ پادشابێ
****
هەرکەسێ ڕەمزی نیشانبدات، ناو دەروونی پیسە
مرۆڤێکە هەژار قوتدەدات و دڵی میهرەبانی سیسە
لەلای مرۆڤی تر چاکەو ئازایەتی خۆی دەردەخات
خورپەی ترسنۆکی ناودڵی وەك مێشولەی تیستیسە
****
ڕدێنی زۆر هۆکارنییە بۆ ڕەوینەوەو لاچونی تاوان
گەیشتن بەئامانج نیشانەیەکە بۆ کوڵم و ناوچاوان
هەر مرۆڤە دەرونی مرۆڤی تر دەشێوێنێ لە دنیادا
لەجیاتی زانست، بەتەنیا وێڵە لەدوای ناو و نازناوان
****
کەسێ کە لەخۆبایی و قۆڵی ژێرشانی بەرز بوو
وەك مەیمونێکە، لەسەر داری سەرەونگوم بوو
یەکێ پێی پێدەکەنێ و یەکێکیش پێی سەرسامە
ساتێ کۆتایی دێ کە پشتی وەك گۆچان خوار بوو

لەخەو دابووم نامەیەك دەروونی هەژاندم
کاتێ بەخەبەرهاتم کە هەموو ژیانی ڕزاندم
خەونێك هاتە پاڵ چاوەکانم بە شەکەتباری
زاڵم خۆی بوو کە بەرگی لەبەردا دڕاندم
****
ژیان فێری کردم کە چۆن پێداگرم لەسەر زەوی
خۆم ڕاست نیشانبدەم و نەترسم لەبەرز و نەوی
گەورەیەك، بچوکێك دەهاڕێ و بچوکتر دێنەدەر
دەروون دێتە وەلاّم ، پیم دەبێژێ تۆش هەر لەوی
****
ئەگەر یەکێ هەبووبێ و دوو ژن بێنێ
هەرگیز نابینی وەك یەك بیان لاوێنێ
لانەو پێخەف دەبێتە ئاوەردگای مێژوو
دۆستی تازەش، دۆستی کۆن بەگریەدێنێ
****
مەی نەفرەت لێکراو، تامی لەناپاکی خۆشترە
یادگاری پیری لە پەڕەی خونچەگوڵ ناسکترە
کە داوای چوارمێ بۆ خوێنرێژێك شیاوبێت
چادرگای ئێشی ئەم کارە لە تلّپی مەی پیسترە

چینێکی کەون لەناو نازو بەرەکەتدا گەوزیون
چەند کۆرپەش لەبیابان لەبرسا گۆشتیان ڕزیون
بناوانی داد پەروەری ڕووی ناسکی لەکام چینە ؟
سەدەیەکە دەمرن، ناویان لەکام پەرتوکی زیون

****

خۆزگە مێروولەیەك بام، بێ جێگاو بێ نیشان
بۆ ساڵێك ژیابام نەك بۆ سەدەیەك دڵ ڕووشان
مێروولە وەك شێتن، هەموو بەناوێك ناسراون
شەش قاچم پێوەبا، نەك دووقاچ بۆ تێکۆشان

****

مەرج نیە هەمووشتێ بپسێ بەلاوازی و باریکی
دزی ونا پاکیش بەرنامەیان کەوتۆتە ناو تاریکی
هەرچەند ئەستوربێ خۆناگرێ خەیاڵ و خەون
تۆش فکر بکەوە و بزانە خۆت چ کەرپەککاریکی

****

لەخەودابووم دنیا شەلاقی بەسەرم دەکێشا
وەك هەژار ئاخم بۆخۆشی سبەی هەڵدەکێشا
لەودیدەنیە ناخۆشە، چۆن شەڕاب نەنۆشم
مەیگێڕیش بەمشێوەیە دڵی لە کەسێ نەهێشا

مرۆڤ فکر لەدنیا بکاتەوە سەری خۆی دەخوات
وەك باخێك بچێنێت و بەرهەمەکەی نەخوات
کەسێك لە پێناو سەربەستی، خۆی بەخت بکا
کەس ناتوانێ داهاتووی لەتابوتی گۆڕستان بخات

****

هەوڵمەدە بۆ ژیانێك، کە تەمەنی بەرباداوی
بۆ چرکەیەك بگری کە ژیانی لێ بەفیرۆداوی
تاوانبار کەسێکە دووژمنی هاوڕێکانت دەناسێ
لەگفتی بترسە، هەر بە وتە تەڵەی بۆ داناوی

****

نازانرێ چارەنوسی مرۆڤ لەدەستی ئەمە یا ئەو
کامیان ڕۆژ هەڵدێنێت و کامیان دەیکاتەوە شەو
مرۆڤ لەترسی هەردووکیان کەوتۆتە بێ فکری
لەو ترسانە ڕەنگی سور بووە وەك دوو پێی کەو

****

مەرج نیە باوك هونەرێك بزانێ کوڕەکەشی وابێ
لە پاش دروێنەش هەموو خەرمانێك سور نابێ
دوو ڕووەك وەك یەك ئاو نایان گرێتەوە تاسەر
گەر کۆیلە بوونی نەبێت کەسیش ناتوانێ پادشابێ

هەموو کاتێ فکر و هۆش باشترن لە دوو چاو
ڕاستی دەدرکێنن و دەیخەنە ناو چارۆکە جاو
بینینی بەبێ هۆش، دەریایەکی بێ ماسییە
هۆش پە نجەو زارو زمان دەکاتە تەڵەی ڕاو
****
کەسێك کە زانا بێ خۆی بەخرا پە دەشوبهێنێ
لەکۆمەڵێك گۆزە دانەیەکی خراپ بەکاردێنێ
هەموو درەختێ بەروبومی شایەنی خواردن نییە
هەندێ جوانت دەکەن، ئەو جوانیش دەتسوتێنێ
****
خەونی ئارەزوو تەنیا لەهۆشی هەژارو بێ چارەدایە
ڕاستیەکەی تاڵە تەنیا لە نۆشینی دڵۆپی مەی دایە
گەر خۆزگە دەرمانی چارەسەر بوایە بۆ نەداران
ئەوکات دەتزانی دوو دڵی کەفە و لەناو زەریادایە
****
ئارام بگرە تا ئارامی بەسەر چاوەکانتدا نەهاتوە
درۆ خاوەنی چەند تاقمێکەو لەبەر مەی هەلاتوە
تائیستا کەس دنیای تری نەدیت تا گەشکە بیگرێ
جۆری مرۆڤ زۆرە و هەریەك بە ژینگەیەك ڕاهاتوە

ڕاستی و چاکە و دڵ باشی هاوشێوەی شەڕابن
گەر نەشکێن هیچ شتێك هاوشێوەی ئەوان نابن
هەرچیت کرد سەربەرزانە بە ئە نجامی بگەیەنە
گەر بوك و کوڕ باشبن خەسوو خەزور زیورنابن
****
خەمی داخی خۆت بۆخۆت بخەوێنە لەمە یخانە
بێخەم خاوببەوە خرا پە خاڵی خاتونی دیوەخانە
خەم بخۆری خەندەیە ، خر پۆڵە خەمی بۆدەخوات
خاترگر خاکی خاراوە بۆ خلبونەوەی خاوەن خانە
****
کەماڵێکت پێ بەڕێوە نەچوو داوای ولآتێك مەکە
مەگری بۆبوون شانازیش مەکە بە باخەڵ و تەکە
بون و نەبوونی ماددە هەموو مرۆڤێکیان تێکداوە
ترسناك مەبەو لەترسی هیچ کەسیش سڵ مەکە
****
فکر لە بوونی خۆت بکەوە لەسەر ڕووی زەمین
چەند چرکەیەك چاو بگێڕە بەرەو داماوو غەمگین
پاش کەمێك لەتاو زۆری تەمەن پشتت دەچەمێتەوە
کەڵەکی هەڵچنراوت بەهێواشی دەستدەکات بەڕمین

بەندەیەك لای خودا لەتۆپی گەردوون بەرزترە
مرۆڤە لای ئەو لە هەموو گیانداران مەزن ترە
كاتێ مرۆڤێك مرۆڤێكی تر بكوژێ لەم پانتایەدا
نازانی كامیان دڵخۆشن و كامەیان غەمی زیاترە
****
هەر شتێك بكەی، بزانە كە مردنی لەدووایە
هەوڵدانێكیش لەبیر بكە كە نائومێدی تێدایە
هیلاك لەتاو ئازارەكانی ئاخ وداخ هەڵدەكێشێ
هۆشی ئارامی لە خەیاڵی خەونی دوریدایە
****
سبەی دنیا بەدەستی یەكێكەو دواتر بۆ یەكی ترە
كار ڕێكخەری نێوانیان، لە هەردووكیان كەمترە
دنیا بەخۆشی بەرەسەر، تا شۆڕنەكراوەتەوە لاشەت
كوپێك شەراب بێنە كە لەهەموو خۆشیەك خۆشترە
****
هاوڕێیەتی كەسێك مەكە كە هاوڕێی دووژمنەكەتە
كەسێكیش بلاوێنەوە كە هاوبەشی خەمی سینەتە
ڕاستی لەناو كوپەی مەیدایە، هەربۆیە تاڵە تامی
زیاد گەڕان لەدنیادا، ڕێگەی دەوڵەمەندی هۆشتە

هەرسەردەمێك بێت ، نەزان كە بشفرێ هەر دەبەنگە
زانستیش بەلێشاو لەسەر مرۆڤی بەهزراوی چەلەنگە
هەموو زەردەخەنەیەك، لەدوایەتی گریانی بێ كۆتایی
خەون بۆ زانا كاتی زووە، بەلاَم بۆ نەزان كاتی درەنگە
****
سەیروسەمەرەی هۆش تێكدەر، بۆ هەش شێلانە
كاروكردەوەی داخ لەدلّ، بۆ وێرانكردن و تێكدانە
كەسێ دەستی كەسێكی تر بگرێ خۆی دلْخۆشدەكات
ئاراستەی فكرو خەیالّی بۆناو یادەوەری ڕۆیشتوانە
****
دلّۆپێك شەڕاب هەموو تەكەبورێكی ئەفسانە دێنێ
دزینێكی نادیار هەزار چاكەی بەرزاری ناو كۆڕ دێنێ
مرۆڤ خەوی شەوانەی بۆ كارێكی سبەی دەباتە سەر
تالّە مویەك نابینێ كە لەسەر ڕومەتی سەردەردێنێ
****
خەونبین و خەونزان نەبووم، بەرەو خەونت بردم
بێخەم نەبووم و خەمی سەرخۆرت لەناو هۆش كردم
دوو قاچت بۆ دروست كردم بۆ بینینی تالاَوو تاوان
مندالّ بووم و لەخاكێكی نەزان بۆ مردن پیرت كردم

زەوی خۆی داوەتە دەستی مرۆڤ تا یاری پێبکا
بەنادیاری تەڵەی داناوە تاسەری مرۆڤی تێبکا
میوەی زۆر داناوە تا بەڕووی مرۆڤەوە پێبکەنێ
تاوێ بە شیرنی و تاوێکیش ژەهریان بۆ تێدەکا
****
زەوی کە دروست بوو پاك بوو ، مرۆڤ وێرانی کرد
خدێوی لەبیابان بوو، سەگیش پاسەوانی دەکرد
خۆشی ژیان دەروازەی بەڕووی هەندێکاندا کردەوە
دەوەن بێئاگا هەستا و مە یمونیش یاری لەسەرکرد
****
ژیانی مرۆڤی چەتوون، وەنەوزێکی مەستی ناهێنێ
دڵی نائارامی، گیانی زیندووی بەغەڵبە غەڵب دێنێ
جیا لەخۆیشی، قەپ لەدەست و پە نجەی ساقی دەدا
سێوەڕە دێنێ و ئازار بەگەرووی پارێنیش دەگەیەنێ
****
منداڵێ کە بێکەس مابێ، هەردەم خوێن لەدڵی دێ
جیاوازی نیە لەگەڵ مرۆڤێ لەناو کۆمەڵ بەندە بێ
یاسای هیچ گەلێکیش وەك خۆی ڕاستی ناباتە سەر
یاسا تەنیا بۆ هەژارە، ئەویش بەدوو پێی خۆی دێ

بەسە گریان، جیهان بێنە ناو پیاڵەیەکی ڕوون
ئەوەندە بژی، کە هۆش و جەستەت زیندوون
لاشەی تۆش کۆن دەبێ و زەوی تەختی دەکات
ڕەشماڵێکی لەسەر هەڵدەدات بەدەستی چەتوون
****
زانست لای کەسێکە کە تاڵی لە ژیانیدا چەشتبێ
گەریدەی دنیابێ و کاتێ لە کەلاوەیەکدا کەوتبێ
خۆر بەهێزە، گەرمی دەداتە گشت هەسارەکان
خۆزگە بەمرۆڤێکیش لەدنیا بوبێتەوەو خەوتبێ
****
میهرەبانی کاتێ جوانە، کە خرا پەی لێوە دووربێ
ماسیش ساتێ ئازادە، کە ڕاوچیان پشتیان کوربێ
شێر هەرچەند زاڵمە جارجاریش دەکەوێتە ناوتۆڕ
مەرجیش نییە هەموو درەختێ لەبەهاردا سەوزبێ
****
مەلاوانی باش سەرەتا لەگۆمێکەوە دەست پێدەکات
پاشان لەڕۆخی دەریاوە بەرەو قولایی مەلە دەکات
باشترین دانا کەسێکە ، کە بڵێ هیچ نازانم لە ژیان
نەزان کەسێکی زانایە، کەچی بۆ وەلام پشت تێدەکات

لەدوای هەرشتیٚ بگەڕیٚی لەکۆتـایدا پیٚی دەگەی
وەك میوە لە سەرەتـادا فەریکی و دواتـر دەگەی
پیٚش ئەوەی دەست لەشتیٚ بدەی جوان سەیرکە
هەموو ڕیٚگایەك ببڕە، چونکە بە زانین دەگەی

****

چاوەڕیٚکەری خۆزگە، شەو بەبرینداری دەخەویٚ
سەیری سەر چیا دەکا، هاکا کەی ڕۆژی دەرکەویٚ
کاتیٚك هەستدەکات کە خۆر لەبەرزی ئاسماندایە
هەر لەخەیاڵی لوتکەدایە بەڵکو ڕۆژیٚ سەرکەویٚ

****

کە ویستت مرۆڤیٚ بناسیتەوە نەخشەی چاوی بکیٚشە
فریای دوو دەستی چە پەڵت بکەوە لە پیسی دەریکیٚشە
مرۆڤیٚك گومان لەهۆشیدا نەبیٚ بەرەو ڕووخان دەڕوا
داهاتوی هەموو ساڵیٚکی وەك پیٚرارە پڕیەتی لە کیٚشە

****

لەتەك هەموو شتیٚکی قیٚزەون جوانیٚك دەبینریٚ
لەگشت شویٚنیٚکی کەون هەر میهرەبانە دەکوژریٚ
مەی لەناو پیاڵەیەك بپاریٚزە کە براگەورەی گشتیانە
هەرخاوەن فکرەشە لەناویاندا لەبیٚژینگدا دەبیٚژریٚ

پیالّەیەك مەی هەزار دینداری نا پاك و ڕیاباز دێنیٚ
مەی ڕاستی دەدرکێنیٚ و فرمێسکی ڕاستی دەوەرێنیٚ
کەونیش کەیاساکانی بە پاکی و تامەزرۆ بردبایە سەر
کەسیٚ نەدەبوو کە بیتوانیبا بۆلای خۆی ڕامی بێنیٚ
****
ڕاستی کەمە، بۆیە مرۆڤی ڕاست پەنا بۆمەی دەبا
سروشت تینوی خوێنیەتی و هەناسەو ژیانی لێدەبا
گەر هەموو کەس برابا، بێگانەیەك بوونی نەدەبوو
بەرژەوەندی نێوانە و ملی ئەستورو باریك شکدەبا
****
زەوی بەلّغێکە و بە داوێکی نادیار هەلّواسراوە
لەناو هەوایەکە و تەمەنی لە دوورەوە زانراوە
ڕۆژ دوای ڕۆژ کۆنتر دەبێت و ئاوی ناوی نامێنیٚ
لەگەلٚ چەند هەسارەی تر، بە یاسا ڕاهێنراوە
****
خو چەند جۆر دەرونی لەناو مرۆڤەکاندا چاندووە
وەك درەختەکان هەریەکەیانی لەشوێنیٚ رواندووە
لەیەکێکدا پاکەو لەیەکێکدا  پیسەو لەیەکێدا تێکەلٚ
هەرسێکیان لەناو خۆیان مالّی یەکتریان شێواندوە

هەموو شتێ لە گەردوندا بە ئەقڵ و زانایی دانراوە
خوداش تام و بۆن و جەستەی تائێستا نەزانراوە
کەواتە خودا بەرپرسی هەموو ئەقڵێکە لە کەوندا
هەرشتێکیشی وەدیهێنابێ بە ئەقڵ ناوی لێناوە
****
هەموو لاشەیەك دەمرێ تەنانەت ئەقڵ دەمێنێ
هەر فکرەی تازەش گونجاوترە لە فکرەی دوێنێ
مرۆڤ لە داهێنانەکانی کۆنەوە فێری شتەکان بووە
سەرسامە بە لانکەیەك، کە کۆرپەی تێدا ڕادەژێنێ
****
گەر هۆش نەبووبا هیچ شتێك نەدەبوو بوونی
کە خراپ و چاك نەبا مردن دەبینرا بەڕوونی
بوونی مرۆڤ بەبوونی خوداوە بەندە لە کەوندا
کەکۆیلە نەبێ، خاڵ نایەتە سەر ڕووی خاتوونی
****
هەرچەند دەسەڵاتت هەبێ ڕۆژێ بەربا دەکەوێ
هەرچی پەلەوەریشە بەجووتباڵی خۆی دەکەوێ
ئەمرۆ پادشای، سبەی کۆیلەیەکی هۆش خۆزگاوی
درەخت خۆی جوانە، بەلام لەگەڵ باران تێدەکەوێ

لەکوێ یەکسانی هەبوو ڕوو لەو ناوچەیە بکە
یارمەتی هەژاران بدە و ناوچاوانیان ماچ بکە
هیچ مرۆڤێکیش تاسەر نامێنێتەوە بەکۆیلەیی
دوور لە پلە بووەستەو چاوەڕێی نەمانیان بکە
****
ئازادی بوونی هەیە کە یەکسانی بوونی هەبێ
پیاڵەش هیوابڕاوە کە مە یخۆری لەدەور نەبێ
مرۆڤ بۆ قاسپەی کەو دەگریە و لاشەشی دەخوات
دەنگی بێچووی نابیستێ کە لەگریان ماندوو دەبێ
****
لەخەودا خەونێك خزایە ناو خەمی خەیاڵم
خەندەی دەخوارد و خۆفیدەکرد لە خەزاڵم
خێرا بوو لە خواردنی خۆڵی خانەی خرپن
خەرمانی خۆشکردبوو لە خاکی ڕووبەخاڵم
****
مـــرۆڤ بەردەوام دەگەڕێ لـــە نـــاو کـــەون
بەردەوام هێرش دەکـــاتە ســـەر خـــەون
دەگەڕێ تـــا نهێنی بـــۆ هۆشی ئـــاشکراکات
لـــەنـــاو کـــەون دووژمنی یەکن و هاوتای کەون

هەموو سامانی دنیا ناگات بە زەردەخەنەیەك
سامانی دنیا ئە نجامەکەی دەڕواتە کەلاوەیەك
ناگات بە بەرزی پیاڵەی بەردەم چۆم و کانیاو
کە سەرت ئاڵۆز نەبێت، کارت نیە بە شانەیەك

****

هـــەموو مـــرۆڤەکان لـــە هۆشدا جیاوازن
مـــرۆڤـــەکـــان هـــۆشیان خـــاڵین و بێنازن
لـــەهـــۆشدا دەبـــزوێن وەك مـتاف ڕووتـــتەڵە
جیـــاوازن کـتە دەگرین و خـــوراو و بێڕازن

****

سامانی دنیا چرکەیەك ژیانی پێ ناگەڕێتەوە
خرا پە دووڕووە و مرۆڤی پێ ڕاست نابێتەوە
پاکی و دڵسۆزی هونەرن دەبێ مرۆڤ بیانناسێ
خرا پە دژی چاکەیە و دەروازەی پێناکرێتەوە

****

بە شتێك دەست پێبکە ئە نجامەکەشی هەروابێ
گەر گورگ خۆی بکاتە ڕێوی ، شێر لێی ڕازی نابێ
مرۆڤ لە کۆتایی مەرگ ئامادەیە بۆ پرسیارکردن
پێچەوانەشی لێت ناترسێ، کە هۆشت بێتوانابێ

هۆش دەبێت ولاّت بەڕێوە بەرێ پێش ئایین
وەك چۆن هەژار بۆ هەژارە بەبێ لەخۆبایین
هەر مرۆڤی باش، ڕەوشت بەرزی دەناسێنێ
چاوەڕێی مانگ ناکا، گەر کۆچی بێت یان زایین
****
ژیان هەموو مرۆڤەکانی پێ تێر نان نابێ
گەر یەکسان بێت، ئەوا هەژار برسی نابێ
مرۆڤی باش زۆرە، بەلاّم کردار بێ بوونە
کە گەدەش تێر نەبێ، دەستیش وزەی نابێ
****
ڕێگای دوور بگرەو ڕوناکی بۆ خۆت بێنەوە
ناخۆشی وەلانێ و ئارەزووەکانت بگەڕێنەوە
لە هەزار خرا پەدا بەدوای چاکەیەکدا وێلبە
چاکە ئە نجامبدەو وێنەی خۆتی تێدا ببینەوە
****
تۆڵەکردنەوە گەر هێواشبێ، گەورەیە زەبری
خۆی لێ بپارێزە، لەوانەیە بێت و پێی بمری
ڕەشەبا زۆر بەهێزترە لە فووی تۆ و شەماڵ
خۆ تۆ ئاژەڵ نیت، مرۆڤی و خاوەنی هزری

ڕۆژێ دادێت، ئێمە دەبینەوە بەوەی کە دەمانەوێ
تـاڵی چەوساندنەوە هــەرگیز لەچاومان ناکەوێ
تۆڵە دەکەینەوە هەر لێرەوە تـا دەگاتە مەجوس
ڕۆژگـارێکە، کۆتـایی دنیا، لەچیاکان دەردەکەوێ
****
خـــۆری ڕوخســـارت هـــاتـــە بــەر ڕووم
وا دەرکـــــەوت بـــۆ مـــن و بـــۆ مـــەردووم
ژیـــان دایـــە قـــاقـــای پێکەنین بـــۆ تـــۆ
ئـــەو ڕۆژە دنیـــا بـــۆمـــن بوو بـــە شووم
****
زەردەی پـــاییزە و لقـــی دار تـــازیە بـــارە
زستان لـــەڕێگایـــە، یـــاری مـــن غـــەمبارە
سەوزایی دنیـــا وا مـــاویـــەتـــی تـــەمـــەنێك
لـەئێستاوە مـــن بیرم لای ژوانـــی یـــارە
****
چۆمی ئەسرین بۆ یار زەریایە لەچاوم
دێــت و ڕادەبرێ وەك شەو بێ هەتاوم
شەو چ بەلایەکە وا لێم دووردەخاتەوە
من بـــۆ دیدەنی یار هەردەم پەشۆکاوم

پیری بەرۆکی گرتی و ژیانت تەواو کۆتایی هات
دەرچووی لە ژیان و چەند نەوەش بەدواتداهات
کێ هات و وتی ئەمە با پیرە گەورەی من بوو ؟
دەروونت شاد ، من ڕۆیشتم و فریشتەی داد هات